# جەمیلە

## رۆمان



- ناوی کتێب:جەمیلە
- نووسینی: جەنگیز ئایتماتوف
- بابەت: رۆمان
- وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف
- پیتچنین: رزگار حەساری
- هەڵەچن: سەرگوڵ محەمەد ئەمین
- مونتاژ: یانەی قەڵەم
- تیراژ: (٥٠٠) دانە
- چاپ: یەکەم (٢٠١١)
- چاپخانە:  یاد، بازاڕی سۆز-نهۆمی سێیەم
- نرخ: (٢٠٠٠) دینار
- لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی (؟؟؟)ی ساڵی ٢٠١١ پێ دراوە.

جەنگیز ئایتماتوف

# جەمیلە

جوانترین چیرۆکی دڵداری جیهان

وەرگێڕانی: حەمە کەریم عارف

٢٠١١/٩/٨

سلێمانی ٢٠١١



لە چاپکراوەکانی پڕۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم

زنجیرەی ژمارە (؟؟؟)

سەرپەرشتیاری پڕۆژە: جەبار سابیر

جێگری سەرپەرشتیار: ئارام سدیق

ناونیشان: یانەی قەڵەم، سلێمانی، سابونکەران، بینای هەورامان نهۆمی

پێشکەشە بەم ئازیزانەم:

❊- سەرگوڵ

❊- گۆڤەند

❊-زنار

## پێشەکییەکی کورت

حەمە کەریم عارف

((١))

جەنگیز ئایتماتۆف (١٩٢٨- ٢٠٠٨) یەکێکە لە نووسەرە هەرە ناودارەکانی سەدەی بیستەمی یەکێتیی سۆڤیەتو جیهان. خاوەنی کۆمەڵێك ناسکە بەرهەمی چیرۆکڤانیە کە تا ئێستا بۆ پتر لە سەدو شەستو پێنج زمانی زندووی جیهان پاچقە کراون. نزیکەی نەوەت ملیۆن نووسخە لە بەرهەمەکانی چاپکراونو فرۆشراون، کە هەندێك لەو بەرهەمانە ئەمانەن: (جەمیلە، یەکەم مامۆستا، بە دوعا گولساری , رۆژێك بە درێژی سەدەیەك، خەونەکانی دێڵە گورگێك، باڵندەی کۆچەری، رێگای دروێنە، هەرەسی



چیایان، کەشتیە سپیەکە، بووکی نەمر، سەگەبازەی کەنار دەریاکە، بیرەوەری منداڵە قەرغیزییەك، و پڵنگی ناو بەفران....)

جەمیلە لە هەوەڵێن بەرهەمەکانی ئایتماتۆفە، یادگاری سەردەمی گەنجایەتیەتیو کە لە ساڵی **١٩٥٨**دا چاپو بڵاوبووەوە، بۆ چەندین زمان پاچڤەکرا... لویس ئاراگۆن، شاعیرو گەورە نووسەری فەرەنسی، کە دەگەڵ (ئانا دیمتروفنا)دا بە شەریکی رۆمانی جەمیلەی پاچڤەی فەرەنسی کرد ناوی **"جوانترین چیرۆکی دڵداری دنیا"**ی لێنا. لەگەڵ چاپو بڵاوبوونەوەی پاچڤە فەرەنسیەکەی رۆمانی ناڤبریدا، ناوو شۆڕەتی ئایتماتۆف لە سەرانسەری جیهاندا کەوتە سەر زارانو بڵاوبووەوەو لە هەمان ساڵدا بۆ خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیات کاندید کرا.

ئایتماتۆف کە هەردوو زمانی قەرغیزی و روسی زۆر بە چاکی زانیوەو بە سواریو رەوانی بەرهەمی پێ نووسیون، لە ساڵی **١٩٦٣**دا خەڵاتی لینینی وەرگرت،و سێ جاران خەڵاتی ئەدەبی دەوڵەتی سۆڤیەتی وەرگرتووە.

بە هەرحاڵ با بێینەوە سەر جەمیلەکەی خۆمان، جەمیلە، چیرۆكو حیکایەتی ڤیانو دڵداری ئەرستۆکراتو گەورە ناودارانی جیهان نیە، بەڵکو سەربهوردو چیرۆکی ڤیانو ئەشقی سادەترینو هەژارترین خەڵکانی سەر رووی زەوییە. جەمیلە کیژە گوندییەکە، کە لە سەردەمی دووەم شەڕی جیهاندا بە عارەبانەیەك بارە گەنمی لە گوندەوە بۆ وێستگەی قیتار گواستووەتەوە تا وەکو گوندییانی دیکە بەشداری لە ئامادەکردنی ئازووقە بۆ سەربازانی بەرەی شەڕ بکات. دڵدارەکەشی لە هەمان سنفو توێژی چینایەتی خۆی بووە، لە

دارای دنیادا جگە لە جلەشڕێکی سوپایی‌و جووتێك چەکمەی دڕاوی کون کون عەشتەبای خوای نەبوووە.

نووسەر، بە سادەیی، جوانی‌و ناسکییەکی سەیر ئەم چیرۆکە دەگێڕێتەوەو لە ڕێگەی تەکنیکێکی بەرزو مودرینەوە هاوسۆزی‌و هاودڵی خوێنەر بەلای جەمیلەو ئەشق‌و ڤیانە قەدەغەکەیدا دەبزوێنێ. و دووپاتی دەکاتەوە کە ئەشق‌و ڤیان هەوێنی ژیانەو، تا ژیان هەبێ هەر دەژی‌و دەمێنێ.

((٢))

جەنگیز ئایتماتۆف، لە١٩٢٨/١٢/١٢دا لە گوندی چقر، لە باکوری قەرغیزستان کە ئەوسا بەشێك بوو لە خاکی یەکێتیی سۆڤیەت. هاتووتە دنیا. لە گوندی ناڤیری چووەتە بەر خوێندنی سەرەتایی، لە بشکێك درێژەی بە خوێندنی ناوەندی‌و ئامادەیی داوە. لە ساڵی ١٩٥٦دا کۆلیژی ئەدەبیاتی ماکسیم گۆرکی لە مۆسکۆ تەواو کردووە، دوای ئەوە خۆی بۆ ئەدەبیات تەرخان کردووەو لە ساڵی ١٩٥٨دا جەمیلەکەی لەمەڕ خۆمانی نووسیوە.

ئایتماتۆف هێشتا بستە منداڵێکی دە ساڵان بوو کە بە ناهەق تاڵاوی بێ بابیان پێ نۆشت. بابی کۆمۆنیستێکی دوو ئاتەشەی تەواو عەیار بوو، دوای ئەوەی بە خێرایی پلە حیزبییەکانی بڕی‌و پۆستی حیزبایەتی بەرزی وەرگرت، بە هەمان خێرایی گلۆڵەی کەوتە لێژی‌و بوو بە یەکێك لە قوربانییەکانی سیاسەتی تیرۆریستی ستالینی و لە تەمەنی گەنجێتیدا، لە ساڵی ١٩٣٨دا، لەگەڵ ژمارەیەکی دیدا دەستگیر کراو، وەکو مامۆستایەکی بێ تاوان، بە تۆمەتی بێ بنچو بناوانی دژایەتی کردنی گەلو شۆڕش تیرباران کرا. ئیدی



ئایتماتۆفی دە ساڵان دەگەڵ دایکیدا لە مۆسکۆوە بۆ قەرغیزستان گەڕایەوەو وەکو کوڕە خیانەتکارێك تەمەشا دەکرا. بەڵام ئایتماتۆف کۆڵی نەدا، کەوتە خەبتین لە پێناوی وەدەست هێنانەوەی مافی خۆی‌و ماڵباتەکەی. لە گەرمەی دووەم شەڕی جیهاندا. بوو بە سکرتێری حیزب لە گوندەکەی خۆیاندا. چونکە لە نێو پیرە پیاوانی گوندا-گەنجەکانیان لە بەرەی شەڕ بوون- هەر ئەو خوێنەوار بوو، ئەرکی گەیاندنی هەواڵی سەربازە کوژراوەکانی، بە ژن‌و خێزانەکانیان، پێ سپێردرا.

جەنگیز ئایتماتۆف، یەکێکە لەو نووسەرە دەگمەنانەی کە بایەخێکی زۆری بەلایەنی روحی‌و دەروونی‌و میتافیزیکی خەڵکی دێهاتی‌و نەخوێنەواری بێنەواو ساویلکە داوە...و لایەنی دێهاتیانەی بە تەکنیکێکی بەرز لە ڕۆمانەکانیدا بەرجەستە کردووەو زۆر تیایدا قاڵ بووەتەوە، چونکە نەك هەر دژواری‌و سەختی ژیانی گوندیاتی‌و چیاو چۆڵی جەرباندووە، بەڵکو تاڵاوی سیاسەتی پڕ زەبرو زەنگو تیرۆریستی سەردەمی ستالینیشی چەشتووە.و بە هەموو بوونیەوە ملی بە ژیانەوە ناوەو ئاوێتەی ژیان بووە، لە ژیانیا زۆر کاری کردووە لەوانە:

باجگری، جووتیاری لە کۆڵخوزان‌و مەزرا هەرەوەزییەکاندا، شوانی، پۆستەچیاتی، ئیدی بەدەم ژیانەوە گەلی قەرغیزی بە تەواوەتی ناسیوە، لە بارودۆخی ژیانی جووتیارو شوان‌و گاوان‌و راوچیان‌و رەش‌و رووت‌و چەوساوانی قەرغیزی شارەزا بووە،و ئەم پانۆرامایە بە هەموو لایەنەکانییەوە لە گشت ڕۆمانەکانیدا ڕەنگی داوەتەوەو بە شێوەیەکی هونەریانەی بەرزی ئەوتۆ بەرجەستە کراوە، کە ژیان لەو ڕۆمانانەوە هەڵدەقوڵێ.و بۆیە بەرهەمەکانی

بریتیین لە گەڕانێکی بێوچان بە دووی بەهاێن ئەخلاقی کۆکترو مرۆڤانی تردا، ئەو پرسیارە جەوهەریانە دەخەنە روو کە پرسیاری هاوبەشی تێکڕای تیرەی بەشەرن.

((٣))

جەنگیز ئایتماتۆف، لە ساڵی ١٩٨٥دا, لە سەردەمی پرۆسترویکادا خەوی داوەتە سیاسەتو یەکێك بووە لە نزیکانو شیرەتکارانی گۆرباچۆف. دوای هەرەسی یەکێتیی سۆڤیەت، بۆ ماوەیەك بوو بە سەفیری روسیا لە برۆکسل. پاشان بوو بە سەفیری روسیا لە یونسکۆ، لە ساڵی (١٩٩٦- ٢٠٠٠)ش ئەندامی ئەنجوومەن بووە.

***

جا ئەم نووسەرە مەزنە کە لە دوا رۆژانی ژیانیدا بە مەبەستی گەشتێکی ئەدەبیو گرتنی زنجیرە کۆڕێك دەربارەی رۆمانی (رۆژێ بە درێژی سەدەیەك)و چەند رۆمانێکی دیکەی خۆی، سەفەری ئەڵمانیای کردبوو، لە چەند شارێکدا کۆڕی گێرا بوو، لەوێندەر، لە ساڵی ٢٠٠٨دا، لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا کۆچی دوایی کردو بەمەش ئەستێرەی ژیانی بەناوبانگترین نووسەری ئاسیای ناڤین ئاوا بوو، و خەسارەتێکی گەورە لە سەرانسەری ئەدەبیاتی جیهان کەوت.. جەنازەکەیان بۆ قەرغیزستان بردەوەو لە گۆڕستانی (ئانابیت)ی چل کیلۆمەتری بشکیك دا، لەلای باوکییەوەو سەدو سیو هەشت قوربانی



دیکەی سەردەمی زەبرو زەنگی ستالینیەتدا، کە ڕەدی ئیحتوبار بۆ هەموویان کرابووەوە، بە خاکیان سپاردو سەرکۆماری قەرغیزستان بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەوەوە، رۆژێکی لە سەرانسەری وڵاتدا کرد بە پرسەی نەتەوەیی.

جەنگیز ئایتماتۆف، لە دوا ساڵانی تەمەنیشیدا بەهرەو بلیمەتی هونەرییو نوێئاوەری خۆی لە دەست نەدابوو، ئەمە بە روونی لە دوا رۆمانیدا (پڵنگی ناو بەفران) ڕەنگی داوەتەوە... بە هەر حاڵ ئایتماتۆف بە درێژایی تەمەنی هەر لە خەمی چارەنووسی مرۆڤدا بووەو بیری لە مرۆڤو ئازادیو ئاینەدەی مرۆڤ کردووەتەوە.

***__تێبینی:__***

بۆ نووسینو ئامادەکردنی ئەم پێشەکییە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە.


*- وداعا یا غولساری! جنگیز ایتماتوف/ ترجمە، جلیل کمال الدین/ نشر وتوزیع المکتبە العالمیە.

*- روزی بە درازای یك/ چنگیز ایتماتوف/ ترجمە: دکتور محمد مجلسی/ نشر دنیای نو ١٣٨٧.

*- مجلە العربی/ العدد ٦٢٩، نیسان ٢٠١١، صص: ٨٢- ٨٥.

*- جمیلە/ جنگیز ایتماتوف/ ترجمە دکتر محمد مجلسی/ نشر دنیای نوی/ تهران – ١٣٨٢.

***سەرنجێکی پێویست:***

خوێنەری بەرکەتی، سەرچاوەی سەرەکی ئەم دەقە کوردییەی کە لە خزمەتی ئێوەی هێژدایە، فارسییە، بەڵام لە پاڵ فارسییەکەدا بەڕادەیەك سوودم لە دەقێکی عەرەبیش وەرگرتووە کە هەندێجار دەستەواژەو ڕستەو پەرەگرافم ڕاستەوخۆ لێوەی پاچڤە کردووە. جا ئەگەر ئەمە بووبێتە هۆی ئەوەی هەندێ دەستەواژەو ڕستەو پەرەگرافی دەقە کورییەکە، لە ڕواڵەت و شێوەدا بە تەواوەتی دەگەڵ دەقە فارسییەکەدا تێك نەکەنەوە، ئەوا بە دڵنیاییەوە لە نێوەڕۆکدا هەر یەکن،و دەقە کوردییەکەش بەبێ ترس رووی مەجلیسی دەقانی هەیە.

ح. ع.

وا جارێکی دی خۆم لە بەردەم ئەم تابلۆ بچووکە، لە ناو چوار چێوە سادەکەیدا، دەبینمەوە. قەرارە چەند ڕۆژێکی دی بۆ گوندەکەی زاگەی خۆم بڕۆم، تەمەشای ئەم تابلۆیە، یادگارەکانی رابردووم وەبیردێنێتەوە، کە بە وردی سەرنجی دەدەم لە تۆ وایە پێم دەڵێت: سەفەرێکی خۆش.
لە مێژە ئەم تابلۆیەم کێشاوە، جا بە درێژایی ئەو ساڵانە، هەرگیز، لە هیچ پێشانگاو گەلەرییەکدا نمایشم نەکردووە، هەرچەندە تابلۆیەکی خراپو شەرماوەر نییە، بەڵام کە کەس و کارو خزمانم لە گوندەوە دێنە دیدەنیم، لە سووچێکدا دەیشارمەوە. ڕاستە بەرهەمێکی هونەریی نموونەییو بایەخدار نییە، بەڵام سادەو جوانە، سادەییو جوانی گوندم لە زەیندا زندوو دەکاتەوە. رەنگدانەوەی سادەییو جوانی گوندە.

لەم تابلۆیەدا، لە قوڵایی ئەم تابلۆیەدا پاییزە ئاسمانێکی خەمناك دەبینم. هەوری گەواڵ گەواڵ بە دەم باوە بەرەو کۆجاڕانی دوورە دەست دەڕۆن، لە ژێر ئەم ئاسمانە هەوراوییەدا، رەنگی کەسكو زەردو قرمز ئاوێتەی یەکتر بوونو



دەشتێکی پانو بەرین لە باوەشی وەرزی خەزاندا بەرجەستە دەکەن، جادەیەکی باریك، کە هێشتا تەڕی دوا بارانەو بە تەواوەتی وشك نەبووەتەوە، بە ناوەندی ئەم دەشتەدا دەڕوات، چڵو لقی شکاو و وشکی دارو دەوەنان لە هەردوو ڕەخیا کەڵەکە بوون. تا چاو بڕدەکات جێ پێچکەی گالیسکەیەك بەسەر جادە تەڕەکەوە دیارە. لە کۆتایی ئەم جادەیەدا دوو رێبوار، ژنێكو پیاوێك، بە هەشتاو بەرەو ئاسۆ هەنگاو دەنەن،و شوێن پێیە بتەوەکانیان لە دوای خۆیانەوە، لەسەر ئەم جادە باریکەدا نەخش بووە، یەکێك لەو دووانە...
جا با جارێ ئەو جووتە رێبوارە لەسەر ئەو جادە باریکە بەجێ بێڵین، تا چیرۆكو سەربهوردی پڕ سۆزو گودازی ئەو ژنو پیاوە، بەپەلەو هەڵاتووانەتان بۆ بگێڕمەوە.
... ساڵ ساڵی سێیەمی جەنگی جیهانی دووەم بوو. لەو عەیامو رۆژگارەدا، پیاوانی گەنجی گوندەکەمان، لە شەڕگەو بەرەکانی شەڕدا، لەو دیوی کورسكو ئورال دا، شەڕی دژمنیان دەکرد. منو هاوساڵانی من، کە نۆ لاو بووینو لە تەمەنی پازدە ساڵیدا بووین، لە کۆلخۆزەکاندا، کاری قورسی کشتووکاڵیمان دەکرد. لە وەرزی دروێنەدا کارەکەمان سەختتر دەبوو، شەوو رۆژمان، بەدەم دروێنەو شەنەباو گواستنەوەی دانەوێڵەو بەروبوومان بۆ وێستگەی قیتار بەسەر دەبرد، جاری وا هەبوو بە هەفتە دەرفەتی ئەوەمان نەدەبوو بۆ تاقە سەعاتێك دەست لە کار هەڵگرینو سەرێکی ماڵی خۆمان بدەین.
لە رۆژێکی زۆر گەرمی ئەو رۆژگارە سەختەدا ،کە دەمی داسەکان سوور بوو بوونەوە و دەستیان دەسووتاند، پاش ئەوەی باری گالیسکەیەك دانەوێڵەم

گەیاندە وێستگەی قیتار، لە گەڕانەوەدا کەوتمە بیری ئەوەی کە بۆ سەعاتێك لا بدەمو بچمە ماڵەوە تا بزانم لەوێندەر چ باسە.

ماڵەکەمان، کە لە خشتو گڵ دروست کرابوو، نزیکی چەمێك،و لە بناری گردێکدا کەوتبووە کۆتایی کۆڵانێکەوە. دوو برام کە لە من گەورەتر بوون بۆ شەڕگە چووبوونو دەمێك بوو هەواڵمان نەدەزانین.

باوکم کە پیاوێکی پیر بوو، دارتاش بوو، بەیانی زوو ڕادەبوو، نوێژی دەکردو دەچوو بۆ وەرشەی دارتاشیەکەیو ئێوارەیەکی درەنگ کە دنیا تاریك دەبوو ئەوسا بۆ ماڵ دەگەڕایەوە. دایکمو خوشکە چکۆڵەکەم لە ماڵەوە دەمانەوەو ئەرکی ماڵ لە ئەستۆی ئەواندا بوو.

ماڵێکی بچووکترمان بە تەنیشتەوە بوو کە خزمەکانمانی تیا دەژیان، زۆر جار گوێم لەم حیکایەتە بوو بوو کە بابو باپیرانی ئێمەو دانیشتووانی ئەو خانووە بچووکە، براو هاوڕەگەزو نەژادی یەکتر بوون،و جا ڕاستت گەرەکە ئێستاش ئێمەو ئەوان هەریەك ماڵبات و خانەوادە بووین،و ئەو پەیوەندییەمان پاراستبوو. ئەم یەکماڵیو خزمایەتیە، یادگارو پاشماوەی ڕۆژگارێك بوو کە باپیرانمان هێشتا کۆچەر بوونو بەدەم بەخێوکردنی مەڕو ماڵاتو پەزەوە، بەدەم تاقیبکردنی لەوەڕگەو سەرچاوەی ئاوەوە، لەم ناوچەیەوە بۆ ئەو ناوچەیە دەچوونو گەرمیانو کوێستانیان دەکرد، پاش ئەوەی ڕۆژگاری کۆچەراتی بەسەر چوون و باوانی ئێمە لە گوندا ئاکنجیو تەختەقاپوو بوون، لە نزیکی یەکەوە خانوویان دروستکردو جا نەك هەر ئێمەو ئەوان، بەڵکو هەموو دانیشتووانی ئەو دۆڵو دەڤەرەی نێوان ئەو دوو ڕوبارە لەیەك تیرەو تایفە بووین.



بە ماوەیەکی کەم دوای کۆتایی هاتنی ڕۆژگارو سەردەمی کۆچەراتیو جێبەجێکردنی سیستەمی کۆلخۆزات (کۆمەڵەی هەرەوەزی کشتوکاڵ)و ئاکنجی بوون لە گوندو دەستبەکار بوون لە مەزرا هاوبەشەکاندا، پیاوەکەی دراوسێمان، کە دەگەڵ هاوسەرەکەیو دوو کوڕە بچووکەکەیدا لە خانووە بچووکەکەدا دەژیا، کۆچی دوایی کرد، ژنو منداڵەکانی بەبێ سەرپەرشت مانەوە. جا لە نێو ئێمەدا لە کۆنی کۆنەوە ئەم دابو نەریتە مابووەوە کە ژن نابێت لە دوای مەرگی مێردەکەی بە تەنیاو بەبێوەژنی بمێنێتەوەو دەبێ شوو بە شووبرایەکی یان نزیکترین خزمی مێردەکەی پێشووی بکاتەوە، چونکە بابی من نزیکترین خزمو بنەچەی ئەو ماڵباتە بوو، ژنەی دراوسێیان لەو مارەکرد.

بەم شێوەیە دانیشتووانی هەردوو ماڵەکە زیاتر لێك نزیك بوونەوە، لەوە بە دواوە هەرچەندە لە دوو خانوودا دەژیاین، بەڵام یەك خێزانو ماڵبات بووین.

هەردوو کوڕەکەی ژنەی گۆڕین، یان زڕ برایەکانی من، کە لە سەروبەندی جەنگدا، لە تافی خۆرتانیو لاوەتیدا بوون، بۆ بەرەی شەڕ چوون، کوڕە گەورەکەیان کە ناوی سادق بوو، بەر لە هەڵگیرسانی شەڕ، کیژێکی جوانی خواستبوو بە نێوی جەمیلە، ئیدی کە سادق ڕۆیی بوو، بۆ شەڕگە، جەمیلەو خەسووی بە تەنێ لەو ماڵەدا مابوونەوە. لە ماوەی ئەو ساڵانەدا جار نا جارێ نامەیەکی سادق لە شەڕگە دوورەکانەوە دەگەییو جگە لەمە هیچ هەواڵێکیمان نەدەزانی. بەڵام سەختیو دژواری ڕۆژگاری شەڕ ئێمەی لە باوەژنمو جەمیلە نزیکتر کردبووەوەو لە جاران پتر بوو بووین بە پشتو پەناو خەمخۆری یەکتر.

باوەژنم کە لە دایکی خۆم بچووکتر بوو، و من پێم دەگوت دایە چکۆڵ، ژنێکی باش‌و خۆشئاکارو دڵپاك‌و زەحمەتکێش بوو، ئەم ژنە پێ بەپێی ژنانی گەنج لە کۆڵخۆزاندا کاری دەکردو بێڵکاری‌و خاکەنازکاری دەکرد، عاردی دەکێڵاو دێراوی لێدەداو ئاودێری دەکرد. خۆی‌و بەختی جەمیلەی بووکیشی شانبەشانی ئەو کاری دەکردو لە کاری سەخت‌و قورس نەدەپرینگایەوە، باوەژنەکەم قەدری ئەم بووکە باش‌و زەحمەتکێشەی دەزانی‌و بوونی ئەوی دەگەڵ خۆیدا، بە یومن‌و ودمی خێر دەزانی.

من‌و جەمیلە یەکترمان زۆر خۆشدەویست‌و لەم رۆژگارە سەختەدا بوو بووین بە دۆستی باشی یەکتر. بەڵام من هەرچەندە حەزم دەکرد بە ناوی خۆیەوە بانگی بکەم‌و پێی بڵێم جەمیلە، زاتم نەدەکردو ناچار بە (جینە) کە بە مانای براژن دێت، ئەویش بە منی دەگوت (کی چینە بالا) کە بە مانای "بچکۆڵ" دێت،و هەرچەندە من تەنیا دوو — سێ ساڵ لەو بچووکتر بووم، بەڵام لە نێو ئێمەدا وا باو بوو کە بووك، شووبرای بچووکی خۆی بە (کی چینە بالا) بانگ دەکرد.

باوەژنەکەم و بووکەکەی لە کۆڵخۆزدا (مەزرای هەرەوەزی) کاریان دەکردو دایکم نەدەچووە مەزرایان، بەڵام ئەرکی کاروباری هەردوو ماڵەکە بە سەر شانی ئەوەوە بوو. خوشکەکەم کە کیژێکی شادو شەنگوڵ‌و زیت‌و چەلەنگ‌و بەکار بوو، لە کارەکاندا کۆمەکی دەکرد، و هەموو رۆژێ بەرخ‌و پەزی هەردوو ماڵەکەشی دەبرد بۆ لەوەڕ.

خوشکەکەم بەو کەزیە بادراوو کەپووە چکۆڵە فسەیەوە، زۆر دەچووە دڵەوە، یەجگار مەحبوب‌و لەبەر دڵان بوو، هەمیشە پێدەکەنی‌و هاودەم‌و



خەمڕەوێنێکی باشی دایکم بوو، کە دوو کوڕی چوو بوونە بەرەی شەڕو هیچ هەواڵێکیان نەبوو.

دایکم کە لە سەردەمی کۆچەراتیدا شووی بە بابم کردبوو، هەر لە سەرەتاوە بە زیرەکی‌و هوشیاری‌و دڵپاکی خۆی سەرنجی تیرەکەمانی ڕاکێشا بوو، بە تێپەڕبوونی ساڵان کەسایەتیەکی ئەوتۆی پەیدا کردبوو کە نەك هەر لە ناو ماڵباتەکەی خۆماندا، بەڵکو لە سەرانسەری گوندەکەدا، هەموو کەسێك بە گوێیان دەکردو هەرکاتێ گرفت‌و کێشەیەك بۆ خەڵکی گوندەکەمان دەهاتە پێشەوە، دەهاتن بۆ لای ئەو وراوێژو تەگبیریان بەو دەکرد، وێڕای ئەوەی کە بابم پیاوێکی بە تەمەن‌و دنیادیدە بوو،و کارگەیەکی دارتاشی گەورەی هەبوو. خەڵکی گوندەکەمان پێیان وابوو کە بابم تەنیا سەر لە کاری هەڕەو تەشوێ دەردەکات، بە پێچەوانەوە زۆریان باوەڕو متمانە بە هۆشمەندی‌و کارزانی‌و لێزانی دایکم هەبوو، و بۆ چارەسەری گیروگرفتەکانیان دەهاتنە لای دایکم‌و حوکم‌و قەزاوەتی ئەویان قەبووڵ بوو. ئەوەی ڕاستی بێ دایکم کوێخای بێ مووچەو بەراتی گوندەکەمان بوو.

منیش هەرچەندە تەمەنم پازدە ساڵان بوو، بەڵام زۆر جار خۆم لە کاروباری ماڵ هەڵدەقورتاندو ئەگەر کێشەو مەسەلەیەك بۆ خێزانەکەمان هاتبا پێشێ، خۆم لێدەکرد بە خاوەن‌و هەوڵمدەدا لیاقەت‌و توانای خۆم بنوێنم. خزمان‌و کەس‌و کار چ بە شۆخی‌و چ بە جدی پێیان دەگوتم: "گەورەو خودانی ماڵ"، ئەمەشیان لەبەر ئەوە پێدەگوتم کە هەردوو براکەم چووبوونە بەرەی شەڕو بابیشم زۆربەی کات لە گارگەکەی خۆیدا بوو، و خۆی لەمجۆرە کارانە نەدەکرد بە ساحێب، هەڵبەتە من خۆیشم پێم ناخۆش نەبوو کە کەسوکارو خزمان

به"گەورەو خودانی ماڵ"م بانگ بکەن، دایکم بەزیرەکیو هۆشمەندی تایبەتی خۆی لە هەستی من دەگەییو هانی دەدام کە لەم جۆرە مەسەلانەدا خەمساردو بێ لایەن نەبم،و بە پێچەوانەی بابمەوە کە رۆژ تا ئێوارێ لە کارگەکەیدا دەمایەوەو سەرو سەختی تەنیا دەگەڵ هەرەو تەشوێدا بوو، دایکم دەیویست بە جۆرێ پەروەردەم بکات کە لە هەموو کاروبارەکاندا ئامادەگیم هەبێو خودان رەئیو کاریگەر بم.

ئەو رۆژە کە گەییمە ماڵەوە، گالیسکەکەم لە نزیکی ماڵەوەو لە سێبەری داربییەکدا راگرت بەرەو ماڵەوە رۆییشتم. دەرگای حەوشە کرابووەوە. لە ناوەندی حەوشەکەدا (ئوروزمات)ی کوێخای گوندەکەو سەرپەرشتیاری کولْخۆزەکەم بەسەر ئەسپەکەیەوە بینی کە وەکو هەمیشە دار شەقەکانی بە تەرکی زینەکەوە هەڵواسی بوون. دایکم لە نزیکی ئەسپەکەیەوە وەستا بوو، و پێکەوە گفتوگۆیان دەکرد. چوومە پێشترەوە، گوێم لێبوو کە دایکم بە ئوروزمات دەڵێت:

-... چما تۆ هیچ ئینسافو مروەتێکت نییە؟ ئاخر چۆن دەشێت ژنێکی گەنج جەواڵی قورسی پڕ لە گەنم هەڵگرێتو لە گالیسکەی باربکاتو ئەم گالیسکە دوو ئەسپییە بەو هەموو بارەوە بگەیەنێتە وێستگەی قیتار؟... بووکی من دەرەقەتی ئەم کارە نایەت، وازی لێ بێنە. ئاخر جەمیلە حاڵی حازر بە ئەندازەی چەند پیاوێك کاردەکات. من خۆمیش خەریکم لە ژێر باری قورسی کاردا لەپێ دەکەومو دەمرم. هەموو کاروبارێکی ئەم دووماڵە لەسەر شانی منە. بە هەزار زەحمەت پشتم راست دەبێتەوە. ئەگەر کیژەکەم نەبوایەو یارمەتی نەدابام، مەگەر هەر خوا زانیبای رۆژم بە چ رۆژێك دەگەیی، ئەوە



چەند رۆژە فریا نەکەوتووین مەزرای گەنمە شامیەکەمان ئاو بدەین، خەریکە وشك دەکەن.

دایکم کە جەمیلەی بووکی باوەژنی, بە بووکی خۆی دەزانی، بە توڕەیی قسەی دەکردو بەدەم قسەوە لچکی سەرپۆشەکەی دەخستە نێو یەخەی کراسەکەیەوە، کە هەرکاتێ ناڕەحەتو نیگەران دەبوو، ئەم کارەی دەکرد، ئوروزمات کە هەر بەسەر ئەسپەکەیەوە بوو بە نائومێدییەوە گوتی:

- باشە ئەگەر بووکەکەی تۆ یارمەتیمان نەدات، ئێمە چی بکەین، تەگبیرمان چییە؟

- نازانم.

- من بەخۆم لاقم نییەو دەبێ بە دار شەق برۆم. بەم لاقە دارینانەوە جەواڵە گەنم پێ بار ناکرێت. ئەگەر لاقەکانم ساغ بوایەن بەخۆم ئەم کارەم دەکردو نەدەهاتم لە تۆ بپارێمەوەو داوات لێبکەم کە بە بووکەکەت بڵێی بێت جەواڵە گەنمان دەگەڵدا باربکات. منیش دەزانم کە بارکردنی جەواڵە گەنمو گوێزانەوەی بۆ وێستگەی قیتار، کاری ژنان نییە، بەڵام چی بکەم؟ پیاو لە کوێ بێنم؟ سەربازەکانمان لەبەرەی شەڕدا گیانیان خستووەتە سەر لەپی دەستو دەجەنگن. دەبێ نانیان بۆ بنێرینو تێریان بکەین. ئاخر ئێستا پێم بڵێ چ بکەم؟.

من قامچیەکەم بە دووی خۆما رادەکێشاو لێیان نزیك دەبوومەوە، وەختێ سەرپەرشتیاری کۆلخۆز چاوی بەمن کەوت کە بە دیاریانەوە وەستاومو گوێ لە قسەکانیان دەگرم. لە خۆشیا گەشایەوەو بە ئاماژەی دەست منی نیشانی دایکم داو گوتی:

- هیچ خەمو ترسێکی بووکەکەت نەبێ، کە سەعیدی کوڕتی دەگەڵدا بێ، کەس زاتی ئەوە ناکات قسەی بەرزو نزمی لەگەڵدا بکات. ئیدی دڵنیابە. سەعید کوڕە نە گاڵتە، ئافەرین بۆ سەعید، خۆشەویستی ئێمەیە... ئەگەر ئەم نەوجەوانانە نەبوونایە، کاری گوند بەڕێوە نەدەچوو. ئێمەی ئاسێودیدە هیچ کارێکمان پێنەدەکرا. ئێمە لە هەموو شتێکدا هەر قەرزارباری سەعیدو هاوساڵانی ئەوین.

دایکم کە تازە بە هاتنی منی زانی بوو، هاتە پێشەوەو گوتی:

- سەعید!... ئەمە تۆی!... ئەدی سەرو قژت بۆچی وا شێواوە، هەر لە منداڵی وێڵو ئاوارە دەچی؟ قژت بۆ ئەوەندە هاتووە؟... باوکت کە کەس نازانێ خەریکی چیە! بە خۆیشی نازانێ چیدەکات! ناپەرژێ سەریشت چاك بکات! ئوروزمات ئەم دەرفەتەی قۆستەوەو بەدەمو زمانێکی دڵسۆزانە گوتی:

- دایە گەورە!... وا باشە ئەمڕۆ سەعید لە ماڵەوە بمێنێو بەسەرو وەزعی خۆی ڕابگات... بەڵێ سەعید!... ئەمڕۆ دەتوانی لە ماڵەوە بمێنیو یارمەتی دایکت بدەی. ئاگات لە ئەسپەکانیش بێت! سبەینێ لە بەیانییەوە گالیسکەیەکی دوو ئەسپیش دەدەمە جەمیلە. ئیدی هەردووکتان پێکەوە کاردەکەن. مەسئولیەتی ئەو بە تۆ دەسپێرم. دەبێ یارمەتی بدەیت. دایە گەورە تۆش خەیاڵت ئاسوودە بێ، من سەعید دەناسم، نایەڵێت هیچ کەسێك جەمیلە ئەزیەت بدات. ئەگەر پێویستی کرد (دانیار)شیان بەگەڵ دەخەم، خۆ دانیارت دیتووە؟ ئەو گەنجەیە کە بریندار بووەو لە شەڕگە گەڕاوەتەوە. کوڕێکی زۆر بێوەیو بێدەنگە. جەمیلەو سەعیدو دانیار گروپێکی سێ نەفەری باشیان لێدەردەچێت، بە سێ قۆڵی جەواڵە گەنمان بە گالیسکەکانیان



بۆ وێستگەی قیتار دەبەن. ئیدی هیچ خەمی بووکەکەت نەبێ... کوڕم گەرەکە توخنی بکەوێ. وانیە؟... سەعید ئەگەر تۆ قەبوڵ بکەی جەمیلە لەگەڵ گروپەکەی تۆو دانیاردا کاربکات، دایکیشت رازی دەبێت..

زۆرم کەیف بەوە هات کە سەرپەرشتیاری کۆلخۆز بەو جۆرە بایەخم پێدەداتو وەکو ئەوەی پیاوێکی تەواو بم راوێژم پێدەکات. هەر بەینی خۆمان بێ حەزیشم دەکرد دەگەڵ جەمیلەدا هاوکارو هاوگروپ بم. بۆیە بە تەوسەوە بە دایکم گوت:

- دایکە!... مەترسە!... خەمت نەبێ نایەڵم گورگ بیخوات...

هەنگێ وەکو سوارچاکێکی کارامەو بێباك سینگم دەرپەڕاندو خۆم ڕەپێش خستو شەلاخەکەم بە دەوری سەرمدا باداو، تفێکم رۆکردە سەر عاردی. دایکم کە بەخۆشحاڵیو کەمێك بە سەرسامی دەیڕوانیە من، لە پڕ ڕووی گرژ کردو برۆکانی وێکهێنانەوەو هاواری بەسەردا کردم:

- ئەمرم بەسەرا دەکەی؟ نۆبەتی ئەو قەوانەیە!... ئەی ئافەرین!... هێشتا بۆنی شیری خاوی لە زار دێتو دەیەوێ ئاغایەتیم بەسەرا بکات!... دەیسا چاوم رۆشن!.

ئوروزمات کە دەترسا دایکم بچێت بە قیناو جەمیلە ئیزن نەدات، نیگایەکی پڕ ترسی دایکمی کرد، و کەوتە مەدحو ستایشم کە چۆن لە کۆلخۆزدا وەکو پیاوان کاردەکەمو زەحمەت دەکێشم:

- دایە گەورە! تۆ سەعید بە منداڵ مەزانە! پیاوێکی تەواوە، ئاغاو گەورەی دوو خێزانە! پێویستە شانازی بە کوڕی واوە بکەیت.

وا دیاربوو قسەکانی کاری خۆیان کرد، دایکم بەرە بەرە نەرمتر بوو، دەستبەرداری خوتەو بۆڵە بوو، ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:

- سەعید هێشتا منداڵە. بەستەزمانە لە ناچاریدا جێی گەورەکانی گرتووەتەوەو شەو و ڕۆژ زەحمەت دەکێشێ، ڕەنج دەداو کاردەکات. پیاوەکانی ئێمە خوا دەزانێ لە کوێن، هیچ کەسێك نازانێ ئاخۆ ماون یان نەماون. لەوەتای پیاوەکانمان ڕۆییون ئێرە کرِوکپ, بووە بە گۆڕستان. ئیدی هیچم نەگوتو بەرەو ژێر ساباتو کەپرەکەی سووچی چەوشە ڕۆییشتم، بەدەم ڕێکردنەوە، بە غروورەوە شەلاقەکەم بەدەرو دیوارانـدا دەکێشاو تۆزیان لێ هەڵدەستا، تەنانەت هیچ ئاوڕێکم لە خۆشکەکەشم نەدایەوە کە لە گۆشەیەکی حەوشەدا دانیشتبوو، شیاکەی بۆ سوتاندن دەکرد بە تەپكو بەدەم کارەوە بازنەکانی دەزرینگانەوەو بە رووی منا پێدەکەنی. گۆزە ئاوێکم لە ژێر کەپرەکە هەڵگرتو سەروچاوی خۆم شت، چوومە ژوورەوە، کاسەیەکم پڕ لە ماست کرد، لەسەر ڕەفەی پەنجەرەکە دامناو نانم تێ گوشیو خواردم.

دایکم و ئوروزمات هێشتا هەر لە حەوشەدا بوونو بە ئارامی قسانیان دەکرد. دیاربوو لە گەنگەشەو قەرقەشە بوو بوونەوە. پێدەچوو باسی برایەکانم، کە لە بەرەی شەڕدا بوون، بکەن، چونکە دایکم جارێ بەسەری قۆڵی کراسەکەی فرمێسکی چاوەکانی دەسڕینو جارێ چاوی دەبڕییە ئاسمان. لە تۆ وایە لە نێو پەڵە هەورەکاندا بۆ کوڕەکانی دەگەڕێت، سەرەنجام ئوروزمات کە توانی بووی بە هەر شێوەیەك بووە قەناعەت بە دایکم بکات، خودا حافیزی لێکرد، و سەری ئەسپەکەی بادایەوە، قامچیەکی پێدا کێشاو ڕازیو خۆشحاڵی بەلەز لە حەوشە وەدەرکەوت.



دایکم رازی بوو بوو کە جەمیلە جەواڵە گەنم بە گالیسکە بگەیەنێتە وێستگەی قیتار, بەڵام منو دایکم لە ئەنجامو ئاقیبەتی ئەم کارە بێئاگا بووین، و پێشبینی ئەوەمان نەدەکرد چ چارەنووسێك چاوەڕوانی جەمیلەیە.

***

من دڵنیام بووم کە جەمیلە لە گواستنەوەی بارە گەنم بە گالیسکەی دوو ئەسپە بۆ وێستگەی قیتار هیچ گیروگرفتێکی نابێت. دەرەقەتی ئەو کارە دێت. چونکە بابی لە گوندی بەکایری ناو چیاییاندا مەیتەرو ئەسپەوان بوو، و جەمیلە لە منداڵییەوە سەروکاری دەگەڵ ئەسپدا پەیدا کردبوو، و سوار چاکێکی بێ هاوتا بوو، لە چەندین کەسم بیستبوو کە لە یەکێك لە پێشبڕکێیەکانی ئەسپ دەوانیدا، لە بەهاری هەموو ساڵێك لە دەڤەری ئێمەدا ساز دەکرا، جەمیلە توانی بووی، پێشی سادق کە کەسی لە سوارچاکی دا بە حەریفی خۆی نەدەزانی, بداتەوەو بۆڕی پێبدات،و ئیدی بە تەریقی لە مەیدانی جریدبازییەکە وەدەرکەوتبوو، ئیدی ئەم حیکایەتە راست بێ یان درۆ، بەڵام هەندێ کەس دەڵێن گوایە دوای ئەم ڕووداوە جەمیلەی ڕەدوو خستووە. هەندێکی دی دەڵێن لەوەوە ئاشنایەتیان پەیدا کردووەو بە خۆشەویستی زەماوەندیان کردووە. ئیدی من نازانم ئەم حیکایەتانە ڕاستن یان درۆ، بە هەرحاڵ هەر چۆنێ بووبێ، ئەو دووانە تەنیا چوار مانگ پێکەوە



ژیان. ئاگری شەڕ هەڵگیرساو سادق بۆ سەربازی بانگ کراو بۆ بەرەی شەڕیان نارد.

جەمیلە کە تاقانەی خانەوادەکەی خۆی بوو، هەر لە منداڵیەوە، هاوکاری بابی دەکردو ئەسپی دەگەڵ بەخێو دەکرد، شادو رووگەشو دەم بە پێکەنینو بێ پەروا بوو، قسە لە ڕوو بوو. لە کارکردنو بەکاریدا لە پیاوان دەچوو. پەیوەندی دەگەڵ ئەو کیژو ژنانەی کە لە مەزرادا کاریان دەگەڵ دەکرد، باش بوو، بەڵام ئەگەر یەکێك قسەیەکی ناخۆشو بە نێشی پێ گوتباو دەگەڵیا تێ گیرابا، دەهەری دەبوو و یەكو سەد وەڵامی دەدایەوە، و ئەگەر کار بگەییشتبایە قەرقەشەو شەڕ، وەکو کەڵەشێری جەنگی پەلاماری حەریفەکەی دەداو چنگی دەخستە سەر و گێسویو لەبنی دەردێنا.

هەندێجار ژنانی ئاشناو دراوسێ دەهاتنە کن دایکی منو سکاڵایان لە جەمیلە دەکرد:

- ئەمە چۆن بووکێکە کە هێناوتانە؟ کەس ناوێرێ پێی بڵێ سەری چاوت برۆیە. حەیاو ناموسی بەشەر دەبات. نازانێ مانای شەرم چیە، رێزو حورمەتی هیچ کەسێك ناگرێت.

دایکم گوێی لە گلەییو گازاندەکانیان دەگرتو هەنگێ بەمجۆرە بەرگری لە جەمیلە دەکرد:

- بووکەکەمان قسەی بە ناهەقو نابەجێ لە کەس قەبووڵ ناکات. پاكو بێباكو راستگۆیە. لە پاشملەی کەس ناڵێت، بوختان بۆ کەس ناکات، روو بە ڕوو قسەی خۆی دەکات. وەکو هەندێ کەسان نییە کە لە هێلکەی پیس دەچن، رواڵەتیان پاكو خاوێنە، بەڵام بۆگەنی ناخیان دنیا پڕ دەکات.

باوکم‌و باوەژنەکەشم وەکو دایکم پشتیوانی لە جەمیلە دەکرد، خۆشیان دەویست، ئەو مامەڵەو رەفتارەیان دەگەڵ نەدەکرد کە عادەتەن خەسوو و بووك دەگەڵ بووکیا دەکەن، رێگەیان نەدەدا کەس لە پاشملەی بووکەکەیان بڵێت، زۆری دەگەڵ میرەبان‌و مێریڤان بوون، هەمووو ئاواتێکیان ئەوە بوو کە جەمیلە کەسێکی لەخوا ترس‌و دڵسۆزو وەفاداری مێردەکەی بێت.

من لە هەستی ئەم دووانە تێدەگەییشتم: ئەم دوو خانەوادەیە چوار کوڕی گەنجی خۆیان بۆ شەڕگەو بەرەی جەنگ ناردبوو، جەمیلە بە رووح سووکی‌و زیتەڵی خۆی سوکنایی بە دڵیان دەبەخشی، بۆیە بابم‌و باوەژنەکەم خۆشیان دەویست‌و نازیان دەدایێ. بەڵام تێنەدەگەییشتم کە دایکم لەبەرچی ئەوەندەی خۆش دەویست‌و تەنانەت چاوپۆشی لە توندی‌و سەختگیرییەکانیشی لە هەنبەر خەڵکانی دیدا، دەکردو هەرگیز سەرزەنشتی نەدەکرد. دایکم ژنێکی بە موحیبەت، بەڵام زۆر جدی‌و سەختیگیر بوو، حەزی دەکرد کە هەموو کەسێك، تەنانەت مێردەکەشی بە گوێی ئەو بکەن‌و لە ئەمروڕای ئەودابن، پابەندی داب‌و نەریت‌و ڕێ‌و رەسمی خێڵ بوو.

لە رۆژانی هەوەڵی هەر بەهارێکدا، ئەو دەوارەی کە لە سەردەم‌و رۆژگاری کۆچەرایەتی‌و دەوارنشینییەوە بەیادگار مابووەوەو کە بابم لە گەنجیدا دروستیکردبوو، لە عەمار دەهێنایە دەرێ، لە حەوشەداو بە بەرچاوی ئێمەوە دەیکردەوەو دەیتەکاندو دووکەڵی عەرعەری پێدا دەکرد. ئێمەشی وا پەروەردە کردبوو کە حەز لە کاربکەین، کارزان‌و زەحمەتکێش بین‌و رێزو حورمەتی گەورە بگرین، پابەندی داب‌و نەریتان بین‌و گوێڕایەڵ‌و ملکەچی ئەو بین.



جەمیلە، ئاکارو رەفتاری لە ئێمە جیاواز بوو، چونکە لە بنەماڵەیەکی دیکە پەروەردە بوو بوو. لە یەکەم رۆژەوە کە بە بووکی هاتبووە ماڵێ ئێمە، نە دەچووە ژێر باری هیچکەسێك. هەڵبەتە رێزو حورمەتی خەڵکانی لە خۆی گەورەتری دەگرت، بەگوێی دەکردن، بەڵام بەدڵی خۆی دەژیا، قسەی دەم‌و دڵی یەکێك بوو، هەرچیەکی بە مێشکا بهاتبایە دەیگوت. دایکم هەرچەندە ئەتوارو ئاکاری ئەوی بەگەن نەدەکرد، بەڵام مدارای حاڵی ئەوی دەکردو زۆری لێ نەدەپێچایەوە. بەڵام پێی وابوو کە دەبێ ئەویش وەکو ئەوانی دی گوێڕایەڵ بێت،و رێگە بدات دوا قسەو بڕیار، قسەی دایکە بێ.

ڕەنگە هۆیەکی دیکەی ئەم مداراو هاودڵییەی دایکم دەگەڵ جەمیلەدا ئەوە بووبێ کە هەستی کردبوو جەمیلەش وەکو خودی ئەو کەسێکی دڵپاك‌و بە ئینسافە، هەقپەروەرو دادپەروەرە.و حەزی لێ بوو کە رۆژێ لە رۆژان جەمیلە جێی ئەو بگرێتەوەو ببێ بە کەیبانۆو فەرمانڕەوای بنەماڵەو بونیادی خانەوادەکە بپارێزێت. هەندێجار بە جەمیلەی دەگوت:

- کچەکەم، مەمنونی خوابە کە هاتوویتە ماڵێکی خانەدان‌و بە ئەسڵ‌و فەسڵ. ژن کاتێ بەختەوەر دەبێ کە منداڵی زۆرو ژیانێکی پڕ بەرەکەتی هەبێ. ئیدی ئێمە پیر بووین‌و هەمووی چەند ساڵێکی ترەو دەڕۆین. ئەوەی ئێمەی پیر پێکمانەوە ناوە بۆ تۆ بەجێ دەمێنێ، خۆ لەگەڵ خۆماندا نایبەینە گۆڕەوە، ئەم ماڵ‌و ماڵباتە بۆ تۆ دەمێنێتەوە، دەبێ بیپارێزی. ئەم ئامۆژگاری‌و نسحەتەی منت لە بیر بێ کە هەمیشە دەبێ پاك‌و پاکیزەو دڵسۆزو وەفادار بیت، قەدری خۆت بگرەو باش ئاگاداری خۆت بکە چونکە تۆ هیواو ئومێدی ئەم ماڵباتەی.

بەڵام جەمیلە جوانێکی بێ پەروا بوو. وەکو منداڵان شادمان بوو. شتێکی هەبوو، کە پەیم پێ نەدەبرد، هەردوو خەسووەکەی ئەفسوون دەکرد. وەکو منداڵان بە ئاشکرا شادمانی دەکرد. بە دەنگی بەرز پێدەکەنی، بە سەر جۆیباری گەورەدا بازی دەدا، کاتێ کە لەسەر کار دەگەڕایەوە، بەڕاکردنو هەڵبەزو دابەز خۆی بەماڵێدا دەکردو باوەشی بە هەردوو خەسووەکەیدا دەکردو لەخۆڕا دەکەتە ماچکردنیان.

جەمیلە حەزی دەکرد گۆرانی بڵێ، لە کۆڵان، لە ڕێگەو بان، یان بەدەم کارکردنەوە لەمەزراو کۆڵخۆزدا گۆرانی خۆشو دڵگیری دێهاتیانەی بە دەنگی بەرز دەگوتو شەرمی لە هیچکەسێکیش نەدەکرد. لە نێو ئێمەدا وا باو بوو کە بووکی گەنج لە ماڵە خەزوراندا هێمنو گوێڕایەڵو ئاغر بێت، بەڵام جەمیلە بزێو ونەسرەوتو پڕ سەرو سەدا بوو. بابمو باوەژنمو هەندێجار دایکم لە بێ پەروایییەکەی دڵگیرو پەست دەبوون، بەڵام بەسەر خۆیان نەدەهێناو دەیانگوت دەبێ بە حەوسەڵە بین دەگەڵیا، جەمیلە هێشتا زۆر گەنجەو بەرە بەرە چاك دەبێتو دێتە سەر ئەقڵو هۆش و سەنگو ویقار پەیدا دەکات. بەڵام من شادیو هۆشو خرۆشو بزێوییەکەی جەمیلەم بەلاوە بەگەن بوو، هیچکەسێکم لەم دنیایەدا لە جەمیلە بەلاوە باشترو عەزیزتر نەبوو. زۆر هۆگرو ڕموودەی یەکتری بوو بووین، زۆرمان کەیف بە یەکتر دەهات، قسەمان بۆ یەکدی دەکرد، بەدەم یەکترەوە پێدەکەنینو، هەندێجار یەکترمان ڕاودەنا.

جەمیلە، سەوزەڵەیەکی جوانی بەژنو باڵا شووش بوو، قژی ڕەشو درێژ بوو. هەندێجار دوو پرچی دەهۆنیەوەو بە پشتیا بەری دەدایەوە،و لەچکە بچووكو سپیەکەی زۆر بە جوانیو وەستایانە دێنایە سەر هەنیەی و لە ژێر چەناگەیدا گرێی دەدا، ئەمە هێندەی دی جوانی دەکردو جوانی دەموچاوە ئەسمەرە ناسکەکەی بەرجەستە دەکرد. کە پێدەکەنی پرشنگێکی ڕوحنەواز لە چاوە ڕەشە شینباوە بادەمیەکانیەوە دەدرەوشایەوە. کە گۆرانی خۆشو دڵگیری دێهاتی دەگوت، شادی لە سەراپایەوە دادەچۆڕا.

زۆر جاران دیتبووم ئەو سەربازانەی کە لە بەرەی شەڕەوە بە مادوونی دەهاتنەوەو چەند ڕۆژێك لە گوندا دەمانەوە، ژێراو ژێرو بە دزییەوە چەند بەتاسەو تامەزرۆییەوە تەمەشایان دەکردو عەزرەتیان بۆ جوانیەکەی هەڵدەکێشا. جەمیلە لەم نیگایانە قەڵس نەدەبوو، حەزی لە شۆخی هەبوو، بەڵام ئەوەندە رووی بە کەس نەدەدا کە بتوانێ پێ لە بەڕەی خۆی درێژتر بکات. کەس ڕایەی ئەوەی نەبوو سنووری خۆی ببەزێنێ. کەچی وێڕای ئەمەش ئەم دزە نیگایانە زۆریان قەڵس دەکردمو ئاگری غیرەو حەسوودی لە لای من دەگەشاندەوە: غیرەو حەسوودی برایەکی بچووك سەبارەت بە پاراستنی حورمەتو ئابڕووی خوشکێکی گەورەی خۆی! "هەرکاتێ گەنجێکم دیتبا کە گەرەکیەتی سەری قسان دەگەڵ جەمیلەدا بکاتەوە دەچوومە پێشیو شتێکم دەگوت یان کارێکم دەکرد کە لێی دووربکەوێتەوە. بە نیگای تیژو ئاگراوی ئەو گەنجەم حاڵی دەکرد کە جەمیلە براژنی منەو من پشتیوانی ئەومو وەکو شێری تووڕەو دڕندە بەرگری لێدەکەم. خۆمی لەسەر بە کوشت دەدەم, شەڕە تفەنگی لەسەر دەکەم، وا نەزانن بێکەسو بێ پشتو پشتیوانە!"و کاتێ کە کوڕان لەدەوری خڕدەبوونەوەو دەستبەرداری نەدەبوون، تووڕە دەبوومو ڕەنگم سوور هەڵدەگەڕاو سەروخوارم دەکردو لە هیچ شوێنێ

تۆیتکەم نەدەگرت. کوڕەکان کە منیان بەو حاڵەوە دەبینی، خۆیان لە بەر پێکەنین نەدەگرتو بە یەکتریان دەگوت:

- تۆ تەمەشای ئەمە!... بەشیرو قەڵغانەوە بەدیار براژنەکەیەوە وەستاوە! نەمانزانی کە جەمیلە تفەنگچیو گەزمەی بۆ خۆی ڕاگرتووە! .

جەمیلە کە منی بەو حاڵەوە دەبینیو دەیزانی کە چ عەزابێك دەچێژم، لە هەمان کاتدا کە نیگای منی دەکردو بە تۆبزی جڵەوی پێکەنینەکەی خۆی دەگرت، بە شێوازێکی جدیو هەڕەشە ئامێز بەکوڕەکانی دەگوت:

- وا دەزانن من لێرە بێکەسم؟ سەعید شووبرامە، ئەگەر پیاون هەنگاوێك وەرنە پێشێ بزانن چۆن سکتان هەڵدەدڕێو سفرەتلیشتان دەکات. ئەمە جگە لەوەی خۆمیش، لە هیچتان کەمتر نیم. ئەگەر پیاون وەرنە پێشەوە تا تێتان بگەیەنم.

هەنگێ رووی دەکردە منو دەیگوت:

- وەرە با بڕۆین بچکۆڵ!.

و بە نازو غرووەوە دەستی دەگرتمو بە دووی خۆیدا بکێشی دەکردم، و بەدەم نەرمە بزەوە خەرامان خەرامان رێی دەکرد، منیش شان بە شانی ئەو بێ ئەوەی فزەم لە دەم بێتە دەرێ رێم دەکرد.

شتێك لە بزەکەیدا پەنهان بوو. لەوە دەچوو بە خۆی بڵێ: "ئەم مێرد منداڵە، ئەم شووبرا جوانکەیەی من، چەند گێلو بێ ئاوەزە. نازانێت کە ئەگەر بمەوێ بەگەڵ یەکێك لەم کوڕانە بکەوم، هیچ کەسێك ناتوانێ رێم لێبگرێت. تەنانەت ئەگەر هەموو خێزانەکەش شەوو رۆژ چوار چاو چاودێریم بکەن سوودی نابێت".



بەڵام من لەم حاڵەتانەدا بێدەنگ دەبووم، هەستم بە جۆرە تاوانبارییەك دەکرد. یەجگار بە خەمی جەمیلەوە بووم، هەستم دەکرد دەیپەرستم، شانازیم بەوەوە دەکرد کە براژنمە، شانازیم بەجوانیەکەیەوە دەکرد، شانازیم بە ئەتوارو ئاکاری دروستو ئازادییەوە دەکرد. دوو دۆستی دڵسۆزی یەکتری بووین، و کەسمان ئەمەمان لەویترمان نەدەشاردەوە.

جا چونکە زەمانی شەڕ بوو، و پیاوان هەموو چوو بوونە بەرەی شەڕ، پیاوانێکی کەم، کە ژمارەیان لە ژمارەی پەنجەی دەست تێناپەڕی، کە هەر یەکەیان لەبەر هۆیەك لە گوندی مابووەوە، وایان دەزانی، هەر ژنێك بگری بە سووکە ئاماژەیەك ڕادەستی مەیل و ئارەزووەکانی ئەوان دەبێت.

رۆژێك چووبووینە درۆینەی وێنجە، جەمیلە دوای چەند سەعاتێك لە کارو زەحمەت لە پاڵ خەرمانێك وێنجەدا بە پشتا پاڵ کەوتبوو، و پشووی دەدا. عوسمان، کە یەکێك بوو لە خزمە دوورەکانی ئێمە، کە جەمیلەی بەو حاڵەوە بینی لێی نزیك بووەوە، بەوپەڕی بێ شەرمییەوە هەندێ شتی گوت، و بە خەیاڵی خۆی دەیویست تەفرەی بداتو لە خشتەی بەرێت. یەکێك بوو لەوانەی وایدەزانی کە هیچ ئافرەتێك ناتوانێ دەست بە روویەوە بنێ. بەڵام جەمیلە بە پەلە هەستا، بەتوڕەیی هاواری بەسەردا کرد و گوتی:

- وازم لێ بێنە نێرەکەر، نێرەکەری وەکو تۆ لەمە زیاتر چیان لێ چاوەڕوان دەکرێ. تازووە هەیدێ بە لەبەر چاوم، دەنا بەم نینۆکانەم چاوت دەردێنم.

عوسمان کە چاوەڕوانی شتی وا نەبوو، کۆڵیشی نەدا، سوور بوو لەسەر ئەوەی کە ناچار بە ملدانی بکات. بە تەوسەوە لێوە ئاڵەکانی هەڵقورتاندو گوتی:

- من دەزانم حاڵت چ حاڵە!... کیژێ واز لەم نازو نوزە بێنە!... لێرە کەس نییە نازت بکێشێت. ڕێوی بە پیرتەوە هاتووە، لە کیسی خۆتی مەدە، لە من باشترت دەست ناکەوێ.

جەمیلە لێی گەڕایەوەو بە توڕەییەکی زیاترەوە گوتی:

- رووی زەمانە رەش بێ، زەمان زەمانی شەڕەو پیاو لە گوندیدا نەماوە، ئەگەر تامەزرۆش بم، ئەوە بزانە کە ئەگەر سەد دانە ساڵیش بێ مێرد بم، بێزم نایەت تفیش بکەمە چارەی نامەردانی وەکو تۆ. ئەگەر شەڕ نابوو، هیچ ژنێك ئامادە نەدەبوو خوێریو تۆڕی وەکو تۆ هەر بە بەشەریش حەوساو بکات.

عوسمان لە داخا پێکەنیو گوتی:

- ڕاست دەکەی، ئەگەر شەڕ نەبوایە تۆش ئێستا بە بێ مێرد ئاوا حاویج نەدەبوویت! ئەگەر ژنی من دەبوویت دەمزانی چۆنت تەمبێ دەکەم.

جەمیلە لێی چووە پێشەوە، دەتگوت گەرەکیەتی بەمشتو شەپەلاخ بکەوێتە سەرو گوێلاکی، یان شتێکی پێ بڵێ، بەلام کە زانی فایدەی نیە، نە هیچی کردو نە هیچی گوت، بە قێزو بێزەوە تفێکی خەستی کردە سەر عاردەکەی بەردەم ئەو، ئەوجا شەنە دارەکەی نایە سەر شانیو لەو دوور کەوتەوە.

من لە ناو گالیسکەکەدا، لەسەر وێنجەکان دانیشتبوومو ئەم دیمەنەم تەمەشا دەکرد، جەمیلە بینیمی، رووی وەرگێڕا، زانی حاڵم چ حاڵە. هەستم دەکرد کە عوسمان سووکایەتی بەمن کردووە نەك بە جەمیلە. تورە بوومو بە کەسەرەوە بەجەمیلەم گوت:



- بۆچی دەمەدەم دەگەڵ ئەو جۆرە خەڵکەدا دەکەی؟ باشتر نیە هەر جوابیان نەدەیتەوە؟

جەمیلە زۆر نیگەرانو پەست بوو، چوو بووە قاوغەکەی خۆیەوە، فزەی لە دەم دەرنەدەهات، بزەو خەندە هەمیشەییەکەی سڕا بووەوە. کاتێ گالیسکەکەم لێی نزیك کردەوە، شەنەکەی لە گیشە وێنجەکە چەقاندو هەمووی بە جارێ بەزرکردەوە، رووی خۆی لە پشت کۆمە وێنجەکەوە شاردەوە تا ڕێگەی من نەدات باسی ئەو کارە دزێوە بکەم کە دەرهەقی کرابوو، خێرا خێرا لە گیشەیەکەوە دەچووە سەر گیشەیەکی دیو لە گالیسکەکەی باردەکرد، گالیسکەکە زۆر زوو پڕ بوو. بە دەم ڕۆییشتنەوە ئاوڕم لێدەدایەوەو دەمبینی چۆن خۆی بەسەر شەنەکەیدا دەداتو لە فکران ڕادەچێو بیر لە شتێك دەکاتەوە، ئەوجا دێتەوە سەرخۆو دەگەڕێتەوە سەر کارەکەی.

کاتێ دوا گالیسکەمان پڕکرد، جەمیلە چووە سوچێکەوەو چاوی بڕییە ئاسۆ. وەك بڵێی لە هەموو شتێکی دنیا دابڕا. لەوێندەر، لەو دیوی روبارەکەوە، لە هەندێ دەڤەری دەشتی کازاخیدا، هەتاوی زەردەپەڕ وەکو تەنورێکی پڕ ئاگر وابوو کە ڕوناکییەکی سوورباوی بەسەر سەوزەزاری دەشتەکاندا دەڕشت،و هێدی هێدی لە پە راوێزو داوێنی ئاسۆ نزیك دەبووەوەو پەڵە هەورەکانی نور باران دەکرد. جەمیلە چاوی لە زەردەپەڕو ئاوا بوونی خۆر نەدەگواستەوەو نوقمی ئەم تەمەشا کردنە بوو بوو،و بزەیەکی منداڵانە لەسەر لێوە نیوەکراوەکانی نەخش بوو بوو، لە پڕ بانگی کردمو گوتی:

- بچکۆل! گوێی مەدەیە، بیر لەم بۆرە پیاوە مەکەوە. ئەمەش بوو بە بەشەر، حەیفە ئینسان بیر لەم تورەهاتانە بکاتەوە.

جەمیلە بۆ چەند ساتێك بێدەنگ بوو،دیسان نیگای بڕییە هەتاوەکە کە وەکو چرایەك هێدی هێدی کز دەبوو و بەرەو کوژانەوە دەچوو. ئاهێکی هەڵکێشاو لەسەر قسەکانی رۆیی:

- ئاخر کەسێکی بێ شعوری وەکو عوسمان لە کوێ دەزانێ کە خەڵکی چ دەردێکیان لە دڵدایە؟ لەکوێ لە خەمی خەڵکی دی دەگەن؟. هیچ پیاوێم نازانێ کە ژن چی لە دڵو لە بیر دایە.

تا من سەری ئەسپەکانم بادایەوە، جەمیلە خۆی گەیاندە نك ئەو ژنانەی دی کە لەو نزیکانەوە کاریان دەکرد، دەنگی خۆشیو شادییان لە دوورەوە دەگەییە گوێم. گالیسکەکەم بردو وێنجەکانم کردە عەمارەوەو گەڕامەوە. دنیا نیمچە تاریك بوو بوو، و جەمیلە دەگەڵ ژنەکانی دیدا بەدەم دروێنەی وێنجەوە لێکدا لێکدا خەریکی قسەو پێکەنین بوو. لە تۆ وایە تەمەشای ئاوابوونی خۆرەکە خەمی دڵو دەروونی ڕەواندبووەوە. لەوەشە کارکردن خەمەکەی لە بیر بردبووبێتەوە. من لەسەر گالیسکەکە دانیشتبوومو لەدوورەوە سەیری ئەوم دەکردو دەمبینی هەندێجار سەرپۆشە سپیەکەی لەسەر دادەکەندو بە غار دوای دەستە خوشکێکی دەکەوێو بە شادیو خۆشیەوە هاواردەکاتو داوێنی کراسە درێژەکەی لە لاقو لەتەری دەئاڵێت. منیش کە بە تەماشای جەمیلە خەمی خۆم لە بیر بردبوو، بە خۆم گوت: "عوسمان فەرامۆش بکە! وێڵی بکە! نابێ چاوەڕوانی شتی لەمە زیاتر لە خەڵکی وەکو عوسمان بکرێ".



ئەو شەوە بۆ ماوەی سەعاتێك چوومەوە بۆ ماڵێ، چاوەڕوانم کرد تا بابم بێتەوەو سەرم چاك بکات. بەدەم چاوەڕوانییەوە دەرفەتم هێناو لە گۆشەیەکدا دانیشتم تا وەڵامی نامەیەکی سادق بدەمەوە. لە نامەنووسینشدا یاساو رێسای تایبەتی خۆمان هەبوو. سادق نامەکانی بە ناوی باوکمەوە دەنووسیو یارۆی پۆستەچی نامەکەی دەدایە دەست دایکم، خوێندنەوەو وەڵامدانەوەی نامەکان لە ئەستۆی من بوو. بەڵام هەرکاتێ کە نامەی سادق دەهات، من پێش ئەوەی نامەکە بخوێنمەوە دەمزانی کە چ شتێکی نووسیوەو، تەقریبەن بە بێ خوێندنەوە لەبەرم بوو. هەموو نامەکانی لە یەکتر دەچوون، عەینی وەکو بەرخەل.

ئەم نامانە عادەتەن بە هیوای ساغو سەلامەتی بۆ هەموان دەستی پێدەکرد، پاش ئەوە سادق ئاواتی خێرو فەڕو بەرەکەتی زیاتری بۆ گوندی تالاس دەخواست کە ئێمە لەوێدا دەژیاین، لە پێشا سڵاوی لە بابی ئازیزمان دجولتچوبای... دەکردو ئەوسا دەهاتە سەر دایکمو دایکی خۆیو بە پێی ساڵ هەواڵی یەك بە یەکی ئەندامانی ماڵباتەکەی دەپرسیو سڵاوی بۆ هەموو گەورەو ردێن سپییانی ئاوایی دەنارد،و لە دوا دێڕی نامەکەیداو لە ڕستەیەکی کورتدا دەینووسی:

"سڵاو بە جەمیلەی هاوسەرم بگەیەنن."

بەڵێ لە نێو ئێمەدا ئەمە ڕەسمو رێسا بوو،و ئەدەبو ئەخلاقیش وای دەخواست کە مێرد دەبوایە لە نامەی خۆیدا دوای هەموو خزمو کەسو کارو ڕدێن سپییان، لە کۆتایی نامەکەدا ناوی هاوسەرەکەی خۆی بێنێ. هەڵبەتە هیچ پیاوێك نەیدەتوانی ئەم ڕەسمە بشکێنێو نامە بۆ هاوسەرەکەی

بنووسێت، یان لە نامەکەیدا ناوی هاوسەرەکەی پێش ناوی کەسوکاری بخات. هەموو پیاوانی گوند لە نامەکانیاندا پابەندی ئەم ڕەسمە بوونو بە موو لێیان لا نەدەدا، تەنانەت ڕێگەیان بە خۆ نەدەدا هەر بیریش لەگۆڕینی ئەم دابو نەریتە بکەنەوە. بۆیە هەموو نامەکان لە یەکدی دەچوونو هیچیان شتێکی تازەی تیا نەبوو. بەم حاڵەشەوە کە نامەیەك دەهات هەموو خەڵکی ماڵەکە خۆشحاڵ دەبوون، دایکم داوای لێدەکردم بە دەنگی بەرز نامەکەیان بۆ بخوێنمەوەو چەند جارێك بۆ ئەوو ئەوانی ترم دووبارە دەخوێندەوە، چاوانی دایکم تەژی رونـدکان دەبوونو بە دەستە قلێشاو و شەقار شەقارەکانی نامەکەی لێوەردەگرتمو وەکو ئەوەی چۆلەکەیەك بیٚو بیەوێ بفڕێت، توند لە نێو هەردوو دەستیا دەیگوشی، ئەوجا بەدەم فرمێسك رشتنەوە لە شێوەی قەزمەنووشتەدا قەدو نوشتی دەکردو بە پەڵمە گریانەوە دەیگوت:
"عەزیزەکانم! هەرچەند لە ئێمە دوورن، بەڵام جێتان لە ناو دڵماندایە، ئێوە لە نامەکانتاندا لە ئێمەو ساغو سەلامەتی ئێمە دەپرسن. ئێمە باشین، لە ماڵی خۆداین، لە گوندی دەژین. چیمان بەسەر دێ... ئێوە لە کوێن، ئێوە چۆننو چی دەکەن؟ خۆزیا هەواڵی زیاترمان دەزانین، بۆمان بنووسن، دڵنیامان بکەن کە زندوون، ئەمە بۆ ئێمە هەموو شتێکە، نامەکانی ئێوە هەرچەند درەنگ دەگەن، بەڵام لەلای ئێمە ئازیزن وەکو دوعاو نوشتەی پیرۆزو کتێبی ئاسمانی هەڵیان دەگرین، دەیانپارێزین".
ئیدی هیچی نەدەگوت، نامەکەی چەند قەدێکی تر دەکرد، لە جانتاکۆکەیەکی چەرمی دەناو جانتاکۆکەکەی لە سەندوقۆکەیەك دەنا. هەرکاتێ کە نامەی سادق دەهات بە دەنگی بەرز دەمانخوێندەوە، کە جەمیلە



بۆ ماڵ دەهاتەوە، دایکم نامەکەی بەویش دەدا تا بیخوێنێتەوە. دەمبینی نامەکەی لە دایکم وەردەگرت، گۆناکانی سوور هەڵدەگەڕانو بە تاسەوە دەستی بە خوێندنەوەی دەکرد، بەلەز چاوی بە دێڕەکاندا دەخشاند.. دەتگوت لە شتێك دەگەڕیٚو نایدۆزێتەوە، تا زیاتر لە کۆتایی نامەکە نزیك دەبووەوە، خاوتر دەبووەوەو سووریو کلّپەی گۆناکانی دادەمرکایەوە. تاسەو تامەزرۆییەکەی دەسڕایەوەو خەمگین دەبوو، وبە بێ موبالاتی نامەکەی دەدایەوە دەست دایکم وەکو ئەوەی شتێکی زۆر ئاسایی بێ.
دایکم دەکەوتە دڵدانەوەیو بەدەم قفڵدانی سەندوقەکەوە دەیگوت:
- کیژم!... بۆچی دڵت گیرا؟ بۆچی؟ لە جیاتی خۆشحاڵ ببی، خەمبار دەبی!... من دەزانم چ دەردێکت لە دڵدایە، بەڵام عەزیزەکەم، روحەکەم، خۆ هەرمێردی تۆ بۆ جەبهە نەچووە. تەمەشای هەر شوێنێ بکەی، ژنێك دەبینی کە چەندین ساڵە لە مێردەکەی دوورە، ئەمە هەر خەمی تۆ نییە، خەمی تێکڕای میللەتێکە، چار نییە دەبێ بەپشوو بی، لەگەڵ عامی دەچمە شامی. ئەگەر حەز دەکەی بگری، تا دەتوانی بگری، ژن نیە بیری مێردەکەی نەکات، تا حەزدەکەی فرمێسکان بڕێژە بەڵام لەبەر چاوی خەڵکی نا، بچۆ سوچێکەوە بۆ خۆت بگری، بەڵام لەبەردەم خەڵکیدا خۆڕاگرو ورە بەرزبە!
جەمیلە کڕ دەبوو، هیچی نەدەگوت، ماتو خەمبار دەیڕوانیە دایکم، لەتۆ وایە دەیەوێ بە نیگا خەمینەکانی، بە دایکم بڵێ: "دایە گیان! سەد حەیف و مخابن کە تۆش ئاگات لە دەردی من نییە!".
دوا نامەی سادق لە شاری ساراتوفەوە هاتبوو، و خەبەری دابوو کە لە شەڕدا بریندار بووەو حاڵی حازر لە خەستەخانەیە. نووسی بووی کە ئیتر بۆ

بەرەی شەڕی نانێرنەوە،و هەرکاتێ زامەکەی ساڕێژ ببێتەوە بۆ گوندی دەگەڕێتەوە. هەر هەموومان ڕۆژمان دەژمارد کە زووتر سادق ببینین.

❊❊❊



ئەو شەوە، ئەگەرچی قەرار بوو لە ماڵەوە بمێنم تا بابم بێتەوەو سەرم بتاشێت، بەڵام چاوەڕوانم نەکرد. لە ماڵ وەدەرکەوتمو بەرەو خەرمانگاکە بوومەوە کە زۆربەی شەوان لەوێندەر لەسەر خەرمانەکان دەنووستم. ئوروزماتی بەرپرسی کۆڵخۆزەکە نەیدەهێشت کە ئەسپەکان بەرەڵڵای نێو وێنجەجاڕەکە بکەین، بەڵام من هەندێجار، بۆ ئەوەی ئەسپەکانم تۆزێ ببوژێنەوە، لەم دەستووره لام دەداو ئەسپەکانم بەرەڵڵای شیوەڵەیەکی نەدیوی وێنجەزارەکە دەکرد. ئەو شەوەش گالیسکەکەم لە ئەسپەکان کردەوەو بەرەو ئەو شیوەڵەیەم بردن، بەڵام لە بەینی ڕێگادا چوار ئەسپم بینی کە لە وێنجەجاڕەکەدا دەلەوەڕان. زۆر پەست بووم. هەقی خۆم بوو توڕە بم، چونکە من عەرەبانەی دوو ئەسپیم پێ بوو،و ئەسپەکانم برسی دەبوون.. بڕیارم دا ئەو ئەسپانە بۆ شوێنێکی دوور دەربکەمو خاوەنەکانیان تەمێ خواردوو بکەم. لەسێو دووی ئەوەدا بووم کە دووانم لە ئەسپەکان ناسینەوە. ئەسپەکانی دانیار بوون. ناچار ئەسپەکانم بەگەڵ ئەو ئەسپانە خستو بەخۆم بۆ خەرمانگەکە گەڕامەوە. دانیارم لەوێندەر بینی کە شفتو پێچو بورغی گالیسکەکەی گریسو ڕۆن دەکردوو بووشو بورغیەکانی توند دەکردەوە. پێم گوت:

- دانیکا، ئەسپەکانت لە نێو وێنجەزارەکەدا بوون، دوو ئەسپی دیکەشی لێ بوو."

دانیار بە ئەسپایی گوتی:

- دوانیان هی منە.

- ئەدی دووەکەی دی هی کێن؟
- هی... نازانم ناوی چییە... ئا، بیرم کەوتەوە... جەمیلە، پێموایە هی ئەون. ئەم کچە چی تۆیە؟ براژنتە؟
- بەڵێ، براژنمە.
- کوێخا بە خۆی ئەو ئەسپانەی هێناو ئەمری کرد ئاگام لێیان بێ.

زۆر خۆشحاڵ بووم کە ئەو ئەسپانەم دەرنەکرد!

دنیا تاریك بوو بوو. ئەو کزەبایەی کە دەمە و خۆرئاوا لە کوێستانانەوە دەهات کپ بوو بووەوە. دنیا کپو خامۆش، سرتەو ورتە لە هیچ شوێنێکەوە نەدەهات. لە قەراغ فەرمانگاکەوە لەسەر پاخوایەك کاوکلۆش بە پشتدا ڕاکشام، دانیارش هاتو لەلای منەوە پاڵکەوتو چاوی بڕییە ئاسمان. بەڵام دوای تۆزێك ڕابوو، و بەرەو رووبارەکە رۆیی، خۆی گەیاندە سەر تەپەیەکی نزیکی ڕوبارەکە، لە پشتەوە باڵابەرزەکەیم دەبینی.ڕاوەستا بوو، دەستی خستبووە کەلەکەی،و سەری بەسەر شانی چەپیا خوار کردبووەوەو باڵابەرزەکەی لەبەر تریفەی ناسکی هەیڤەشەوەکەدا دەتگوت پەیکەرەو بەتەشوێ داتاشراوە. لەوە دەچوو گوێ لە خوڕە خۆڕی روبارەکە بگرێ کە لە باوەشی ئارامی شەوە کپەکەدا روونتر دەهاتە بەرگوێ.یان دەتگوت گوێ لە دەنگێکی پەنهانی شەو دەگرێت کە هەر خۆی دەیتوانی بیبیستێ. هەندێ شەو لە کەناری روبارەکەدا دەخەوتو تا بەیانی گوێی لە خوڕەو خرۆشی ئاوەکە دەگرت. لە دڵی خۆداو بە تەوسەوە گوتم: "وادیارە ئەم گەوجە دیسان دەیەوێ شەو لە کەناری روبارەکەدا رۆژ بکاتەوە!".



دانیار تازە هاتبووە گوندەکەی ئێمە. رۆژێك منداڵێك بە غاردان هاتو هەواڵی هێنا کە سەربازێکی نە ناسی ئاسیودیدە لە بەرەی شەڕ گەڕاوەتەوە. بەڵام کێیە،و چۆن هاتووە، هیچ مەعلووم نییە. ئەمە ڕووداوێکی گرینگ بوو! ئیدی لە گوندا وا باو بوو هەرکاتێ کە سەربازێك لە شەڕگە دەگەڕایەوە، دەبوو بەهەراو قەوغایەك ئەوسەری دیار نەبێ، هەموو خەڵکی پیرو منداڵ دەستیان لە کار هەڵدەگرتو بە غاردان بۆ لای ئەو دەچوون، تا بیبینن، تەوقەی دەگەڵ بکەن، دەسوبۆسی دەگەڵ بکەنو هەواڵی بەرەی شەڕی لێ بژنەون، هەواڵێکی کوڕو کەسوکارو خزمو خوێشی لێبزانن. ئەو رۆژەش کۆمەڵێك بەرەو پیری سەربازی گۆڕین چوون، هەر یەکەو بە خەیاڵی ئەوەی بەڵکو کوڕەکەی یان زاواکەیان گەڕابێتەوە دەوریان دا.

کاتێ دانیار چیرۆکو سەربەهوردی ژیانی خۆی بۆ گێڕانەوە، چەند کەسێك لە پیاوە پیرەکان بیریان کەوتەوە. دانیار لەم گوندەی ئێمە لە دایك بوو بوو، هەر بە منداڵی دایكو باوکی مردبوون. چەند ساڵێك ئەم ماڵو ئەو ماڵی کردبوو. چونکە ماڵی خاڵوانی کازاخی بوون، کاتێ کە بڕێك گەورەتر بوو رۆیی بۆ دەشتی چاکماکو لەنك کازاخەکان مایەوە. لەوێندەر وەکو پوشکەیەك بەدەم هەر بایەکەوە بەملاو بەولادا رۆیی بوو. ماوەیەك لە دەشتو بیابانەکانی چاکماك دا خەریکی شوانی بوو بوو، کە تۆزێ گەورە بوو بوو بە هەڵکەندنی بیرو کارێزانەوە خەریك بوو بوو، پاشان لە کانێکی نزیکی تاشکەندا کەوتبووە کارکردن. دوای ئەوە بوو بوو بە سەرباز.

خەڵکی گوندەکەمان خۆشحاڵ بوون کە دانیار دوای ئەو هەموو دەربەدەرییە بۆ زێدو مەفتەنی خۆی گەڕاوەتەوە. دەیانگوت: "دوای ئەو

هەموو دەربەدەرییە، لە دیاری غوربەتو غەریبایەتی گەڕاوەتەوە، تا لە ئاوی سەرچاوەی زاگەو زێدی خۆی ئاو بخواتەوە. دەبێ شوکرانەبژێر بین کە ئەم لاوە دوای ئەم هەموو ساڵانی دەربەدەریو غەریبایەتیە، هێشتا زمانی قەرغیزی لە بیر نەکردووە، و بە باشیو ڕەوانی با بە فۆنەتیکی کازاخیش بێ، قسەی پێ دەکات ،کێو بە کێو ناگات ،بەڵام چاو بە چاو دەکەوێتەوە!".

پیرە پیاوانی گوند دەیانگوت: "تولپار (ناوی ئەسپێکی ئەفسانەییە) ئەگەر ببرێتە ئەودیوی کێوی قافیش هەر دەگەڕێتەوە. هیچ گیانلەبەرێك نیە کە ئاخی وڵاتی خۆی خۆش نەوێ." سەرو تەوێڵیان ماچ دەکردو دەیانگوت: "ڕەحمەت لەو شیرەی دایکت پێی داوی، نۆشی گیانت بێ، کە زێدی خۆت فەرامۆش نەکردووەو گەڕاویتەوە، بەڕاستی روحی ئەژدادی خۆت ئاسوودە کردووە. کە شکستمان بە ئاڵمانەکان هێناو ئاشتیو سەفاو خۆشی بەرپا بوو دەتوانی لێرە ژن بێنی، ماڵ پێکەوە بنەیتو دووکەڵ لە کوانگەو وەچاغی تۆش بەرز ببێتەوە."

پیرە پیاوانی گوند زۆریان لە ڕابردووی دانیار پرسی تا بە تەواوەتی وەیادیان هاتەوە کە ئەژدادی کوێندەری بوونو لە چ تیرەو تایفەیەك بوون، بەمجۆرە لە گوندەکەماندا "خزمێکی تازە" پەیدا بوو، کە دانیار بوو.

ئوروزماتی سەرپەرشتیاری کۆڵخۆزەکە، بۆ رۆژی دوایی دانیاری هێنا بۆ مەزراکە، بۆ دروێنەی وێنجە. ئوروزمات کوڵە باڵا بوو، بە سواری ئەسپە وردیلەکەی،و دانیار کە باڵایەکی بەرزی پێوە بوو و پشتی کەمێ چەمی بوو، و لاقی چەپی کەمێك دەلەنگی، شان بە شانی ئەسپەکەی ئەو هەنگاوی



هەڕاوی دەنا تا دوانەکەوێت. منداڵو مەزن کە ئەم دیمەنەیان بەلاوە عەنتیکە بوو، قاقا بەدەنگی بەرز پێدەکەنین.

لاقی دانیار پێکرا بوو و نەیدەتوانی بە ئاسانی ئەژنۆی بنوشتێنێتەوە، بۆیە نەیدەتوانی دابنەوێتەوەو بە داس دروێنەی وێنجە بکات، و ناچار بۆ لای ئێمەیان هێنا بوو کە بە مەکینە درەومان دەکرد. هەڵبەتە لە سەرەتاوە هاتنی ئەومان هیچ پێ خۆش نەبوو. چونکە زۆر کەم دوو بوو، بە زۆری لە فکران ڕادەچوو، کە جار جار قسەیەکیشی بکردایە، خەیاڵی بۆ شوێنێکی دی دەڕۆییو هیچ مەعلوم نەبوو بیری بە چیەوە مژولە. هەرچەندە چاوی لە تۆ بوو بەڵام لەوەنەدەچوو بتبینێ.

هەندێ کەس دەیانگوت:

"بەستەزمانە، لە بەرەی شەڕدا هێندەی خوێن لەبەر رۆییوەو هێندەی نەگبەتیو بەڵا بەسەر هاتووە کە هێڕوکاس بووە."

بەڵام دانیار هەرچەندە کەم دوو بوو،و بیروخەیاڵی دەڕۆیی، گورجو گۆڵو چاپكو چالاكو بەکارو بێوەی بوو، ئەهلی ریابازیو درۆو دەلەسە نەبوو. لەوە دەچوو، کێشەو سەرگەردانیەکانی سەردەمی منداڵیەتی، بووبنە هۆی ئەوەی کە دوورە پەرێز بێو قسەی دڵی بۆ کەس نەکات، لێوە باریکەکانی بە دەگمەن قسەیەکیان لێدەردەهات، نیگای شەکەتو خەمین بوو. هەندێجار لە مەزراکەداو بەدەم کارەوە لە پڕ ڕادەوەستاو لەوە دەچوو گوێ بۆ دەنگو زەمزەمەیەك هەڵبخات کە خەڵکی دیکە نەیاندەتوانی ببیستن، ئەوسا بڕۆکانی بەرز دەکردنەوە، چاوەکانی پرشنگیان دەداو هەنگێ بەکاوەخۆ، نەرم

نەرم دەستی بە پێکەنین دەکرد. لە تۆ وایە لە دنیایەکی نهێنییەوە خەبەرێکی خۆشیان داوەتێ!.

دەمەو ئێوارە کە لە کار دەبووینەوە، ئەسپەکانمان بەر دەدا، دەچووین لە کابینە دارینە چکۆلەکەدا کۆ دەبووینەوە تا ئاشپەزەکە خواردنمان بداتێ، بەڵام دانیار ئێمەی بە جێدەهێشتو دەچوو بۆ سەر گردەکە، لەو تاریکییەدا بە تەنێ دادەنیشتو چاوی دەبڕییە ئاسۆ.

لە دوورەوە تەمەشامان دەکردو پێی پێدەکەنینو دەمانگوت: "دانیار لەو سەرگردە چی دەکات؟ دەڵێی کردوویانە بە کێشچکیو نۆبەدار!"

ڕۆژێکیان دوای خۆرئاواو بە مەبەستی لاپرەسەنی لە دوای دانیارەوە بە گردەکدا هەڵگەڕام. هیچ شتێکی غەریبم نەبینی، ئەو دەشتو بیابانە پانو بەرینە، بە گشت مەزراو کێڵگەکانەوە، هێدی هێدی دەخزینە باوەشی تاریکە شەوەکەوەو لە تۆ وایە لە نێو ئەو بێدەنگیە بە سامو پڕ رازەدا کە باڵی بەسەر دنیادا کێشا بوو، وردە وردە دەتوێنەوە.

دانیار، دانیشتبوو، و ئەژنۆکانی لە باوەش گرتبوونو دەیڕوانیە دوور. دەتگوت گوێی بۆ هەندێ زەمزەمەی ڕازئامێز هەڵخستبوو. منی، کە زۆر لێوەی دوور نەبووم، نەدەبینی. رەفتاری هێندە سەیرو نامەفهووم بوو، کە وام هەستدەکرد لە پڕ لە جێی خۆی ڕابێتو تا زاری دەگرێ لەو تاریکییەدا هاوار بکاتو هەموو نهێنییەکانی دەروونو دڵەی پڕ ئازاری بۆ تاریکە شەوەکە بگێڕێتەوە. سەرم لە وەزعو حاڵی دەر نەدەکردو زۆر غەریبو نامۆو مەندو مەنگو راز ئامێز دەهاتە بەرچاوم. هەندێجار دەترسام خۆی هەڵداتە روبارەکەوەو خۆی بخنکێنێ.



روباری کورکوریو بەر لەوەی بگاتە گوندەکەی ئێمە، بە دۆڵێکی بەریندا تێدەپەڕێو بەرەو دەشت، نشێو دەبێتەوە. روبارەکە، لە کاتی توانەوەی بەفری کۆساراندا، کە رێکەوتی وەرزی دروێنەی وێنجە دەکات، هەڵدەستێو هەرچییەکی بێتە رێ رایدەماڵێت. لە یەکێك لەم شەوانەدا لە هاڕەو هاژەی ئاوی چەمەکە لە خەو ڕاپەڕیم. ئاسمان ساماڵو ئەستێرە باران بوو، بایەکی ساردو تەزی دەهات، دەشتو بیابانەکە لە باوەشی خەودا ڕاکشا بوو، روبارەکە بەدەم هاڕەو هاژەی کەفچەڕینەوە هەر دەکشاو دەکشا، هاژەی روبارەکە هێندە ترسناكو قورس بوو لە تۆ وایە هاکا خۆی بە کابینەکەماندا داو ڕایماڵی. هاوڕێکانم کە لە بەیانییەوە تا ئێوارێ کاریان کردبوو هێندە شەکەتو ماندوو بوون کە تەنانەت لە هاڕەو هاژەی چەمەکەش خەبەریان نەبووەوە. بەڵام من خۆم پێ نەگیرا، لە کابینەکە وەدەرکەوتم، بەڵکو دانیار بدۆزمەوە، چونکە ئەو شەوانە لە کەنار روبارەکە دەنووست،و دەترسام لافاوی روبارەکە بردبێتی.

گەییمە کەنارەکە. ئاوی روبارەکە زۆر هەستا بوو، هەرچەندە ترسناك بوو بەڵام جوان بوو. لە سەوزەزارەکەدا، لە هەر گۆشەیەکدا ئەسپێکم دەبینی کە بە شوێنێکەوە بەسترا بووەوەو وەکو خاڵێك لە لەوەڕگاکەدا ڕەش دەچووەوە. هێندەیان سەوزە گیای تەڕو تازە خواردبوو مڕ بوو بوون، دەنگ لە شتاقیانەوە نەدەهات، تەنیا یەکێکیان نەبێت کە بە دەم سمکۆڵانەوە ناو بە ناو دەیحیلاند. ئاوی روبارەکە، چەند نەمامێکی بی لەڕەگەوە هەڵکەندبوو،و هەرچییەکی لە دارو بەرد دەهاتە رێ دەگەڵ خۆیدا ڕایدەماڵی. دنیا تاریکێکی سامناك بوو. لەو کاتەدا بیرم لە دانیار دەکردەوەو لە دڵی خۆدا

دەمگوت باشە ئەم پیاوە چۆن دەوێرێ لە شەوێکی ئاوا ترسناکدا، بەو ئارامیە لە کەنار روبارێکی بەلرفەلرفی هەستاوی ئاوهادا، بخەوێ؟ لە خۆم دەپرسی کە بۆچی دانیار شەوانە لە کەنار روبارەکەدا، دوور لە هاوڕێکانی خۆی دەنوێ؟ بەڕاستی وام هەستدەکرد ئەم گەنجە لە دنیایەکی ترەوە هاتووەو لە نێو ئێمەی بەشەراندا گەلێك غەریب و نامۆیە.
زۆر شوێنی بۆ گەڕامو نەمدۆزییەوە، تەنانەت لەسەر گردەکەش نەبوو. لوتکەی چیاکان وەکو تاپۆی ترسناك سەریان بە تاریکییەکەدا کردبوو،و ئاسمان وەك بە بار ئەستێرەی پێوەرکرابێ، چریسکە چریسك پرشنگی دەدا.

رۆژی دواتر کە دانیارم بینی دەمویست لێی بپرسم کە دوێشەو لە کوێی ئەم کەنارە ترسناکە خەوتبوو، بەڵام نەمپرسی. چونکە دەمزانی کە نایەوێ قسە دەگەڵ هیچ کەسێك بکاتو دەردە دڵی لەگەڵ بکات. رۆژ بە رۆژ پتر پەنای وەبەر تەنیایی دەبرد، تێکەڵی کەس نەدەبوو. نە دۆستی هەبوو نە دژمن، لە گوندەکەی ئێمەدا رێزی پیاوێك دەگرن کە بتوانێ خۆی بنوێنێو بەرەی خۆی لە ژێر پێیان دەربێنێ، سەرێك بێت لە نێو سەراندا، هەندێجار بارێك لەسەر شانی خەڵکی لا بەرێتو هەندێجار بە پێچەوانەوە ببێتە مایەی شەڕو خەڵکانێك ئەزیەت بدات، لە جەژنو میوانداریدا دەنگو رەنگو سەنگێکی هەبێت. عادەتەن ئەو جۆرە پیاوە جێگەی سەرنجی ژنانی گوندیش بوون.

بەڵام ئەگەر پیاوێکی وەکو دانیار، هەقی بەسەر کەسەوە نەبێ، نە قازانجی بۆ کەس ببێو نە زەرەرو زیانی بە کەس بکات، ئەوا کەس بە هیچی نازانێو هیچ حیسابێکی بۆ ناکەنو دەڵێن:



- ئەمە چۆن بەشەرێکە؟ داماوە لە نرخی نەبوواندایە، نە سەلکی سیرەو نە قنچکی پیازە، وا چاکە هەر باسی نەکەین.

تەنانەت هەندێجار دەبوو بە گەپچاڕی خەڵکی و هەندێجار دەبوو بە مایەی بەزەیی. منو هاوتەمەنەکانیشم، کە هێشتا جوانکە بووینو هەوڵمان دەدا خۆمان گەورەتر لە تەمەنی راستەقینەی خۆ بنوێنینو سەرێك لە نێو سەراندا بەرز بکەینەوە، هەندێجار لە خوتوخۆڕایی بەگژ ئەمو ئەودا دەچووینو هەراو هەنگامەمان دەنایەوە، زۆرمان کەیف بە دانیار نەدەهاتو گاڵتەمان بە هەموو کارو هەڵسوکەوتێکی دەهات، ئەگەر بەرەو رووش گاڵتەمان پێنەکردبایە، لە پاشملە گاڵتەمان پێدەکرد. دانیار یەك کراسی سوپایی هەبوو، ئەویشی لە روبارەکەدا دەشت،و هەر بەنیمچە تەڕی لەبەری دەکردەوە، ئێمەش پێی پێدەکەنینو ئەو هیچی نەدەگوت.

دانیار پیاوێکی هێمنو بێوەی بوو. هەرچەندە تەنیا سێ چوار ساڵ لە ئێمە گەورەتر بوو، بەڵام جۆرە شەرمێکمان لێدەکردو نەماندەتوانی بە ئاسانی تێکەڵی ببینو سوعبەتو گاڵتەی دەگەڵدا بکەین. ئەگەر بڵێی کەسێکی مۆنو گرژو عەبوسیش نەبوو،و هیچ ترسێکیشمان لێی نەبوو، بەڵام مەندییەکەی کردبوویە کارێك نەیدەهێشت شەرمان لێی بشکێ. شتێك لە سیماو چارەی خەمناکیا پەنهان بوو کە ناچاری دەکردین پەیوەندیمان دەگەڵیدا جددی بێت.

من هەر لە منداڵیەوە کەسێکی لاپرەسەنو فزوڵی بووم. حەزم دەکرد سەر لە هەموو شتێك دەربکەم، هەرکاتێ سەربازێك لە بەرەی شەڕ دەگەڕایەوە، دەچوومە لایەوەو ئەوەندەم پرسیار لێدەکرد تا لە گیانی خۆی وەڕەز دەبوو.

لەو ڕۆژەوە کە دانیار هاتبووە مەزراکەی ئێمە، هەموو هەوڵێکم ئەمە بوو کە دەرفەتی لێبێنمو لە سووچێکدا بەگیری بێنمو لێی بپرسم کە لە شەڕگەدا چی دیتووە.

ئێوارانێك کە لە کاری مەزرا بووبووینەوەو دەگەڵ هاوڕێیاندا لە دەوری کوانگە ئاگرەکە دانیشتبووینو شیومان دەخوارد، بە دانیارم گوت:

- هاوڕێ!... تا دەرفەتمان هەیەو بەر لەوەی بچین بخەوین، باسێکی بەرەی شەڕمان بۆ بکە. بۆمان بگێڕەوە چۆن بریندار بوویت. باسی هەموو شتێك بکە!.

دانیار چاوی بڕییە بلێسەی ئاگرەکەو لە فکران ڕاچوو. لەوە نەدەچوو بخوازێ وەڵامی من بداتەوە. بەڵام کە سەیری کرد نیگای پڕ پرسیارو لاپرەسەنی ئێمە ڕەهای ناکەن، هاتە زمانو گوتی:

- باسی شەڕی چی بکەم؟ هی باس کردن نییە. باشتر وایە لە هەموو هەواڵێکی شەڕ بێ ئاگا بنو هیچی لێ نەزانن!.

بێدەنگ بوو، چەند چڵەدارێکی وشکی هەڵگرت و خستیە سەر ئاگرەکە. ئەوجا بێئەوەی تەمەشای ئێمە بکات و گوێ بە پرسیارەکەمان بدات، کەوتە فووکردن لە ئاگرەکە تا بگەشێتەوە..

دانیار نەك ئەو شەوە، بەڵکو شەوانی دواتریش هیچی دەربارەی جەنگو شەڕ باس نەکردو نەگێڕایەوە. هەموومان زانیمان کە حەز ناکات ئەو سەردەمە وەیاد بێنێتەوە کە لە بەرەی شەڕدا بووە،و لەوە دەچوو بیەوێ پێمان بڵێو تێمان بگەیەنێ کە شەڕ شتێکی ترسناکە،و ناشێت بە گێڕانەوەی بویەرەکانی شەڕ، گوێگران سەرگەرم بکرێن تا ماندوویەتی کاری ڕۆژانەیان لە بیر



ببەنەوەو ئاسوودەتر بخەون. بەڵام ئەو چەند گوتەیەی کە بە زاریا هاتبوون بە رادەیەکیان ئەزیەت دابوو کە ئیتر ببڕای ببڕ هیچمان دەربارەی شەڕ لێنەپرسیو تەنانەت لە فزولێەتو لاپرەسەنیەکەی خۆمان شەرمەزار بوو بووین.

ئیدی ئەم گۆشەگیریو دوورە پەرێزییە وایانکرد خەڵکی گوندەکە بەرە بەرە ئەوەیان بیر بچێتەوە کە دانیار سەربازێکی ئاسیودیدەیەو لەشەڕ گەڕاوەتەوەو، هیچ شتێکیان دەربارەی بەرەی شەڕ لێ نەدەپرسی.و تەنیا بەزەییان پێیدا دەهاتەوەو دەیانگوت:

- بەستەزمانە بێ لانەو کاشانەیە... خۆیو بەختی لەسەر حیسابی کۆڵخۆز دەژیو نانێك دەخوات، ئەگەر ئەوە نەبوایە دەبوو دەرۆزە بکات , دەست لەمو لەو پان بکاتەوە... کوڕێکی هێمنە، بێوەیە، دڵڕەش نییە... دەڵێی مەڕی خوایە.

ئیدی بەرە بەرە خەڵکی گوند شارەزای تەبیعەتو میزاجی غەریبی دانیار بوون، بەرە بەرە فەرامۆشیان کرد. خەتای خۆی بوو: ئەگەر مرۆڤ بە خۆی شتێك نەکات کە سەرنجی خەڵکی رابکێشێت، خەڵکەکە بەرە بەرە لەبیری دەکەن.

❊❊❊

بەیانی ئەو ڕۆژەی کە قەرار بوو منو دانیارو جەمیلە پێکەوە فەردە گەنمان لە سێ گالیسکە بار بکەینو بۆ وێستگەی قیتاری بەرین، منو دانیار ئەسپەکانمان لە لەوەڕگاکەوە بۆ خەرمانگاکە هێنان، جەمیلەش کە پێش ئێمە گەیی بووە جێ، لە دوورەوە بە دەنگی بەرز هاواری کرد:

- ئادەی!... چکۆل! ئەسپەکانم کوان؟... بیانهێنە بۆ ئێرە. هاتە پێشترەوەو وەکو عارەبانچییەکی کارامەو پڕ شارەزا کەوتە فەحسو تاقیکردنەوەی پێچکەو جەڕو شفتی گالیسکەکەی خۆی، و تا دڵنیا ببێت کە مەحکەمەو هیچ عەیبێکی نیە بە وردی فەحسی هەموو وردو درشتێکی کرد.

منو دانیار بە سواری ئەسپ بۆ لای ئەو ڕۆییشتین، سەرو سیمامان بەڕاستی مایەی پێکەنین بوو. دانیار لاقە درێژو باریکەکانی ئاخنی بوونە کۆنە چەکمەیەکی کاڵەوەبووی زۆر گوشادی سەربازییەوەو منیش پێ خاوس بوومو پاژنەکانی پێم شەقار شەقار بوو بوونو سەرو سیمایەکی شەپڕێوم هەبوو، و جلێکی شڕۆڵەم لەبەر بوو.

جەمیلە کە ئێمەی لە چەند شەقاوی خۆیەوە بینی، بە پێکەنینەوە گوتی:

- تەمەشای ئەم سوارچاکانە! ئەگەر دژمن بتان بینێ، پێ وەغارێوە دەنێو تا سەد فرسەخان هەر ئاوڕیش ناداتەوە!

بێئەوەی دەرفەتی بیرکردنەوەمان بداتێ. هاواری بەسەردا کردین:



- خێراکەن، ماتەڵ مەبن. بەڵکو پێش ئەوەی دنیا گەرم بکات، بیابانەکە ببڕینو بگەینە وێستگەکە.

وەکو فەرماندەیەکی سوپایی فەرمانی دەدایێو بەپەلە هەوساری ئەسپەکانی گرتو بردنیە بەر گالیسکەکە. لێی پرسیم چۆنیان بە ئامووری گالیسکەکەوە ببەستێ، و ئەوسا بە گورجیو کارامەییەکی سەیرەوە، بە بێئەوەی داوای هیچ یارمەتیەك لە ئێمە بکات گالیسکەکەی لە ئەسپەکان بەست. بە درێژایی ئەم ماوەیە تاقە یەك جاریش ئاوڕی لە دانیار نەدایەوە، وەکو ئەوەی هەر لەوێش نەبێت. دانیار کە ئەفسوونی تواناو لێهاتوویی جەمیلە بوو بوو، چاوی لێ نەدەگواستەوە. دژمنانە سەیری دەکرد، بەڵام لە هەمان کاتیشدا جۆرە ئیعجابێکی شاراوەشی پێی هەبوو. چوو بۆ لای قەپانەکە، ئەو فەردە گەنمەی، کە کیژە قەپانچییەکە قەپانی کردبوو، بە تاقی تەنیا هەڵگرتو هێنای و خستیە سەر عەرەبانەکە. جەمیلە ئیعترازی لێگرتو گوتی:

- باش گوێیەکانت بکەرەوە!... دەبێ لە ئێستاوە هەموو شتێك دیاری بکەین، نابێ بە تەنیا فەردە گەنم هەڵگریت. دەی بچکۆڵ!... سەر بکەوە سەر عارەبانەکەو فەردەکانمان لێوەربگرەو لەسەر یەکیان هەڵچنە... تۆش دەستت بدە بە من تا بە دەستبار فەردەکان هەڵگرین.

جەمیلە دەستی لە دەستی دانیار توند کرد، هەردووکیان پێکەوە جەواڵە گەنمیان بە دەستبار دێنایە کەنار گالیسکەکەو دەیاندایە دەستی من تا لە سەر گالیسکەکە هەڵیان بچنم. دانیار هەر جارێ کە دەستی لە دەستی جەمیلە توند دەکرد تا جەواڵە گەنم بە دەستبار بۆ سەر گالیسکەکە بێنن، لە

شەرماندا سوور هەڵدەگەڕا. من دەمبینی کە کاتێ جەواڵەکانیان هەڵدەگرت سەریان تەواو لە یەکتری نزیك دەبووەوە، دانیار لێوی خۆی دەگەستو چاوی دەبڕییە عاردەکە تا نیگای لە نیگای جەمیلە هەڵنەکەوێ. بەڵام جەمیلە هەر مێشیشی میوان نەبوو. بەکەیفی دڵی خۆی قسەی دەکردو پێدەکەنی، هەموو شتەکانی بەلاوە ئاسایی بوو، سەری دەخستە سەر ئەو کیژەی جەواڵە گەنمەکانی قەپان دەکرد. دوای ئەوەی هەر سێ گالیسکەکەمان بارکردو هەر کەسەو سواری گالیسکەی خۆ بووینو جڵەوی ئەسپەکانمان گرتە دەست، جەمیلە چاوێکی داگرتو بە دانیاری گوت:

- ئەهای!... ناوت چیە؟... وا بزانم دانیار بوو! ئەهای دانیار تۆ کە بە ناخێرت پیاوی، پێش بکەوەو رێگاکە بکەرەوە... منو بچکۆلیش لە دواتەوە دێین.

دانیار هیچی نەگوت، بە بێدەنگی بە خۆو گالیسکەکەیەوە پێشکەوت. لە دڵی خۆمدا گوتم: "ئەم دانیارە بەستەزمانە چقاس شەرمنە، چەند شەرم لە جەمیلە دەکات!"

دەبوایە رێگەیەکی دوورو درێژ ببڕین، بیست دانە کیلۆمەتر بە دەشتا بڕۆین، تا بگەینە ملەی رێگا چیاییەکە. لەوێندەرەوە بەرەو وێستگەی قیتارەکە نشێو بووینەوە. ئیدی خۆشبەختانە جادەکە لە گوندییەوە تا ملەکە زۆر هەموارو مەیلەو نشێو بوو و ئەسپەکان ئەم بەشەی رێگاکەیان زۆر بە ڕەحەتی دەبڕیو شەکەت نەدەبوون.



بە درێژایی روباری کورکوریو، کە لە هەمان کاتدا ناوی گوندەکەشمان بوو، هەر هەڵەتو قەدپاڵی چیای بەرزو سەخت بوو. تا دەگەییشتیە رێگا چیاییەکە , قۆپەنی درەختی ناو گوندەکەمان لە دوورەوە دەبینرا.

رۆژی لە یەك کاروان زیاترمان پێنەدەکرا. بەیانی زوو بەڕێ دەکەوتینو نزیکی نیوەڕۆ ئەوسا دەگەییشتینە وێستگەکە.

نزیکی نیوەڕۆ دنیا زۆر گەرم دەبوو، و مرۆڤ دەپڕوکا بەڵام کێشەی گەورەتر پاش ئەوەی دەگەییشتینە وێستگەکە دەستی پێدەکرد. عارەبانەو گالیسکەیەکی زۆر کە لە گوندەکانی دەوروبەرەوە هاتبوون لەوێندەر چاوەڕوانی نۆرەیان دەکرد تا بڕۆن بارەکانیان خاڵی بکەن. تەنانەت هەندێ کەس بە گوێدرێژو گامێشان بارە گەنمو ئازووخەی سەربازانیان تا ئەوێندەر دێنا.

ئەم کارە قورسو تاقەتپروکێنانە زیاتر کوڕانی سیازدە چواردە ساڵانو ئەو سەربازە ئاسیودیدانەی کە لە بەرەی شەڕ گەڕابوونەوەو هێشتا توانەیەکیان تیامابوو، لە ئەستۆیان دەگرت، هەندێجار ژنە سەربازیشیان تێدا دەبینرا کە بە جلو بەرگی شڕۆڵەی کاڵەوەبووی بەر هەتاوەوە وەکو حەماڵی پیشەیی تەواو جەواڵە گەنمیان بەکۆڵدا دەدا. کوڕیژگەکان زۆربەیان پێیان پەتی بوو، لێویان قەڵەشا بوو،و سەروچاویان تاوەسووت بوو بوو.

ئەم دروشمەیان لە سەرووی عەماری دانەوێڵەی وێستگەی قیتارەکەوە نووسی بوو: "هەموو گوڵە گەنمەکان بۆ شەرگە!".

ئەو رۆژەش وەکو رۆژەکانی دی، خەڵکیو چوارپێیان لە هەموو لایەکەوە هوروژمیان هێنا بوو و باربەران لەگشت قۆڵێکەوە هاواریان دەکرد،

قیتارەکان بۆ گۆڕینی خەتەکانیان شانتینیان دەکردو دەهاتنە پێش و دەچوونە پاشو دووکەڵو بوخاریان ئاسمانی پڕ دەکرد، قیتارانی باری بەردەوام شووتیان لێدەداو بە دەنگە ناخۆشو یەکهاویەکانیانەوە دەهاتنو دەڕۆییشتن. چەند وشترێکیش کە ئەو رۆژە بەگەڵ بارەبەرەکانی دی خرابوون، لەدەرێی وێستگەکەدا دەیان بۆڕاندو کەفیان دەچەڕی.

لە ژێر جەمەلۆنێکی چینکۆدا گەنمیان وەکو کێو هەڵدابووەوەو جا ئێمە دەبووایە بە فەردە گەنمی پڕەوە بەسەر پەیژەیەکی دارینــدا سەر بکەوینو بیگەیەنینە بن میچی ئەم جەمەلۆنە، هەر کاتێ کە عەماری خوارەوە لەگەنم پڕ دەبوو، ناچار دەبووین بە پەیژەیەکی داریندا سەر بکەوینو فەردە گەنمەکان لە عەمارێکی دیکەدا کە لەو سەرەوە بوو رۆبکەین، ناو عەمارەکانو ژێر جەمەلۆنەکە یەکپارچە بۆن گەنم بوو، گەردو تۆز بە شەری دەخنکاند.

جارجارێ ئەو پیاوەی کە بەرپرسی عەمارە گەنمەکان بوو، و لە بێ خەویو شەکەتیدا چاوەکانی سوور هەڵگەڕا بوون و بە ئاستەم دەکرانەوە، دەهری دەبوو، و بە دەم جنێودانەوە هاواری دەکرد:

- ئەهای کوڕیژگە!... جەواڵەکەت لە خوارەوە رۆمەکە، شوێن نەماوە. بیبە سەرەوە.

ئێمە گوێمان لەم جنێوانە دەبوو و دڵمان دەگیرا. ئەم پیاوەی بۆچی هێرشی دەکردینە سەر، جنێوی دەداینێ؟ ئێمە ئەم گەنمەمان دەنك دەنك رواندبوو، ژنانو پیرە پیاوانو منداڵان کێڵگەو مەزراکانیان ئاودابوو، بە خوێنی دڵ هێنابوویانە بەر،و هەنووکەش کە وەرزی درەو بوو، کۆنە کەمپاینەکە عەیبی پەیدا کردبوو، و فیتەری گوندەکە بەردەوام خەریکی دەبوو تا چەند سەعاتێك



کاربکات. بۆیە ژنان بە ناچاری دادەنەوینەوەو بەو داسانەی کە لەبەر تیشکی هەتاودا سوور دەبوونەوە.و دەستانیان دەسووتاند درەویان دەکرد. تەنانەت منداڵەکانیشمان بەدەستە چکۆلەکانیان یارمەتی دایکیان دەداو گوڵەوەچنیان دەکردو نەیاندەهێشت یەك دەنکە گەنمیش بەسەر عاردەکەوە بمێنێ.

منو جەمیلەو دانیار بە چ زەحمەتێك جەواڵە گەنمەکانمان لە گالیسکە بار کردبوو و تا ئێرەمان هێنا بوو، جا ئێستا لە وێستگەی قیتاردا ناچاربووین، ئەم جەواڵە پڕە قورسانە بە شاندا بدەینو بەسەر پەیژەی شەقو شڕو سستدا کە جیڕە جیڕی لە ژێر پێماندا سەعاتە رێیەك دەڕۆیی، بۆ سەری سەرەوە، بۆ ژێر میچی جەمەلۆنەکە سەر بخەین. من لەم مەسافەیەدا، لە ژێر ئەم بارە قورسەدا بێتاقەت دەبووم، تەپۆتۆز لە هەموو لایەکەوە دەچوو بە گەرومدا، لەگەڵ هەر هەنگاوێك دا هەستم دەکرد بە تەواوەتی پەکم کەوتووە. هەندێجار بەسەرمدا دەهات کە جەواڵەکە فڕێ بدەمە خوارێو دان بەبێ توانایی خۆدا بنەم. بەڵام من لەم کارەدا بە تەنیا نەبووم, بڕ بڕ خەڵکیم بە دوودا دەهات، زۆربەی کرێکارەکان هاوتەمەنو هەڤساڵی من بوون،و تەنانەت ژنە عەسکەریشمان، کە منداڵی وەکو منیان هەبوو، بە جلی عەسکەرییەوە دەگەڵدا بوون. هەڵبەتە ئەگەر کاتی شەڕ نەبوایە. پیاوان نەیاندەهێشت کە ژنان ئەم بارە قورسانە هەڵگرن. کە ژنانم بەو بارە قورسانەوە دەبینی لە دڵی خۆدا دەمگوت نا، هەقی ئەوەم نیە بگەڕێمەوە. جەمیلەم لە چەند شەقاوی پێش خۆمەوە دەبینی. داوێنی کراسەکەی تا ژێر ئەژنۆی هەڵکردبوو، و بەلەکە خڕو جوانە بڕونزییەکانی بە دەرەوە بوو. دەمزانی کە هەموو هێزو توانای خۆی بە کار دێنێ تا ئەم بارە قورسە

بگەیەنێتە ژێر میچی جەمەلۆنە چینکۆکە. بەو حاڵەشەوە هەندێجار، وەکو ئەوەی هەست بکات کە هەنگاو بە هەنگاو پتر پرزەم لێدەبرێت، هەڵوەستەیەکی دەکرد،و دەیگوت:

- بچکۆل گیان!... دان بە خۆتا بگرە... هەمووی چەند هەنگاوێکمان ماوە... هەر ئێستا دەگەین.

هەرچەندە جەمیلە بە خۆیشی بە زەحمەت ئەم بارەی دەبرد کەچی دڵی بە من دەسووتاو ورەی بەرز دەکردمەوە. ئەو رۆژە پاش ئەوەی دوا جەواڵمان گەیاندە ژێر جەمەلۆنەکەو گەنمەکانمان هەڵڕشتە عەماری وێستگەکەوە، لە گەڕانەوەدا دانیارمان بینی کە وەکو هەمیشە کڕو کپ بوو، کەمێك دەلەنگی و بار بە کۆڵەوە بەرەو عەماری ژێر میچەکە دەڕۆیی‌و چاوی بڕی بووە جەمیلە. بەڵام جەمیلە تەمەشای ئەوی نەدەکردو بە دەستە چکۆلەکانی گەردو تۆزی سەر جلەکانی دەتەکاند. سەیر ئەمە بوو کە هەرجارێ دانیار، جەمیلەی دەبینی، بە جۆرێ تەمەشای دەکرد لەتۆ وایە کە یەکەمجارە دەیبینێ.

رۆژانی دواتریش کە من و جەمیلەو دانیار گەنمان بە عارەبانەکانمان بۆ وێستگەی قیتار دەبرد، هەموو جارێ دەمانبینی کە دانیار بە دزییەوە سەیری جەمیلە دەکات. جەمیلە هەندێجار پێدەکەنی‌و هەندێجار پشت گوێی دەخست. رۆژێك دوای ئەوەی بارە گەنمەکانمان تەحویل دا، لە گەڕانەوەدا جەمیلە لە ناکاودا بە دەنگی بەرز بە منی گوت:

- بچکۆل! لەزێکە، ئەسپەکانت تاوبدە!... با پێشی ئەو بکەوین.



قامچییەکەی بەسەر سەری خۆیەوە باداو، ئەسپەکان هەڵیانکردە چوار ناڵە. منیش دوا بە دوای جەمیلە تێم تەقاندو کەوتینە پێش دانیارەوە. تەپوتۆزێکی وەهامان لە دواوە هەستا بوو کە دانیاری بەلەنگاز لە ژێر تەپو تۆزەکەدا ون بوو بوو و نەدەبینرا. رۆژانی دواتریش بە ئاماژەی جەمیلە هەمان کارمان دووبارە دەکردەوەو گەردو تۆزی دنیامان دەرخواردی دانیار دەدا، بەڵام ئەم لەم شۆخی‌و سوعبەتەی ئێمە زویر نەدەبوو و هیچ گلەییەکی نەدەکرد. دانیار نە لە شۆخی‌و گاڵتەکانی جەمیلە زویر دەبوو، نە لە بێ مەیلییەکانیشی دەڕەنجا. هەندێجار دڵم پێی دەسووتاو بە جەمیلەم دەگوت:

- بۆچی بەم مرۆڤە بەلەنگازو داماوە رادەبوێری، هەر لەبەر ئەوەی کەسێکی دڵپاك‌و بێوەیە؟

جەمیلە بەدەم پێکەنینەوە دەیگوت:

- زۆر بە جدیش مەیگرە! ئەم گەنجە وەکو کوندەپەپوویەکە کە لە سووچی کەلاواندا دەژی. گوێ بە هیچ نادات. هیچ شتێك کاری تێناکات.

هەندێجار منیش چاوم لە جەمیلە دەکردو دانیارم ئەزیەت دەدا. بەڵام ئەو نەیدەبردە سەر خۆی. ئەو شتەی کە عەزابی دەدام جۆری تەمەشاکردنەکەی بوو، بە جۆرێکی سەیرو غەریب دەیڕوانیە جەمیلە. تەنانەت کاتێ کە جەمیلە جەواڵە گەنمی بە شانی خۆیدا دەداو دەڕۆیی، دانیار نیگای بەگەڵ دەخست‌و بە تامەزرۆییەوە سەیری دەکرد.

لە وێستگە جەنجاڵ‌و قەرەباڵغەکەدا، کە کەس بە کەس نەبوو، وەك دەڵێن سەگ ساحێبی خۆی نەدەناسی، کە کرێکارەکان بە زەحمەت جەواڵە گەنمەکانیان دەبردە بن میچی جەمەلۆنە چینکۆکە، جەمیلە بە جوانی خۆی،

و به هەڵس‌و کەوتی ئازادانەی خۆی، سەرنجی هەموویانی رادەکێشاو کەس نەیدەتوانی تەماشای نەکات.

هەرکاتیّ کە جەمیلە دەیویست فەردە گەنمێك لە نێو عارەبانەکە هەڵگریّو بیدات بە شانیا، بە شێوەیەکی هێندە ناسك دادەنەوییەوەو سەری دادەخست، گەردن‌و شان و شەپیلکە جوان‌و لەبەردڵانەکەی دەردەکەوت‌و کەزییە درێژو پرچە هۆنراوەکەی بەسەر شان‌و ملیدا دەڕژاو تا ناو قەدو سەر سمت‌و کەفەڵی دەهات،و لەم کاتەدا دانیار لە سووچێکدا مات‌و حەیران‌و بیّ جوڵە رەق رادەوەستاو چاوی دەبڕییە جەمیلە. پێدەچوو وا وێنا بکات کە هیچ کەسێك تەمەشای ئەو ناکات، یان نایبینیّ. بەڵام من تاقیبم دەکردو جۆری تەمەشا کردنەکەی ئەزیەتی دەدام. هیچم نەدەگوت، بەڵام نەمدەتوانیش چاوپۆی لە گوناحەکەی ئەو کە لە تۆ وایە دەیویست بە نیگا جەمیلە بخوات، بکەم. هەندێجار تورە دەبووم، هەمان تورەیی ئەو منداڵ‌و مێرد منداڵانە بوو کە عادەتەن زۆریان لەبەر گران‌و ئەستەمە کە خەڵکی بێگانە ئاشقێنی‌و چاوبڕکیّ دەگەڵ خزم‌و کەسوکارە نزیکەکانیاندا بکەن. منیش دانیارم بە هاوکوف‌و شایستەی جەمیلە نەدەزانی، غیرەم لێدەکردو حەسوودیم پێدەبرد بۆیە کاتیّ کە کرێکارەکانی دی قەشمەریان پێدەکرد خۆشحاڵ‌و کەیفخۆش دەبووم.

رۆژێك من‌و جەمیلە هەر بۆ شۆخی‌و پێکەنین نەخشەیەکمان کێشاو کارێکمان کرد کە بۆ نەگبەتی ئاکامێکی باشی نەبوو. حاڵ‌و حیکاتەکە بریتی بوو لەمە: لە نێو ئەو جەواڵانەدا کە بۆ وێستگەی قیتارمان دەبرد، خەرارێکی زۆر گەورە هەبوو، دوو هێندەی جەواڵی ئاسایی گەنمی دەگرت،



هەموو کاتیّ من‌و جەمیلە بە دوو قۆڵی دەستبارمان دەداو لە عارەبانەکەمان بار دەکردو لە وێستگەکەشدا، بە دوو قۆڵی هەڵمان دەگرت‌و بە هەزار زەحمەت دەمانبردە سەرەوەو لەوێندەرەوە هەڵمان دەڕشتە عەمارەکەی خوارەوە. بەڵام ئەو رۆژە ئەم خەرارەمان پڕ لە گەنم کردو بە دزی دانیارەوە لە عارەبانەکەی ئەومان بارکردو خستمانە ژێر جەواڵە گەنمەکانی دیکەوەو بەڕیّ کەوتین. لە رێگا لە گوندێکی روسیدا لاماندا و خۆمان بە باخێکدا کرد نەمدەزانی هی کێیە. جەمیلە لەوێندەر سێوی گەییوو ئاوداری دەکردەوەو دەیگرتە دانیار،و هەموومان پێدەکەنین. دوای نیو سەعاتێك وەڕیّ کەوتینەوەو لە مەسافەی نێوان ئەو باخەو وێستگەکەدا وەکو رۆژانی پێشوو کەوتینە پێش دانیارەوەو تەپوتۆزی دنیامان کرد بە سەرو چاویا. کە گەییشتینە وێستگەی قیتارەکە کەوتینە گواستنەوەو داگرتنی جەواڵە گەنمەکان‌و یەك بەیەك بۆ عەمارمان دەبردن‌و ئەوەندە سەرقاڵی کار بووین کە خەرارە گەورەکەمان هەر لە بیر نەما بوو. کاتیّ وەخۆ هاتینەوە، کە جەمیلە سیخورمەیەکی لە کەلەکەم داو دانیاری پێنیشاندام کە بەدیار عارەبانەکەیەوە وەستا بوو و دەیڕوانیە خەراری گۆڕین. بە رواڵەتیا دیاربوو کە کەوتووەتە دوو دڵی‌و نازانیّ خەرارەکە چۆن تا عەمارەکەی سەرەوەی وێستگەکە هەڵگرێت. چونکە لە عەمارەکەی خوارەوە جێگا نەمابوو. لەم کاتانەدا ئێمەی بینی کە لە سووچێکدا خۆمان مەڵاس دابوو و پێدەکەنین. بە پێکەنینەکەماندا تێگەیی کە ئەمە کاری ئێمەیە. بەڵام جەمیلە خۆی شێلو نەکرد، چووە پێشیّو بە سوعبەتەوە گوتی:

- دانیار!... ئاگات لە خۆ بێ نەکەوی. پانتۆڵەکەت توند بکە دەنا لە نیوەی ڕێ لێتدەکەوێ.

دانیار بە ڕقەوە تەمەشای دەکردین، بەڵام بێئەوەی هیچ شتێك بڵێ‌و داوای کۆمەکمان لێبکات، خەرارەکەی راکێشایە قەراخ عارەبانەکە، خۆی هەڵدایە خوارێ‌و خەرارەکەی خستە سەر شانی‌و وەڕێکەوت. لە هەوەڵەوە وامان نواند کە هیچ شتێکی نائاسایی نابینین، هەروەها خەڵکەکەی تریش هیچ شتێکی نا ئاساییان نەدەبینی. بەڵام هەرکە گەییە ئاست پەیژەکەو دەیوست پێ بخاتە سەر پلەی یەکەم. جەمیلە بە غار لێی چووە پێشی‌و گوتی:

- گاڵتەمان دەگەڵ کردی!... خەرارەکە دابنە. یارمەتیت دەدەین‌و پێکەوە بۆ عەمارەکەی سەرەوەی دەبەین.

دانیار بەتوڕەیی گوتی:

- لاکەوە لە ریّم!

پێی خستە سەر پلەی یەکەم‌و سەرکەوت.

جەمیلە ئاماژەیەکی بۆ من کردو گوتی:

- دەبینی؟ خۆ خەریکە سەردەکەوێ. وامدەزانی لە پای پەیژەکەدا دەوەستی‌و لێمان دەپاڕێتەوە کە فریای بکەوین‌و یارمەتی بدەین!

جەمیلە بە ڕواڵەت پێدەکەنی. بەڵام لە ڕاستیدا دەترسا کە نەبادا دانیار لە ژێر ئەم بارە قورسەدا دەرنەبات‌و لاقە ئاسیودیدەکەی لەسەر پلەیەکی نەردەوانەکە بخزێت‌و نەتوانێ هاوسەنگی خۆی راگرێت‌و بکەوێتە خوارەوە. بە تایبەتی کە دەیبینی دانیار تا زیاتر سەر دەکەوێ، حاڵی شپرێوتر دەبێ، زۆر بە زەحمەت لاقە بریندارەکەی هەڵدەبڕێ‌و دەجوڵێنێ. ئێمە تازە بە تازە



هەستمان کردبوو کە لەگینە بەم کارە لاقە ئاسیودیدەکەی هێندەی دی ئەزیەتی بگاتێ‌و لە کار بکەوێ. من لە جەمیلەش زیاتر ناڕەحەت بوو بووم. چونکە ئەم گەمە گەوجانەیە پێشنیازی من بوو و جەمیلەش بە گوێی کردبووم.

جەمیلە بەدەم پێکەنینێکی پڕ نیگەرانیەوە، بەدڵتەنگیەوە هاواری دەکرد.

- دانیار!... خەرارەکە بخە خوارەوە!... وەرە خوارەوە!

بەڵام تازە کار لە کار ترازا بوو، دێر بوو بوو، دانیار نەیدەتوانی خەرارەکە بخاتە خوارەوەو بە نەردەوانەکەدا دابەزێت‌و بێتە خوارەوە. چونکە خەڵکی تری لە دواوە بوون‌و بە پەپژەکەدا سەردەکەوتن.

باشم لە بیرە کە دانیار چ گوشارێکی لە خۆی دەکردو بە چ زەحمەت‌و عەزابێك لاقە زامدارەکەی هەڵدەبڕی‌و دەجولاند،و سەبرۆکە سەبرۆکە بە پلەکاندا سەردەکەوت. لە تاو ئازار لێوی خۆی دەگەست تا ناڵەی دەرنەچێت‌و کەس گوێی لە ئاخ‌و ئۆفی نەبێت. تا زیاتر سەردەکەوت ماندووتر دەبوو،و بەزەحمەتێکی زۆرترەوە هاوسەنگی خۆی ڕادەگرت‌و، لە ژێر بارە قورسەکەیدا بەملاو بەولادا دەهات. من لە پای نەردەوانەکەدا وەستا بووم‌و هەستم بەترس‌و شەرمەزاری دەکرد. دانیار یەك دوو جار لەتری داو لەزگ بوو بکەوێ. بەڵام بە زەحمەتێکی زۆر ئەوجا خۆی گرتەوە. سەرم سوڕا, چاوم کەوتە رێشکەوپێشکە، عاردەکەی ژێر پێم دەسوڕا. جەمیلە کە ترسی لێ نیشتبوو،بە هەشتاو خۆی گەیاندمێ، بە جۆرێ دەستی گوشیم خەریك بوو هاوار بکەم. وەئاگا هاتمەوە، سەیرم کرد جەمیلە لە ترسا رەنگی سپی سپی بوو بوو، بەترسەوە دەیڕوانیە دانیارو نەیدەزانی چیبکات. ئیدی بەرە بەرە

هەموو ئەو کەسانەی لەو ناوە بوون، ئاگادار بوونەوەو هاتنە ژێر پەیژەکە، تەنانەت ئەو پیاوەش کە سەرپەرشتی عەمارە گەنمەکەی دەکردو لە سەری سەرەوەی پەیژەکەدا وەستا بوو، هەستی بە خەتەری‌و ترسناکی مەسەلەکە کردبوو، و لەو سەرەوە هاواری دەکرد:

- برالە!... ئەوە چ دەکەی؟! خۆت بە کوشت مەدە، خەرارەکە هەڵبدە خوارەوە، لاساری دەگەڵ خۆتا مەکە.

و ژمارەیەك لەو کەسانەی کە لە ژێر پەیژەکەدا خڕ بوو بوونەوە، هاودەنگ دەگەڵ ئەودا دەیانگوت:

- هەڵیدە خوارەوە!... خەرارەکە هەڵبدە خوارەوە!

ئەو کەسانەی کە لەسەر پلەکانی دوای ئەوەوە باریان بە کۆڵەوە بوو، لە شوێنی خۆیان رەق راوەستان، چاویان بڕی بووە دانیار. هەموو دەیانزانی کە دانیار خەرارەکە فڕێ نادات، مەگەر بە تەواوەتی هێزو توانای لە بەر ببڕێ‌و بە خۆی‌و کۆڵەکەیەوە بکەوێتە خوارێ. هەموو بێدەنگ بوو بوون،و دەنگی قیتاریش لە دەرەوە گوێی بنیادەمی کەڕ دەکرد.

دانیار هێشتا لە ژێر بارە قورسەکەیدا. چەما بووەوەو ئەم پێ‌و ئەو پێی دەکرد. وەکو خەڵکانی مەست‌و گێژ هەنگاوی هەڵدێناو بە پەیژەکەدا هەڵدەگەڕا، پلەدارینەکان لە ژێر پێیدا کەوتبوونە جیڕە جیڕ. دوای ئەوەی دوو سێ پلە دەچووە سەرووترەوە دەوەستاو نەفەسی تازە دەکردەوە. خۆی گورج دەکردەوەو دەچووە سەرووتر. هەمووان بە ترس‌و سەرسامی تەمەشایان دەکرد، کەس هیچی نەدەگوت‌و تەنانەت ئیعتیرازیشی نەدەگرت. ئەو چەند نەفەرەی کە بار بە کۆڵ لەسەر پلەکانی دوای ئەوەوە بوون, پلە پلە سەر



دەکەوتن‌و بە نیگای نیگەرانەوە دەیانڕوانیە دانیار. لە تۆ وایە هەر هەموویان بەهەودایەکی نا دیارەوە پێکڤە گرێ درابوون،و بەهاوخەمی‌و هاوسۆزی پێکەوە گرێیان خواردبوو، لە تۆ وایە هەموویان بە بارە قورسەکانیانەوە بە باریکە رێیەکی هەڵدێری ترسناکدا دەڕۆن‌و چارەنووسیان پێکەوە بەندە، بێدەنگییە هاوبەشەکەیان‌و هەنگاوە هاوشێوەکانیان ریتمێکی کاریگەری هەبوو. هێدی هێدی پێ بەپێی دانیار هەنگاویان دەنا. ژنە سەربازێك کە جلی عەسکەری لەبەر بوو و فەردەیەك گەنمی بەسەر شانەوە بوو، و دوو سێ پلە لە دوای دانیارەوە بوو، هەرچەندە بە خۆی لە ژێر بارە قورسەکەیدا شەکەت و ماندوو بوو بوو، هێدی هێدی بەدووی دانیاردا دەڕۆیی‌و بەوپەڕی سۆزەوە تەماشای دەکردو لەبن لێوانەوە بۆی دەپاڕایەوەو دوعای بۆ دەکرد. لەبەر دانیار، ماندوویەتی خۆی لەبیر چوو بووەوە. چیوای بۆ دوا پلەی پەیژەکە نەما بوو. بەڵام لاقە زامدارەکەی دانیار لەشەکەتیدا هەڵنەدەهاتەوە، لە دووی نەدەهات، ئەگەر لەو سەرەوە خەرارە گەنمەکە هەڵنەداتە خوارەوە، لەگینە خۆیشی بکەوێتە خوارەوە.

جەمیلە هاواری لێکردم:

- بچکۆل!... خێرا سەرکەوە سەرێ‌و یارمەتی بدە.

بە خۆیشی هەردوو باڵی کردەوەو بەپەلە بەرەو لای ئەو چوو، وەکو ئەوەی بتوانێ بەوە یارمەتی بدات.

من کە لە تاوا ئاگام لە خۆ نەمابوو، لە پڕ وەخۆ هاتمەوەو بە پەیژەکەداو بە بەینی کرێکارەکانو بارە گەنمەکاندا ڕەت بوومو خۆم گەیاندە دانیار، دەمویست بە دەست ژێر بارەکەی بۆ بگرم تا بتوانێ بە ئاسانی سەر بکەوێ.

بەڵام دانیار کە ئارەقە لە هەنیەی دەچۆڕاو گڕی تووڕەیی لەچاوانی دەبووەوە، ژێراو ژێرا نیگایەکی کردمو بەسەریا نەڕاندم:

- لاکەوە کوڕۆ!

دەنگی هێندە تووڕەو هەڕەشاوی بوو کە خۆ بەخۆ لاکەوتم، ئەویش بە هانکە هانك لە دوا پلە سەرکەوتو پێی نایە ناو عەماری ژێر جەمەلۆنەکە. چەند کەسێك کە لەسەرەوە بوون، ڕێگایان بۆ چۆڵ کرد، ئەویش خەرارەکەی لە عاردی دانا. کاتێ دانیاری بە شەلە شەل هاتە خوارەوەو ئاهێکی پێدا هاتەوە، هەردوو باڵی وەکو جووتێ قامچی بە قەدیا شۆڕ بوو بوونەوە. خەڵکەکەی دەوروبەری بە بێدەنگی بڵاوەیان لێکرد. بەڵام سەرپەرشتیاری عەمارە گەنمەکە خۆی پێ نەگیراو پێی گوت:

- باشە تۆ شێت بوویت؟ خەریك بوو خۆت بکوژی، کە من لەم سەرەوە پێم گوتی خەرارەکە بخە خوارەوە، بۆچی هاتیتە سەرەوە؟... ئاخر خەرارێکی وا گەورە لە کێشی یەك کەسدا نییە، دەبێ بە دوو کەس بگوازرێتەوە.

دانیار بە دەنگێکی نزم کە بە ئەستەم دەبیسترا گوتی:

- ئەمە پەیوەندی بە خۆمەوە هەیە!

بە تووڕەیی تفێکی ڕۆکردە عاردیو بەرەو لای عارەبانەکەی ڕۆیی. منو جەمیلە سەرمان داخستبوو خۆمان لە ئاستی ئەودا بە شەرمەزارو خەجاڵەت دەزانی. شۆخییە گەوجانەکەمان زۆری ئەزیەت دابوو.

لە تاریکی شەودا گەیشتینەوە گوندی. بە درێژایی ڕێگاکە دانیار وەکو هەمیشە بێدەنگ بوو. ئێمەش هیچمان نەدەگوتو لە کردەوەکەی خۆمان ژێوان بووین.



بۆ بەیانی کە لە خەرمانگاکەدا گەنمان باردەکرد، جەمیلە ئەو خەرارە شوومەی هەڵگرتو پارچە پارچەی کردو فڕێی دایە بەر پێی کیژەکەی سەر قەپانەکەو گوتی:

- هانێ ئەوە توحفەکەتە! کەس نازانێ ئەم خەرارە شوومە لە کوێوە هاتووە. بە سەرپەرشتیاری کۆڵخۆزەکەت بڵێ جارێکی دی خەراری وا بە ئێمە نەدات.

کیژی سەر قەپانەکە بە سەرسامی گوتی:

- جەمیلە!... بۆچی ئەو خەرارەت دڕاند؟ دەڵێی تەواو نیت؟

- نەخێر! زۆریش تەواوم.

***

بە درێژایی ڕۆژی دووەم دانیار ئاسایی بوو، هیچ شتێکی نەنواند کە نیشانەی زویری پێوە دیار بێ، هەڵسوکەوتی هێندە ئاسایی بوو وەك ئەوە وابوو هیچ شتێك رووی نەدابێ. بە درێژایی رێگا دەمی هەڵنەهێنا. کاتێ گەیینە وێستگەی قیتارەکە جەواڵەکانی یەك یەك بە شانیا دەداو بۆ عەمارەکەی دەبردن. کڕو بێدەنگ بوو، بەڵام لە ڕۆژان زیاتر دەلەنگی، دیار بوو کە ئازار دەکێشێتو لێوی دەگەزێت تا دەنگی ئاخو ئۆفی دەرنەیات. ئێمە هێشتا شەرمەزاری ئەو بووینو خوا خوامان بوو بێتە زمانو شتێك بڵێت، یان بزەیەك بکەوێتە سەر لێوی تا کەمێك ویژدانمان ڕەحەت و ئاسوودە ببێت.

جەمیلەش هەرچەندە وەکو ڕۆژانی دی پێدەکەنیو وایدەنواند کە بە کەیفو بە دەماخە، بەڵام دیاربوو کە بێکەیفو بێ حەواسە.

ئەو ڕۆژە درەنگتر لە جاران کارەکەمان تەواو بوو، و دێرتر بەرەو گوندی وەڕێکەوتین. دانیار لە پێش ئێمەوە دەڕۆیی. ئاسمان زۆر جوان بوو. دەمانڕوانیە ئەستێرانی ئاسمان کە چاوبڕکێیان دەگەڵ دەکردینو لە هەموو کاتێ جوانتر بوونو لە ئێمەوە نزیك بوون. لە مانگی تەباخ دا (ئاب) ستێران وەك بڵێی درەوشاوەترن. وام دەهاتە بەرچاو کە یەکێك لە ئەستێرەکان کە



ڕووناکیەکی ساردو رەنگ پەریوی، رەنگبزڕکاوی هەبوو، بەوپەڕی سادەییو سەرسامی دەڕوانیێتە زەویو ئێمە.. تەنانەت کاتێ کە گەییشتینە هەورازو ڕێگا شاخاویە تەنگەکەش، ئەو ستێرەم دەبینی کە هەر سەیری دەکردین. ئەسپەکان لەو ڕێگا ناهەموارەشدا بە هەشتاو بەرەو گوندی تاویان دەداو زیخو چەوی جادەکەش لە ژێر چەرخو تایەی عارەبانەکاندا بەملاو بەولادا دەردەپەڕین. بایەکی خۆشی دەهاتو بۆنی تاڵی ئەفسەنتینی تازە پشکوتوو،و بۆنی گەنمی تازە دوراوەی بە دنیادا پەخش دەکردو ئەم بۆنە روح نەوازانە دەگەڵ بۆنی ئارەقەی پشتو لاتەنگەی ئەسپەکاندا تێکەڵ دەبوون.

لە لایەکەوە تاوێرە تاریکەکانی کۆجاڕم دەدیو لەلایەکی ترەوە قوڵایی دۆڵەکەم دەبینی، کە درەختانی بیو سپیدار لە ناو جەرگەیدا بە ریزی یەکەوە سەریان بەرز کردبووەوەو هێندەی دی تاریکە شەوەکەیان سامناك کردبوو. لەوێوە روباری (کورکوریو)م دەبینی کە لە بنکی دۆڵەکەداو بە نێو درەختەکاندا، بەدەم کەف چەڕینو هاڕەو هاژەوە بەبێ ئارامی سەرەوخوار دەبووەوە. هەندێجار سەروسەدای یەکنەوای قیتارێکمان دەبیست کە بەسەر پردێکی سەر روبارەکەدا تێدەپەڕیو بە کزبوونو کەم بوونەوەی دەنگەکەیدا دەمانزانی دوور کەوتووەتەوە.

جڵەوی ئەسپەکانم بە دەستەوە گرتبوو، کە چاوم لە ستێرانی ئاسمان دەگواستەوە، کەفەڵی ئەسپەکان لەبەر چاوما شەپۆلیان دەدا، گوێم بۆ شەوی تەباخ هەڵدەخستو بۆنی گوڵێن بیابانم پڕ بە سییەکانم هەڵدەمژی. جەمیلە لە پێشی منەوە دەڕۆیی، هەندێجار جڵەوی ئەسپەکانی بەردەداو سەیرێکی ئەم بەرو ئەوبەری ڕێگاکەی دەکرد، و بەدەنگە دڵگیرو خۆشەکەی خۆی

سۆزەی دەکردو نەرمە گۆرانی دەگوت. دەمزانی ئەو بێدەنگیەی لەبەر گرانەو دەیەوێ بە گۆرانیو لاوژە بێدەنگیەکە بشکێنێ. بۆیە لەم شەوە جوانە هاوینەیەدا گۆرانی دڵخوازی خۆی دەگوت.
لەوەشە ئەو گۆرانیانەی بۆ ئەوە بووبێ کە ویستبێتی گەردی زویر بوونو ڕەنجان لەسەر روحی دانیار بڕەوێنێتەوە، تا بیری تاوانو خەتای خەرارە گەنمەکە لە مێشکی خۆی دوور بخاتەوە. دەنگی زۆر خۆشو پڕ جۆش بوو. ئەو جۆرە گۆرانیانەی دەگوت کە لە نك خەڵکی گوندەکەی ئێمەو گوندەکانی دەوروبەردا باو بوون. هەوەڵجار گۆرانی "ئازیزەکەم! تۆ دەچیتە سەفەرو من دەستەسڕەکەم بۆ تۆ هەڵدەتەکێنم"ی گوت، ئەوجا گۆرانی خەمناکی "عەزیزم! نازەنینم! لە کوێی، ئاخر من چی بکەم دەگەڵ خەمی تەنیایی دا؟". جەمیلە گۆرانی زۆری ئەزبەر بوونو زۆر باشی دەگوتنەوە. بەڵام ئەو شەوە گۆرانی دووەمی تەواو نەکرد،و بە دەنگی بەرز هاواری کرد:
- ئەهای دانیار!... تۆش شتێکمان بۆ بڵێ. چما تۆ بەشەر نیت؟ هەموو بەشەرێك حەزی لە شیعرە، حەزی لە سترانە... ئاخر ئەم دوورە پەرێزیو نامۆییە تاکەی. گۆرانیەکمان بۆ بڵێ!..
دانیار، کە بە خۆو عەرەبانەکەیەوە لە پێش ئێمەوە دەڕۆیی، کەمێك هێواشی کردەوەو گوتی:
- جەمیلە! من حەز دەکەم گوێم لە دەنگی تۆ بێت. گۆرانیەکی دیکەش بڵێ!.
جەمیلە بە دەنگی بەرز گوتی:



- چما ئێمە گوێمان نییە؟ حەز دەکەین تۆ گۆرانیمان بۆ بڵێی. ئێمەش دڵمان هەیە!.
چەند دەقیقەیەك بوریو دانیار هیچی نەگوت. جەمیلە کە نە یدەتوانی لەوەی پتر چاوەڕوان بکات، گوتی:
- زۆر باشە. دەنگو ئاوازەکەت بۆ خۆت هەڵگرە. ئێمە زۆرمان نیە. بەڵام ئەگەر گۆرانی نەڵێی لێت زیز دەبمو چیتر قسەت دەگەڵ ناکەم.
جەمیلە دەستی بە پاشماوەی گۆرانی دووەم کردەوە. کەس نەیدەزانی جەمیلە بۆچی ئەوەندە رژد بوو لەسەر ئەوەی کە دانیار گۆرانیەك بڵێت. رەنگە ویستبێتی بیهێنێتە قسان، چونکە دوای تۆزێك بە دەنگی بەرز گوتی:
- دانیار!... ئێستا کە گۆرانی ناڵێی قەینا، بڵێ بزانم تا نها دلداریت کردووە؟
دانیار وەلامی نەدایەوە. جەمیلەش ئیدی هیچی نەگوت. من لە دڵی خۆمدا دەمگوت: "جەمیلە چ شتیەلێك لەم پیاوە عەجیبو غەریبە دەپرسێت، داوای گۆرانی لەم گەنجە عەبوسو گرژو مۆنە دەکات، بەڕاستی گۆرانی بێژی خۆی دۆزییەوە! سەیرە! لێی دەپرسێت کە تا ئێستا دلداری کردووە؟ ئاخر ئەم گەنجە کە لە خۆیشی تۆراوە، کە قسەی دەگەڵ خۆیشی دا نیە لەکوێ دەتوانێ دلداری بکات؟".
لە ملەو هەوزارەکە تێپەڕینو گەیینە جۆگایەك کە جادەکەی دەبڕی. جڵەوی ئەسپەکانمان راکێشا تا هێواش ببنەوە. ئەسپەکان کە شارەزای هەر بستێکی ئەم رێگایە بوون، بە ئەسپاییو بە کاوەخۆ لە جۆگاکە پەڕینەوەو

کەوتنەوە ڕێ. لەم کاتەدا لە ناکاودا گوێم لە دەنگی دانیار بوو کە گۆرانی دەگوت. دەنگی بە پچڕ پچڕیو بە زەحمەت لە گەرووی دەهاتە دەرێ.

گۆرانیەکی جوانی دەگوت:

*ئەی کێوانی وڵاتی من!*
*وڵاتی جوانو نازداری من!*
*کێوانی سپیواژی شینباو!*
*زەوینو دڵی من،*
*پڕن لە گۆرانیو سروودی*
*خۆشەویستی تۆ!*

لێرەدا وەك ئەوەی لە شتێك ترسا بێت، دووبارە دەنگی گیراو کپ بوو. پێموابوو شەرمی دەکرد گۆرانی بچڕێ. بەڵام بەو کۆپلەیەدا دەرکەوت کە دەنگی ناخۆش نیە، هەڵبەتە کەس باوەڕی نەدەکرد، ئەوە دەنگو ئاوازی دانیار بێت!

خۆم پێنەگیراو بە دەنگی بەرز گوتم:

- جەمیلە!... گوێت لێبوو؟... ئەمە دانیار بوو کە گۆرانی دەچڕێ!.

جەمیلە بە شێوازێکی تەنزئامێز، بەڵام بە ستایشو سەرسامی گوتی:

- ئەهای!... دانیار!... تا ئێستا لەکوێ بووی؟ بۆچی دەنگی خۆت لێدەشاردینەوە؟ چەند بەغیلی!... دە بیڵێ بیڵێ!... تازە کە پێمان زانیت دەنگت ئەوەندە خۆشە، وازت لێنایەنین.

لە هەورازو ملەکە تێپەڕی بووین. لە شاخو داخان ڕەت بوو بووین، ئاسمان روونتر بوو بووەوە، بایەکی فێنکی دەهات. دانیار دووبارە هەڵیکردە گۆرانی،



لە سەرەتاوە شەرمی دەکردو زۆری متمانە بە خۆی نەبوو. بەڵام بەرە بەرە ترسی شکاو شەرمی ڕەوییەوە. باشترو ڕەحەت تر دەیچڕی، دەنگی بە دەشتو دەرا بڵاودەبووەوە. با دەنگەکەی تا جەرگەی شاخو کێوەکان دەبردو لەوێدا دەنگی دەدایەوە.

جا بە چ سۆزێکەوە دەیچڕی، بە چ جۆشو تاسەیەکەوە دەیگوت. دەنگی زۆر خۆش نەبوو، بەڵام بە سۆزەوەو لە کانگای دڵەوە دەیگوت. من ناتوانم وەسفی دەنگی بکەم. بەڵام دەتوانم بڵێم کە شتێکی لە دەنگ بالاتر لە ناخی گیانیەوە دەهاتە دەرێو دەچووە دڵەوەو گوێگری دێنایە جۆشو خرۆش.

کاشکێ دەمتوانی وشەی گۆرانیەکانی وەیاد بێنمەوە. وشەکان ئەوەندە گرینگ نەبوون، ئەوەی گرینگو کاریگەر بوو، سۆزو گودازو جۆشو خرۆشی روحی ئەو بوو کە ئاوێتەی ئەو وشانە دەبوو. بەڕاستی دڵی دەکردەوە، بەبێ وشە ناخو دەروونی مرۆڤی دەنواند، نە پێشتر گوێم لەم گۆرانیە بوو بوو، و نە دواتریش لەو جۆرە گۆرانیەم بیست. گۆرانیەکانی نە کازاخی پەتی بوون نە قەرغیزی تەواو. بەڵام جوانی و ناسکی هەردوو زمانەکەیان تیا بوو. دەتگوت کازاخیو قەرغیزەکان پێکەوەو بە دوو قۆڵی ئەم گۆرانیانەیان دانا بوو، گۆرانی یەجگار جوانو سادە بوون. گۆرانی کێوانی بەرزو دەشتێن پانو بەرین بوون. گۆرانی بەرزو پڕ لەرە وەکو چیاکانی قەرغیزستان، بەرینو بێ لەمپەر وەکو دەشتەکانی کازاخستان.

دانیار بە چڕینی ئەم گۆرانیانە لە دنیای پڕ نهێنی خۆی هاتبووە دەرێ. چ کەسێك وێنای دەکرد کە دانیاری گرژو مۆنو کەم دوو و مەنگو دوورە

پەرێز، ئەم جۆشو خرۆشو سۆزو گودازەی لە ناخی ناخی خۆیدا پەنهان کردبێت؟

لەو دەمانەدا، لە جەرگەی شەودا، کە ڕێگا تەختو هەموارەکەمان دەبڕی دەنگی دانیار لە تاریکی شەوەکەدا دەنگی دەدایەوەو بڵاودەبووەوە. دانیار ستران‌و گۆرانیەکی فرەی ئەزبەر بوو. گۆرانی لە دووی گۆرانی دەگوت، ئەمی تەواو دەکردو دەستی بە یەکێکی دی دەکرد. ئەریٚ بەراست دانیار بۆچی لەپڕ گۆڕا بوو؟ دەتگوت لە مێژە چاوەڕوانی ئەم سەعاتە بووە تا لە تاریکی بێتە دەریٚو ئەوەی لە دڵیدا بووە هەڵی برێژێت.

لە پڕ هەموو رازێکی ئەوم بۆ ئاشکرا بوو. ئێستا دەمزانی کە بۆچی ئەم گەنجە خۆی لە هەموو کەسێك دوور دەگرێت، دوورە پەرێز دەوەستا، کونجی تەنیایی دەگرت، بە سەعاتان لە فکران ڕادەچوو، لەسەر گردی دیدەوانیەکەدا دادەنیشتو لە قەراخ روبارەکەدا دەخەوت. نها (ئێستا) دەمزانی کە بۆچی شەوان گوێی هەڵدەخستو گوێی لە زەمزەمەی پڕ ڕازی تاریکی دەگرت،و بۆچی لە ناکاودا چاوەکانی پرشنگیان دەدا، دەدرەوشانەوەو دەموچاوی دەگرژییەوە. تومەز پیاوێك بوو تا سەر ئێسقان ئاشق‌و شەیدا. بەڵام نەك ئاشق‌و شەیدای ژنێك،و بە درێژایی ئەم ماوەیە تاقە وشەیەکی دەربارەی ئەم ئەشقە نەدرکاندبوو، لە دڵی خۆیدا حەشاری دابوو، بەڵام ئێستا لە ناکاودا ئەم بێدەنگیەی شکاند بوو، و ئەو سۆزو گودازو جۆشو خرۆشو کەڵکەڵەو ئەڵهایەی کە ساڵانێك بوو لە سینگیدا پەنگی خواردبووەوە، بێپەروا هەڵدەڕشت. هەڵبەتە کەسێك کە جۆشو خرۆشێکی لە دڵدا نەبێت، ئەگەر



قامبێژی باشیش بیٚ، ناتوانیٚ بەو شەوق‌و زەوقەوە گۆرانی بڵیٚ، ئەگەر سۆزی ئەشق‌و ڤیانی لەدڵدا نەبیٚ گۆرانیەکەی ناچێتە دڵەوە.

لە تۆ وایە دەشتو دەری باوەشی تاریکییەکە بە دەنگو ئاوازەکەی ئەو لە خەو رادەبیٚ،و بە منەتبارییەوە گوێی بۆ رادەدێریٚو تەبارە گەنمی چاوەڕوانی دروێنە پیٚ بەپێی ئاهەنگی گۆرانیەکەی ئەو لە باوەشی شنەبادا سەما دەکەن.

لەوبەری رووبارەکەوە، تروسکەی ئاگری کوانگی شەوانی شوانان دەبینرا. سوارێك بە قەراخی رووبارەکەدا بەتاو بەرەو گوند دەڕۆیی‌و با، بۆن‌و بەرامەی سێوو فەریکە زوڕاتی بە دنیادا پەخش‌و بڵاودەکردەوە. دانیار ئاگای لە دنیا بڕابوو،و هەر گۆرانی دەگوت، شەو کپ‌و خامۆش بوو، بە شەیداییەوە گوێی لە گۆرانییەکانی ئەو دەگرت. تەنانەت ئەسپەکانیش هێورتر ڕێگەیان دەکرد تا جوانی ئەم ساتانە نەشێوێنن.

لیٚ لە پڕ دانیار بێدەنگ بوو و هیچ گۆرانیەکی نەگوتو ئەسپەکانی بە هەشتاو بەرەو گوند تاودا. وام تەسەور دەکرد کە جەمیلەش هەر ئێستا بە خۆ دەکەویٚو دەکەوێتە پەلەپەل تا لەو دووا نەکەویٚ. بەڵام جەمیلە کڕوکپ لە نێو عارەبانەکەی خۆی رۆنیشتبوو هێدی هێدی دەڕۆیی. دانیار قەدەرێك لە ئێمە دوور کەوتبووەوەو من‌و جەمیلە هیچمان نەگوت، هیچ قسەیەکمان نەکرد. هەموو شتێك بە قسە ناگوتریٚ!

ئیدی لەوە بە دواوە وەزع‌و حاڵی گروپە سیٚ نەفەریەکەمان بەتەواوەتی گۆڕا. هەموو رۆژیٚ بەیانی زوو دەچووینە سەر خەرمان، جەواڵەکانمان لە گەنم

پڕ دەکرد، لە عەرەبانەکانمان بار دەکردو وێستگەی قیتار خۆت بگرە وا هاتین، بارمان دادەگرت،و بە دەم ئاوازو گۆرانی دانیارەوە دەگەڕاینەوە.

دەنگو ئاوازی ئەوم نەك هەر بە درێژایی ڕێگاکە، بەڵکو بەشەوو ڕۆژ هەر لە گوێدا بوو، چوو بووە ناو گیانو دڵمەوە. دەنگو ئاوازی ئەوم هەموو سپێدەیەك لە خوناوی سەر گیای تەڕو تازەی سەوزەزاران، لەو تەبارە گەنمانەی کە بەدەم باوە کەرۆێشکەیان دەکرد، دەبیست، دەنگوئاوازی ئەوم لەو هەڵۆ تەنیاو مەغروورە دەبیست کە دەچوو بە تاقی ئاسمانداو لەوێندەر لەنگەری دەگرت، وام هەستدەکرد گۆرانیەکانی ئەو هەموو دەمێك دەگەڵ مندا دەژین.

کاتێ لە وێستگە دەگەڕاینەوە، لە ملەو هەورازەکەدا شەومان بەسەردا دەهاتو تاریکی باڵی بەسەر دنیادا دەکێشا، وام هەستدەکرد دەچمە دنیایەکی ترەوە. چاوانم دەنانە سەریەکو گوێم بۆ گۆرانیو ئاوازەکانی دانیار هەڵدەخستو لە دنیای خەیاڵدا هەر هەموو ئەو شتانەم دەبینییەوە کە لە منداڵیەوە خووم پێوە گرتبوونو هۆگریان بوو بووم. هەوری گەواڵ گەواڵی شینباوم دەبینی کە بەسەر گوندەکەماندا تێدەپەڕین، قەتاری قورینگانم دەبینی کە بە ئاسمانا دەفڕین، ڕەوکە ئەسپم دەبینی کە دەیان حیلاندو بەرەو هاوینە لەوەڕگا دەڕۆییشتن، جوانووانم دەبینی کە بە دووی ماینان‌دا غاریان دەداو یاڵە خاوەکانیان بەسەر مل و تەوێڵیانەوە بەملاو بەولادا دەکەوت. ڕانە مەڕم دەبینی کە وەکو گڕکانی تواوە لە لوتکەی چیاوە دادەڕژایە خوارێ. تاڤگەو قەڵبەزەی ئاوم دەبینی کە لە وەرزی بەفر توانەوەدا لە چیاکانەوە دەهاتنە خوارێ، خۆرم دەبینی کە لە داوێنی دەشتی پانو بەریندا بەرەو ئاوا



بوون دەچوو،و سوارێکم دەبینی کە بەپەلە بەرەو خۆرنشین دەڕۆیی، لە تۆ وایە دەیەوێ بە کەمەندەکەی خۆی هەتاو بگرێو نەیەڵێ ئاوا ببێ، بەڵام تاریکی هێدی هێدی باڵی بەسەر دنیادا دەکێشاو سواری کەمەندهاوێژ لە نێو تاریکیەکەدا ون دەبوو.

❊❊❊

لەوبەری چیا بەرزەکانەوە، دەشتی پانو بەرینی کازاخستان تا چاو هەتەر دەکات بەرەو ئاسو دەکشێتو دەڕوات، ئەم دەشتانە هەمیشە ئارامو هێدی بوون، بەلاّم ئەو هاوینە جەنگ هەڵگیرساو ئارامی دەشتەکانی شێواند. سواران لە هەموو لایەکەوە ئەسپیان تاو دەدا، سەربازان لە گۆشەیەکی ئەم دەشتانەدا مەشقی سوپاییان پێدەکرا تا بۆ شەڕگە ڤڕێ بکرێن. لە بیرمە کە ڕۆژێك سوارێکی کازاخی بە چوار ناڵە تا کەناری روباری کورکوریو هاتو بە دەنگە منگنەکەی هاواری لە خەڵکی گدوند کردو گوتی:

- ئاهای!... قەرغیزیان!... دژمن گەییوەتە خاکی ئێمە، خێرا سەنگەرو مەتەرێزیان لێبگرن!.

ئەوەی گوتو بە چوار ناڵە بەو قرچەی گەرمایە تێی تەقاندو لەوێندەر رۆیی تا ئەم هەواڵە بگەیەنێتە گوندەکانی دیکەش.

لاوانی ئێمەش کە دەیانبینی خەتەرو مەترسی بەر دەرکەی پێگرتوون، بە هەشتاو ئامادەبوون، سوارچاکانی جەنگاوەرو شەرڤانانی ئێمە بە نێو باهۆزو گەردەلوولی ژێر سمی ئەسپاندا دەشتو بیابانیان دەبڕیو هاوسەرانو دایکان بە دەم فرمێسکەوە دوعای خێریان بۆ دەکردنو... بەرێیان دەکردن.



سەربازان چوون بۆ جەنگو ئەو ماڵباتانەی کە عەزیزانی خۆیان بۆ شەڕگە ناردبوو، بەرە بەرە دەگەڵ غەمو رەنجو کەسەراندا ڕاهاتن.

دانیار، بە گۆرانیەکانی هەر هەموو ئەم دنیایەی بە جوانیو بە نیگەرانیەکانیەوە دەگێڕایەوەو بەرجەستە دەکرد. نازانم ئەم گۆرانیانە لە کێو لە کوێ فێر بووبوو. دانیار لەم گۆرانیانەدا باسی ڤیانو خۆشەویستی خۆی بۆ ئاخی (خاك) ولاّت دەکرد. هەڵبەتە کەسێك دەتوانێ ئەم گۆرانیە پڕ سۆزو گودازو جۆشو خرۆشانە بڵێت، کە غەمی غوربەتو دەربەدەری جەڕباندبێو دانیار سەردەمی منداڵیەتی لە دەشتو دەرو کۆلاّن و لا کۆلاّنانی گوندەکاندا بەسەر گەردانی بەسەر بردبوو. ڕەنگە لەو زەمانو رۆژگارەوە ئەم گۆرانیانە فێر بووبێ،و لە تەنیاییدا بۆ خۆیی گوتبنەوە. یان رەنگە لە بەرەی شەڕداو لە ژێر دەسترێژی ئاگربارانی دژمندا، ئەم گۆرانیانەی هەڵبەستبێو لە رێگەی ئەم گۆرانیانەوە دڵتەنگی خۆی بۆ ئاخی ولاّت گێڕابێتەوە.

کاتێ دانیار گۆرانی دەگوتو بە زمانی گۆرانی، ڤیانو خۆشەویستی خۆی بۆ ئاخی ولاّت دەردەبری، بە ڕادەیەك دەکەوتمە ژێر کاریگەرییەوە، کە حەزم دەکرد خۆم بە عاردەکەدا بدەمو تێر بۆنی بکەم، بەدڵ ماچی بکەم. لەبەر خۆمەوە دەمگوت کاتێ ڤیانو خۆشەویستی ئاخی ولاّت ئەم گۆرانیە پڕ سۆزو جۆشانە بخولقێنێ، دەبێ ئەو خاکە بۆن بکەیت، ما چی بکەیت. هەستێکی سەیرم لەلا دروست بوو بوو، نەمدەزانی چماناو چەمکێکی هەیەو چ رەمزو رازێکی تیایە. حەزم دەکرد منیش بە هەر شێوەیەك بووە ڕازی دەروونم بگێڕمەوە، بە شێوەیەك لە شێوەکان دەری ببڕم، گوزارشتی لێبکەم. دانیار هونەرمەندانە هەستو سۆزەکانی خۆی بە زمانی گۆرانی

دەردەبڕی‌و، کاری لە من دەکرد. هەندێجار بە خۆم دەگوت لەوەیە منیش بتوانم بە نەخش‌و نیگار، ئەوەی دەیبینم‌و هەستی پێدەکەم، بە زمانی هێڵ‌و ڕەنگ وبۆیە بیلێم‌و لەم ڕێگەیەوە کار لە خەڵکی بکەم، لە منداڵییەوە حەزم لە ڕەسم‌و نیگار دەکرد، وێنەکانی ناو کتێبەکانی قوتابخانەم دەکردەوە. منداڵەکان بە سەرسامی دەیانگوت: "ڕەسمەکانی تۆ دەگەڵ ئەوانەی ناو کتێبەکاندا موو ناپسێنن!" رەسم‌و نیگاری دیوارنامەی قوتابخانەکەشمان من دەمکردن. مامۆستاکان هانیان دەدام‌و دەیانگوت ئەگەر بەردەوام بم دەبم بە شێوەکارێکی باش. بەڵام کاتێ شەڕ هەڵگیرساو برایەکانم بۆ بەرەی شەڕ ڕۆییشتن، منیش دەرس‌و دەوام‌و قوتابخانەم تەرك کردو وەکو هاوتەمەنەکانی ترم بۆ کارکردن چوومە کۆڵخۆز،و ئیدی بۆیەو فلّچەم لەبیر چووەوە،و تەنانەت تەسەوڕم نەدەکرد کە ڕۆژێ لە ڕۆژان دووبارە بیر لە ڕەسم‌و نیگارکێشی بکەمەوە. بەڵام دانیار بە گۆرانیەکانی ناخی ناخی هەژاندم‌و بە تەواوەتی گۆڕیمی. بەرەبەرە دنیام بە شێوەیەکی تر دەبینی‌و هەندێجار وام هەستدەکرد ئەمە یەکەمجارە کە چاو دەکەمەوەو دنیا دەبینم.

نەك هەر من، بەڵکو جەمیلەش گۆڕا بوو، جەمیلە ئیدی ئەو ژنە ڕووخۆش‌و بێباك‌و زمان درێژەی جاران نەبوو کە بەگژ هەموو دنیادا دەچوو.نەك هەر کەمدوو بەڵکو بێدەنگیش بوو بوو، خەم نیشتبووە سەر چاوە گەشەکانی. هەموو ڕۆژێ کە بارمان بۆ وێستگەی قیتار دەبرد، لە ڕێگادا دەمبینی کە هەندێجار لەفکران ڕادەچێت‌و ماوەیەکی زۆر بە دەم خەیاڵەوە جڵەوی ئەسپەکان دەگرێتە دەست‌و کڕوکپ لەسەر جێگاکەی خۆی دادەنیشێت. هەندێجار لەم حاڵە دەردەچوو , بزەیەکی نیگەران دەکەوتە سەر



لێوانی. بەڵام بزەکەی ماناو چەمکێکی قووڵتری هەبوو، دەتگوت خەم‌و شادی لە دەروونیا ئاوێتە بوو بوو. پێدەچوو لە شتێك بترسێت، لە خەمی شتێکدا بێت. هەندێجار کە جەواڵە گەنمێکی بە شانیا دەدا تا بۆ عەمارەکەی بەرێت، دەوەستاو دەیڕوانیە دەوروبەری خۆی. وەکو کەسێك بوو کە چاڵێکی قووڵی لە ڕێگەدا بیێ‌و نەزانێ چی بکات، خۆی لە دانیار دوور دەگرت‌و هەرگیز نەیدەڕوانیە چاوانی.

بەڵام ڕۆژێك کە لە خەرمانگاکە بووین، بە دڵسۆزییەوە بە دانیاری گوت:

- ئەم کراسە عەسکەرییەی کە لە بەرتدایە زۆر چڵکن بووە، دایکەنە با بۆتی بشۆرم.

لە دوورەوە دیتم کە کراسەکەی دانیاری لە روبارەکەدا شت و ئەوسا لەبەر هەتاوەکە هەڵیخست تا وشك ببێتەوە، ماوەیەك بە دیاریەوە دانیشت‌و بە لەپی دەست چرچ‌و لۆچەکانی ساف کرد، لەبەر تیشکی هەتاوەکەدا ڕوانیە هەردوو کەتافیە تاڵکێشەکانی، سەی دانەواندو ئەوسا بە خەمینی کەوتە دەست پێداهێنانیان.

جەمیلە ماوەیەك بوو لە ناخی دڵەوە پێنەدەکەنی. تەنیا ڕۆژێك نەبێت کە چەند سەربازێك، بە مەبەستی ئەنجامدانی ماموریەتێك لە شەڕگە گەڕابوونەوەو بۆ چەند سەعاتێك ڕێگەیەیان کەوتبووە گوندەکەی ئێمە،و لە خەرمانگاکەدا بە پێکەنین‌و سوعبەتەوە شەنە دارەکانیان لە دەست ئەو کیژو ژنانەی کە وێنجەی درەو کراویان پێ کۆ دەکردەوەو لەسەریەکیان کەڵەکە دەکرد، سەندو گوتیان:

- دەی کچینە!... یان نانی گەنم‌و خواردنێکی باش‌و خۆشمان بدەنێ یان هەمووتان دەخەینە ئاوەکەوە.

بە سوعبەتەوە ڕووی شەنەکانیان وەکو تفەنگ کردە کیژەکان. کیژەکان پێدەکەنین‌و جەمیلە بە پێکەنینەوە لەبەرسڤی سەربازەکاندا گوتی:

- ئەگەر مەسەلەکە بە تۆبزی بێ، لتێ نانی کەڕووگرتووشتان نادەینێ.

سەربازەکان بە پێکەنینەوە گوتیان:

- ئێمە بۆ ئێوەمانە، ئێوە بۆ کێتانە، کەواتە خۆتان بۆ شەڕ ئامادە بکەن.

ئیدی کچەکان‌و سەربازەکان بە شۆخی‌و پێکەنینەوە کەوتنە پەلامارو راونانی یەکتری‌و سەربازەکان چەند کیژێکیان خستنە ئاوەکەوە.

جەمیلە کە لە هەموویان چەلەنگترو گورج‌و گۆلتر بوو. لە دەستیان رایکرد، تا سەرەنجام دوو سێ سەرباز لە چەند لایەکەوە گەمارۆیان دا، گرتیان‌و هەڵیانگرت.

- یا ماچێکمان دەدەیتێ یان دەتخەینە روبارەکەوە.

- با دۆژەنکێی پێبکەین!

جەمیلە دەیویست خۆی رزگار بکات، بەدەم قاقای پێکەنینەوە هاواری لە دەستە خۆشکەکانی کرد کە فریای بکەون. بەڵام دەستە خوشکەکانی بە کەنار روبارەکەدا غاریان دەدا تا لەچکەکانیان لەسەر ئاوەکە بگرنەوە.

سەربازەکان جەمیلەیان بە دەم دەمرێژی پێکەنینەوە هەڵدایە ئاوەکەوە. جەمیلە هەر چۆنێ بوو لە روبارەکە هاتە دەرێ، ئاو لەسەرو قژە بژەکەی دەچۆڕایەوە. کراسەکەی بەری تەڕ تەڕ بوو بوو، و بە بەدەنیەوە چەسپی بوو و هێندەی دیکە سمت‌و ساتانە خڕەکەی بەرجەستە کردبوو، سینەو مەمانی



دەرپەڕاندبوو، بەمەش هێندی دی جوان بوو بوو. جەمیلە بەخۆی هیچی نەدەبینی، بەڵکو بەدەم پێکەنینەوە دەهەژییەوە،و وردە جۆگەلەی ئاو بەدەموچاوە گولێنەکەیەوە دەهاتە خوارێ.

سەربازەکان سوور بوون لەسەر داوای ماچ

- ماچێك! یان...

سەربازەکان جارێکی تر هەڵیاندایەوە ناو ئاوەکە.

جەمیلە کاتێ بەدەم پێکەنینەوە لە ئاوەکە وەدەرکەوت قژە بەرەڵلاکەی بەسەر شانوملیا رژا بوو و تا ناوقەدی هاتبوو.

هەموو ئەو پیرەمێرانەی کە لە خەرمانگاکەدا خەریکی شەنەبا بوون، دەستیان لە کار هەڵگرتبوو و بەدەم تەماشای ئەو گەمەو نمایشە خۆشەی گەنجەکانەوە پێدەکەنین. منیش لەم گەمەیەدا نیگەرانی جەمیلە نەبووم، وەکو جاران غیرەم نەدەکرد. لە سووچێکەوە وەستا بووم و وەکو هەموو ئەوانی دی بەدەم تەمەشا کردنەوە لە ناخی ناخمەوە پێدەکەنیم. وادیار بوو هەمووان هەستیان بەوە دەکرد لەو رۆژگارە سەخت‌و دژوارەدا پێویستیان بەمجۆرە شادی‌و کەیف‌و خۆشییە هەیە.

تەنیا دانیار پێنەدەکەنی. من کە بە رێکەوت نیگام لەسەر ئەو گیرسایەوە، لێوی خۆم گەست‌و لە پێکەنین وەستام. سەیرم کرد رەق راوەستاوەو هەردوولاقی بلاو گرتوون، وام دەهاتە خەیاڵ دانیار تەحەمول ناکات‌و هاکا بە هەشتاو چووە هانای جەمیلەوە. لە شوێنی خۆی رەق راوەستا بوو و بە خەمینییەوە دەیڕوانیە ئەم دیمەنەو لە هەمان کاتدا جوانی‌و شەنگوڵی جەمیلە مەستی کردبوو. کاتێ کە سەربازەکان جەمیلەیان بە خۆوە

دەگوشی‌و داوای ماچیان لێدەکرد سەری دادەخست‌و جوڵە جوڵێکی پێدەکەوت وەك ئەوەی بیەوێ لەوێندەر بڕوات. بەڵام پێی ڕێی دانەدەگرت.

لەم کاتەدا جەمیلەش چاوی پێیکەوت. لە پڕ پێکەنینەکەی بڕی‌و چاوانی داخست‌و بە سەربازەکانی گوت:

- دەی کوڕینە بەسە. گەمەو وازی بەسە. ئیدی پێکەنین‌و شۆخی تەواو.

یەکێك لە سەربازەکان دەیویست لە هەمێزی بگرێت، بە توندی تێی خوڕی:

- بەسە! وازم لێ بێنە!

لە دوورەوە بە نیگایەکی مانادار عوزرخوایی لە دانیار کرد، ئەوجا بۆ ناو قامیشەڵانەکان ڕۆیی تا لەوێندەر جلەکانی وشك بکاتەوە.

هێشتا لەلام روون نەبوو کە جەمیلەو دانیار چ جۆرە هەستێکیان بەرانبەر بە یەکدی هەیەو دۆستایەتی ئەوان چ ماناو چەمکێکی هەیە،و لە چ ئاستێکدایە. پیاو ڕاست بڕوات حەزم نەدەکرد بیر لەم مەسەلەیە بکەمەوە. بگرە هەرکاتێ کە دەمبینی جەمیلە خۆی لە دانیار دوور دەگرێت‌و سڵی لێدەکاتەوەو خەمبار دێتە بەرچاو، نیگەران‌و نارەحەت دەبووم‌و حەزمدەکرد کە جەمیلە وەکو جاران شادو ئاوەدان‌و قەرەباڵغ بێ‌و دەگەڵ دانیاردا شۆخی‌و سوعبەت بکات‌و سەر بخاتە سەری. هەروەها کاتێ کە بە عارەبانە لە وێستگەی قیتار دەگەڕاینەوەو شەومان بەسەردا دەهات‌و دانیار شیعرو گۆرانی دەچڕی، هەستم دەکرد کە ئەم گۆرانیانە روح‌و فیکری ئەو جووتە پێکەوە گرێ دەدات، یەجگار خۆشحاڵ دەبووم.

لەم شەوانەدا کاتێ کە بە ملەو هەورازە سەختەکەدا ڕەت دەبووین جەمیلە لە عارەبانەکەی دادەبەزی‌و شان بە شانی ئەسپەکان کە بە خاوی دەڕۆییشتن، بە پێیان ڕێی دەکرد. منیش چاوم لەو دەکردو دادەبەزیم، دانیار لە ناو عارەبانەکەیەوە، جڵەوی ئەسپەکانی دەگرت‌و گۆرانی دەگوت، ئێمە لە سایەی کپی‌و خامۆشی شەودا گوێمان لە دەنگ‌و ئاوازی ئەو دەگرت. حەزم دەکرد لەو تاریکیەدا چاوانی دانیار بدینم تا باشتر لە مانای گۆرانیەکانی بگەم.

جەمیلە هەندێجار دەچووە پێشترەوە. لێی نزیك دەبووەوە. تەنانەت هەندێجار دەستی دەخستە سەر قەراخ ئەو چوار پایەی کە دانیار لەسەر دانیشتبوو. بەڵام دانیار لە دنیای خۆیدا بوو، چاوی بڕی بووە تاریکییەکەو گۆرانی خۆی دەچڕی‌و هەر ئاگای لە جەمیلە نەبوو. جەمیلەش هێندە پەریشان دەبوو کە دەستی لە قەراخ چوارپایەکە هەڵدەگرت‌و چەند دەقیقەیەك بە واقی وڕو حیرەتەوە دەیڕوانیە دانیار.

لەو ڕۆژانەدا کەم دابێژێك هەستم دەکرد کە جەمیلە بە هەستێکی سەیرەوە جەڕیوەو ناتوانێ دەری ببڕێت، یانی خۆیشی هێشتا بە تەواوەتی نەیدەزانی کە چ جۆرە هەستێکی لە ناخدا پەنگاوەتەوە،، گلۆڵەیەکی ئاڵۆزکاو بوو.

کارەکەمان یەجگار قورس بوو. ئەو ڕۆژانەی کە نەدەچووین بۆ وێستگەی قیتارو لە مەزرادا کارمان دەکرد، تەنانەت دەرفەتی بیرکردنەوەشمان نەبوو. هەرکاتێ وەختی پشوو هاتبا جەمیلە ئۆقرەی لێدەبڕا، وێڵ‌و سەرگەردان لەملا بۆ ئەولا دەڕۆیی. دەچووە لای شەنکەران، چەند دەقیقەیەك لەنك وان دەماو چەند دەمە شەنەیەك پاخوای بۆ بەبادا دەدان، ئەوسا دەچوو بۆلای مەڵۆنێرەکان. لەوێش نەدەحەواوەو دەچوو لە سێبەری دارێکدا یان لە پەنای

گیشەیەکدا دادەنیشت وەکو یەکێك لە تەنیایی بترسێت، منی گازدەکردو دەیگوت:

- بچکۆل.. وەرە بۆ ئێرە... من زۆر تەنیاو بێتاقەتم. لە تەنیشتیەوە ڕۆدەنیشتمو چاوەڕوان بووم زار هەڵێنێو دەردی دڵی خۆیم بۆ هەڵڕێژێ. چاوەنۆڕی ئەوە بووم لە زاری خۆیەوە بژنەوم کە بۆچی ئەوەندە پەریشانو پەشێوە. بەڵام کرو کپ هیچی نەدەگوت، هەندێجار بەدەستە گەرمەکانی دەستەکانی نەوازشت دەکردم. دەمڕوانیە دوڕ چاوە غەمگینەکانی ئەوو ئەو خەمەم کە نیشتبووە سەر دڵ، لە ئاوێنەی چاوی ئەودا دەبینی. هەستم دەکرد شتێك ئازاری روحی دەدات، گینگڵی پێوە دەخواتو هێزو شنگی لەبەر بڕیوە. بەڵام جەمیلە نەیدەویست گرێی دڵی خۆی بکاتەوە. زاتی نەدەکرد بڵێت دانیاری خۆشدەوێ. جا من لەم بەینەدا تیا مابووم، بە هەر حاڵ جەمیلە براژنی من بوو، بووکی دایکم بوو، حەزم نەدەکرد حەز لە دانیار بکات.

من لە تەمەنێکا نەبووم کە زۆر سەر لە ڤیانو دڵداری دەربکەم. هەرچەندە هەندێ شتم لەمەڕ ئەڤینداری لەمو لەو بیستبوو، بەڵام نەمدەزانی ئەمە چۆن ئاگرێکە وا خەڵکانێك بە پەرۆشەوە خۆی پێدا دەدەنو لە سووتان ناترسن. ئیدی ئەم بیرو خەیاڵانەم لە چاوتروکانێکا بە مێشکدا دەهاتو بە پەلە لە خۆمم دەتاراندن, زۆرم لە گیان خۆش بوو کە لێوە تەنکە کراوەکانی جەمیلە بدینم، هەندێجار کە تەنکە نمێکی فرمێسکم بە چاوانی جەمیلەوە دەبینی, هێندەی دیکە لەبەر چاوم جوانو دڵڕفێن دەبوو. لەو سەروبەندەدا لەمە زیاتر هیچی ترم نەدەبینیو نەدەزانی. ئێستا کە ماوەیەکی زۆر زۆر بەسەر ئەو



ڕۆژگارەدا ڕۆییوە، تازە تێدەگەم کە جەمیلە چ دەردێکی لە دڵو دەروندا بووەو چ کەسەرێکی لە ناخدا حەشار داوە. لەو سەروبەندو ڕۆژگارەدا کە جەمیلەم بە پەرێشانیو پەشێوی دەبینی، حەزم دەکرد سەر هەڵگرمو بکەومە دەشتو بیابانان , لە ناوەندی ئەو دەشتە پانو بەرینەدا یەك بەزار هاواربکەمو لە عەردو ئاسمان بپرسم کە چاری من چیە؟ چ بکەم؟ دەبێ چ بۆ دەرمانی دەردی جەمیلە، کە بە دروستی نەمدەزانی چ دەردێکیەتی، بکەم؟ شەوو ڕۆژ ئەم پرسیارەم لە بیرو لە خەیاڵ بوو، سەرەنجام وەڵامی خۆم دۆزییەوە.

ڕۆژێك بە عەرەبانەکانمان لە وێستگەی قیتار دەگەڕاینەوە. کە لە هەورازو ملەکە ڕەت بووین دنیا تاریك بوو. منو جەمیلە دابەزینو بە پێیان شان بە شانی ئەسپەکان دەڕۆییشتین. ئاسمان یەکپارچە ئەستێرە بوو، دەتگوت بەبار ئەستێرەی پێوەرکرابوو، دەشتو بیابانەکە لە غوڕابی خەودا بوو. دانیار جڵەوی ئەسپەکانی بەدەستەوە بوو و سترانی دەچڕی. ئەسپەکانی ئەو خاوو هێدی دەڕۆییشتن. دەنگو ئاوازی دانیار لە تاریکییەکەدا بڵاودەبووەوە, لە دووری دوور دەنگی دەدایەوە.

نازانم ئەو شەوە چ سۆزێك لە دەنگو ئاوازی دانیاردا هەبوو کە لە شەوانی دی پتری دەجوڵاندینو سۆزی دەبزواندینو حەزمان دەکرد هاوسۆزیو هاوخەمی دەگەڵ بکەین.

جەمیلە چووە پێشترەوە، گەییە ئاست عەرەبانەکەی دانیار، لەو کاتەدا کە دانیار گۆرانی دەچڕیو لە هەوای خۆیدا بوو، جەمیلە سەرکەوتە سەر عارەبانەکەی ئەوو لە تەنیشتیەوە ڕۆنیشت... دەستی خستە سەر سینگو

بەرۆکی خۆیو بە کرێو کپی دانیشت... منیش شان بە شانی ئەوان دەڕۆیشتمو بۆ ئەوەی دوانەکەوم جار جار گورگە لۆقەیەکم بۆ دەکردو ژێراوژێر تەمەشام دەکردن. دانیار هەر گۆرانی دەچڕی. دەتگوت ئاگای لێ نییە کە جەمیلە بەتەنیشتییەوە رۆنیشتووە. جەمیلە وردە وردە لێی نزیکتر بووەوەو ئازای خاو بووەوەو سەری خستە سەر شانی دانیار. بۆ ساتێ هەستم کرد کە سەراپای دانیار کەوتووەتە لەرزینو دەنگی دەلەرزێ. بەلاّم زوو بەخۆی هاتەوەو لەسەر گۆرانی گوتنی خۆی بەردەوام بوو. پتر دەنگی لێ هەلّبڕیو گۆرانییەکی ئەڤینداری دەچڕی.

حەپەسا بووم، نەمدەزانی چ بکەم. ڤیانو ئەشق ئەو جووتەی مەست کردبوو، وەکو شتێك دنیام لەبەر چاو رووناك بوو بووەوە. تاریکی شەوەکەم نەدەبینی. دوو ئاشقم دەبینی کە پەنایان بۆ یەکتر بردبوو. ئەوان بە تەواوەتی ئاگایان لە من بڕابوو، هەستیان نەدەکرد من لە چەند هەنگاوی ئەوانەوە رێ دەکەمو تەمەشایان دەکەم. ئەو جووتە نەك هەر من، بەلّکو هەموو دنیایان لە بیر کردبوو. لەو ساتانەدا حالێکی وەهایان لێهاتبوو کە نەم دەناسینەوە، وەکو دوو غەوارەی نەناس دەهاتنە بەرچاوم. ئایا ئەو پیاوەی کە بە کراسێکی کالّەوە بووی چلکنی دوگمە پچڕاوەوە عەرەبانەی داژۆتو سترانی دەچڕی دانیار بوو؟ ئایا ئەو ژنەی کە ماتو کڕو کپو شەرمن لە تەنیشت دانیارەوە دانیشتبوو و سەری نابووە سەر شانی، جەمیلە شۆخو دەم بە خەندەکەی جاران بوو؟ لەو ساتانەدا هەردووکیان بۆ من نەناس بوون. بەلاّم ئەوان بەختەوەربوون. شاد بوون. شادی ئەوان لە خەیالّ بەدەر بوو. خۆشەویستی نیشتمان کە ئیلهامی ئەو دەنگو ئاوازەی بە دانیار بەخشی



بوو، دانیار ئەمێستا هەمووی بە جەمیلە بەخشی بوو، بە کولّو بە دلّ گۆرانی بۆ ئەو دەچڕی. لە پێناوی ئەودا گۆرانی دەگوتو، بەویدا هەلّدەگوت. ئەشقبارانی دەکرد.

من کە ڤیانو ئەشقی ئەو جووتەم بەچاوی خۆم بینی بوو، کەلّکەلّەو ئارەزوویەکی ئالّۆزو نامەفهومم کەوتە سەر. لە پڕ هەستم کرد کە حەزدەکەم نیگاری ئەو جووتە دلّدارە بکێشمو لە رێگای فلّچەو بۆیەوە ئەو ساتە تیژتێپەڕانە ڕاوبکەم ونەمری و جاویدانیان پێ ببەخشم.

لە هەوەلّەوە ئەم تەسەورو خەیالّەم بە لاوە ترسناك بوو. لێی دەترسام. بەلاّم کەلّکەلّەو ئارەزووەکەم زۆر لە ترسەکە گەورەتر بوو. بۆیە ترسەکە زوو ڕەوییەوە. بە خۆم گوت هەر چۆنێ بووە دەبێ وێنەو نیگاری ئەو جووتە ئەڤیندارە بخەمە سەر کاغەز, بە هەمان شێوەو حالّەتی ئەم ساتانەیانەوە وێنەیان بکێشم. ئەم تەسەورەم بە لاوە خۆشو روحنەواز بوو، لە تۆ وایە گەرەکمە بە نیگارکێشی, خۆم بکەم بە شەریکی شادیو بەختەوەری وان. دەمویست ئەشقو ڤیان بە هەمان جوانیو شکۆدارییەوە کە لە گۆرانییەکەی دانیاردا هەبوو بەرجەستە بکەم. بەلاّم ئەوەم پێدەکرێ؟ هەستم دەکرد چ لە ترساو چ لە خۆشیا هەناسەم سواردەبێ. بە خۆشحالّیو بڕێك سەرسامی رێم دەکرد. منیش شادمان بووم. نەمدەزانی ئەم کەلّکەلّەو ئارەزووە لە ئایندەدا بە کوێ دەگاتو چ سەریەشەو کێشەیەکم بۆ چێدەکات. لە دلّی خۆمدا دەمگوت بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە دەبێ دنیا لە چاوی جەمیلەو دانیارەوە بدینم. لە دلّی خۆمدا دەمگوت دەبێ لەم تابلۆیەدا گۆرانییەکی دانیار بە ڕەنگ بگێڕمەوە، دەبێ لەم تابلۆیەدا ئاسمان بە گەوالّە هەورانەوە، دەشتی

پان بەرین، جادەیەکی دوورو درێژ، بەرجەستە بکەم، و ئەو جووتە ئەڤینداره، دەست لە نێو دەست بەو جادەیەدا بەرەو شوێنێکی نادیار بڕۆن. بەڵام پێویستم بە بۆیە بوو، باشە بۆیە لە کوێ بێنم؟ لەو گوندەدا بۆیە نەبوو. لە قوتابخانەکەش هیچ بەسەر هیچەوە نەمابوو، و بۆیەی لێ نەمابوو... دڵنیا بووم کە ئەگەر بۆیەم هەبێ، لە عۆیەی ئەم کارە دێم...

من لەم فکرو خەیاڵانەدا بووم کە لە پڕ دانیار گۆرانیەکەی بڕیو بێدەنگ بوو. چونکە جەمیلە باوەشی پێدا کردبوو. بەڵام ئەم حاڵەتە لە چەند ساتێك پتری نەخایاند. جەمیلە لە عارەبانەکە خۆی هەڵدایە خوارێ. دانیار کە پەشۆکا بوو جڵەوی ئەسپەکانی ڕاکێشاو رایگرتن. جەمیلە بەدەم پەڵمە گریانەوە هاواری بەسەردا کرد:

- چیتە؟ بۆ واقت وڕماوە؟ تەمەشای من مەکە دەی خێرا بەرەو گوند باژۆ.

ئەوسا سەرکەوتە سەر عارەبانەکەی خۆی, رووی کرد منو گوتی:

- ئەدی تۆ! بۆچی وا سەیرم دەکەی؟... خێرا سەرکەوە و باژۆ... ئۆف لە دەست ئەنگۆ.

بەخۆیشی نەیدەزانی چ دەکاتو چ دەڵێت.. بە ناچاری سواری عارەبانەکەم بووم. پیرە قامچیم لە ئەسپەکان باداو بە هەشتاو بەرەو گوندم تاودان.

دەمزانی جەمیلە گیرۆدەی چ قەرقەشەیەك بووە. بە هەرحاڵ مێردەکەی لەو سەروبەندەدا بریندارى شەڕ بوو، و لە خەستەخانەیەکی ساراتۆفدا کەوتبوو، و جەمیلەش نەیدەزانی کە بەو وەزعو حاڵەوە چ بکاتو چارەنووسی ئەم ئەشقەی چ دەبێت؟ بەڵام من نەمدەویست بیری خۆم بەم شتانەوە مژول بکەم. لە خۆم بێزار بوو بووم. خۆ ئەگەر بمزانیبا کە لە مەودوا ئیدی دانیار شیعرو



گۆرانی ناڵێتو جارێکی دی گوێم لە دەنگو ئاوازی نابێت، لەوە بوو گلەییەکی زۆر لە جەمیلە بکەم.

یەجگار ماندوو بووم. خوا خوام بوو زووتر بگەمە خەرمانگاکەو خۆم بەسەر گیشەیەکدا بدەمو کەمێك بحەسێمەوەو بیری پەشێوو پەرێشانم کۆبکەمەوە. ئەسپەکان بە یۆرغە دەرۆییشتنو کەفەڵی زەلامیان بەردەوام شەپۆلی دەداو پێچکەی عەرەبانەکە لەسەر چەوو بەردی سەر ڕێگاکە دەخزینو هەندێجار جڵەوی ئەسپەکانم لە دەست بەر دەبوو.

کە گەیشتمە خەرمانگەکە،نیرم لە ئەسپەکان کردەوە. خستمنە ژێر عەرەبانەکە .دەمزانی دانیار ئەسپەکان بۆ پاوەنەکە دەبات.ئیدی یەکسەر ڕامکردو خۆم دا بەسەر خەرمانێك کاوکلۆشدا و خەوتم.

بەیانی لە خەو ڕابووم. شادو بەکەیف بووم. بیرم هەر لەلای نیگارکێشی بوو. بەخۆم دەگوت کە دەبێ وێنەی جەمیلەو دانیار لە باوەشی دەشتێکی بەریندا بکێشم. جەمیلەو دانیارم بە وردی دێنانە پێش چاوی خۆم، حەزم دەکرد زۆر بە دروستیو ڕێك وەکو خۆیان وێنەیان بکێشمو بیانخەمە سەر کاغەز. وەکو باڵندەیەك وا بووم کە فڕینی بەلاوە لە هەر کارێکی تر ئاسانترە. هەستم دەکرد نیگارکێشی بۆ من ئاسانترین کارە، هەر ئەوەندەم زەحمەتە فڵچە بگرمە دەستو بۆیەی دڵخوازی خۆم پەیدا بکەم. ئیدی کارەکە تەواو بووە.

بە هەشتاو بەرەو روبارەکە نشێو بوومەوە، دەستو چاوم شتو چووم بۆ لەوەڕگەکە. هەر ئەسپێکیان لە سووچێکدا پێوەن کردبوو. پێم پەتی بوو، پاژنەی پێم قڵەشا بوون، کە وێنجە ئاونگاویەکەی بەردەکەوت زۆری ئازار

دەدام، بەڵام گوێم نەدەدایە. بەکەیفو خۆشحاڵ بووم. بە پەلە دەڕۆییشتمو هەر شتێکم دەهاتە ڕێ بە وردی سەرنجم دەدا. هەتاو لەودیو چیاکانەوە سەری دەرهێنا بوو. گوڵە بەڕۆژەی کەنار روبارەکە دەیانڕوانیە هەتاوەکە، دەتگوت شەیدای هەتاونو حەزدەکەن گزنگی هەتاوی بەیانی بنۆشن. کەمێ لەولاترەوە ئاوی روبارەکە بە هەشتاو دەڕۆییو بە نێو چڕە بنجی پونگەو نەعناو وەنەوشەدا تێدەپەڕی. لە سەر خاکی وڵاتی خۆم بوومو هەموو شتێك بۆ من ئاشنا بوو. پەڕەسێلکان بەسەر سەرمەوە دەفڕین. خۆزیام دەخواست فڵچەو بۆیەم پێ بوایەو هەتاو وشاخو داخو لەوەڕگەو پاوانو روبارو گوڵەبەڕۆژەکانو بنجە پۆنگەو نەعناو وەنەوشەکانم وێنە بکێشایە. بەڵام دوای ئەم گەشتو گوزارە، کاتێ گەییمەوە خەرمانگاکە، دڵم گیرا. چونکە جەمیلەم بە خەمباری بینی. دیار بوو شەوێ تا بەیانی نەخەوتووە. چاوەکانی سوور بوو بوون. نە بزەیەك بەسەر لێوانیەوە بوو نە تاقەتو حەوسەڵەی هەبوو شتێك بڵێ. دوای چەند چرکەیەك کە ئورزومات، سەرپەرشتیاری کۆڵخۆزەکە، بە سواری ئەسپ هات، جەمیلە پێی گوت:

- من ئیدی بۆ وێستگەی قیتار ناڕۆم. ئەوە عەرەبانەکەت بیدە بە نەفەرێکی دی. لە ئەمڕۆوە ئیدی لە مەزراکەدا کاردەکەم یان لە هەر شوێنێکی تردا کە تۆ بڵێی.

ئوروزمات بەسەرسامیو سادەیی گوتی:

- خێرە، هیچ شتێك بووە گیانە؟ زەردەواڵەیە مەردەواڵەیە پێوەی داوی؟

- زەردەواڵە حەدی نییە بە منەوە بدات... هیچم لێ مەپرسە. هەر ئەوەیە کە گوتم، ئیدی بۆ وێستگە ناڕۆم.



سەرپەرشتیاری کۆڵخۆزەکە کە زانی بە جدیەتی، بە شێوەیەکی ئامیرانە گوتی:

- جەمیلە، من وای دادەنێم کە گوێم لەم قسە بێ مانایانە نەبووە! بتەوێو نەتەوێ دەبێ بڕۆیت بۆ وێستگەی قیتار،و ئەمە چەندوچوونی ناوێ، ئەگەر کەسێك عاجزی کردویت، ئەزیەتی داوی پێم بڵێ تا ئەم دارەی لە گیاندا بشکێنم، ئەگەر شتی واش لە گۆڕێ نیە، دەبێ بڕۆیت. دەبێ نانو ئازووقە بگەیەنینە بەرەی شەڕ، نابێ سەربازەکانمان برسی بن، مێردەکەت سەربازەو پێویستی بە نانە.

هیچی دی نەگوت، قامچییەکی بە ئەسپەکەیدا کێشاو لەوێندەر دوورکەوتەوە.

جەمیلە لە شەرمو حەژمەتا سوور هەڵگەڕا بوو. سەیرێکی دانیاری کردو ئاهێکی هەڵکێشا. دانیار خەریك بوو عارەبانەکەی لە ئەسپەکان دەبەست، گوێی لە هەموو گفتوگۆیەکی نێوان جەمیلەو سەرپەرشتیاری کۆڵخۆزەکە بوو بوو. جەمیلە هەڵوەستەیەکی کرد، ئەوجا قامچیەکەی بە عاردیدا کێشاو بەرەو عارەبانەکەی ڕۆیی.

ئەو رۆژە لە رۆژانی دی زووتر بارەکانمان تەحویل داو بە عارەبانەکانمان بەرەو گوند وەڕێ کەوتین. دانیار بە هەشتاو عارەبانەکەی داژۆت. جەمیلە پەشێو و پەرێشان بوو، و ورتەی لێوە نەدەهات. دەشتو دەرەکە لەبەر چاوم سەوزیو جوانیەکەی جارانی نەبوو. لە تۆ وایە هەمووی وشك بووەوە سووتاوە. لە خۆم دەپرسی کە بۆچی هەموو شتێكو گشت شوێنێك تاریكو نوتەیەك بووە؟ خۆ تا دوێنێش جەوەکەی ئەوەندە خەمناك نەبوو! تا دوێنێ

هەمووان شادو بە کەیفو بەختەوەر دەهاتنە بەرچاو. جەمیلەو دانیار شادو بە کەیف بوون. وام هەستدەکرد ئەم بیرەوەریەم بە عەمراتم لە بیر ناچێ. کەچی ئەمڕۆکە هەمموو شتێك نقومی تاریکی بوو بوو.

کە گەییشتینەوە گوند، چووم بۆ ئەو شوێنەی کە کیژە قەپاندارەکە فەردە گەنمەکانی تیا لە قەپان دەدا. قەڵەمو کاغەزێکم لێی دزیو بە هەشتاو بەرەو خەرمانگاکە چووم. لەسەر خەرمانە کایەك دانیشتمو کاغەزەکەم نایە سەر بێڵەدارینەیەكو بە دەنگی بەرز بە خۆم گوت:

- خودا یارت بێ!... بڕۆ بزانم چ کارێ دەکەی!

هێشتا لە بیرم مابوو کە کاتێ منداڵ بووم, بابم دەیویست ئەسپ سواریم فێر بکات، جاری یەکەم کە لەسەر زینەکەی دانامو هەوساری ئەسپەکەی دایە دەستم, پێی گوتم: "خودا یارت بێ! بڕۆ بزانم چ کارێ دەکەی!"

جا ئێستا بە هەمان ئەو وشانە زاتم وەبەر خۆ دەنا.

بە قەڵەمەکە چەند خەتێکی خوارو خێچم لەسەر کاغەزەکە کێشا کە زۆر باش نەبوو. بەڵام بەرەبەرە دەستم ڕاهاتو زاتم پەیدا کردو کارامەیی پێویستم لاپەیدا بوو. وێنەی عەرەبانەکەم بە ئەسپەکانەوە کێشا، دانیارو جەمیلەم بەسەر عارەبانەکەوە وێنەکێشا، جەمیلە سەری نابووە سەر شانی دانیار، چوار دەوریان دەشتی پانو بەرین بوو، ئەستێران بەسەر سەریانەوە دەدرەوشانەوە.

بە جۆرێ لە کارەکەمدا نقوم بوو بووم کە نە هیچم دەبینی و نە هیچ دەنگو سەدایەکم دەژنەوت. نازانم چەند سەعات بوری بوو، لە دەنگی جەمیلە وەخۆ هاتمەوە، سەیرم کرد بە دیار سەرمەوە وەستاوەو دەڵێت:



- لە کوێی؟ خەریکی چیت؟... چەند جارم گاز کردیت وەڵامت نەدایەوە. خێراکە درەنگە، دەبێ بکەوینە ڕێ!...

بە جۆرێ حەواسم پەرت بوو بوو کە نەمتوانی ئەو نیگارە وەشێرم. جەمیلە پەڕە کاغەزەکەی لە دەست وەرگرتم، نیگایەکی کردمو توڕە بوو. لە تەریقی دا حەزم دەکرد کە عاردەکە شەق بەرێو قووتم بدات. جەمیلە هێشتا هەر تەمەشای نیگارەکەی دەکرد. فرمێسك لە چاوانیدا قەتیس مابوو. بە ئەسپایی گوتی:

- بچکۆل!... ئەم رەسمە بدە بە من... یادگارێکی باشە. ئەوسا کاغەزەکەی دوو قەد کردو لە بەرۆکی نا.

بەرەو گالیسکەکان چووین. کەوتینە ڕێ. دەتگوت خەو دەبینم. ئەوەی لەزەینو خەیاڵمدا بوو خستبوومە سەر کاغەز. لە کانگای دڵەوە شاد بووم، تەنانەت کەیفەکەرانەیەکیش گرتبوومی: هەستم بە غروور دەکرد! وامدەزانی دەتوانم ببم بە نیگارکێشێکی باشو هەرچیەك ببینمو هەرچیەکم بە خەیاڵدا بێت، بیخەمە سەر کاغەز، نەك هەر بە خامە، بەڵکو بە بۆیەی ئاویو زەیتیش نیگارکێشی بکەم.

ئەو ڕۆژەش دانیار وەکو هەمیشە لە پێش ئێمەوە دەڕۆییو خێراتر لە جاران ئەسپەکانی داژۆت. ئەسپەکان بە یۆرغە دەڕۆییشتن. جەمیلەش بەهەمان خێرایی دەڕۆییو بە تاسەوە دەیڕوانیە دەرو دەشتەکەو ناو بە ناو بزەیەکی دەکەوتە سەر لێوان، لەوە دەچوو هەست بە تاوان بکات. منیش پێدەکەنیم: ئەمە خۆی لە خۆیدا نیشانەی ئەوە بوو کە نە لە منو نە لە دانیار توڕە نیە،

ئەگەر داوا لە دانیار بکات گۆرانی بچڕێ، بێگومان ئەمڕۆش دەیڵێ...
نەمدەزانی ئەو جووتە چ هزرو بیرێکیان لە مێشكو خەیاڵدایە.

ئەمجارە زووتر لە جاران گەیشتینە وێستگەکە، ئەسپەکانمان شەلاڵی ئارەقە بوون. هەر وەستاینو نەوەستاین دانیار بەپەلە کەوتە کارکردنو بارداگرتن، نەمدەزانی بۆ ئەوەندەی پەلەیە. بەڵام کاتێ کە قیتارەکان دەکەوتنە ڕێ بەدەم کارەوە هەڵوەستەیەکی دەکرد، لە فکران ڕادەچوو، و نیگای دەبڕییە ئەو قیتارانەی کە لە وێستگەکە دوور دەکەوتنەوە. جەمیلەش وەك بڵێی بیری ئەوی خوێندبێتەوە، بە نیگا ئەو قیتارانەی بەڕێ دەکرد کە دەهاتنو دەڕۆییشتن.

دوای ئەوەی هەموو فەردە گەنمەکانم بردە عەمارەکە، جەمیلە دانیاری گازکرد:

- وەرە!... ناڵی ئەم ئەسپە بەربووەو خەریکە دەکەوێ. یارمەتیم بدە با دەری بێنم.

دانیار دەستی ئەسپەکەی خستە نێوان هەردوو ئەژنۆی, بەدەم تەمەشاکردنی جەمیلەوە ناڵەکەی دەرهێنا. جەمیلە بە ئەسپایی پێی گوت:

- چیتە؟ یانی تێ ناگەی من لە چ حاڵێکدام؟ یانی قاتی ئافرەتە، هەر من لەم دنیایەدا هەم؟... بۆ بە منەوە گرتووتە؟...

دانیار چاوی لێ نەدەگواستەوە , جەمیلە ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:

- بۆ من زەحمەتە، ئاسان نیە.

دانیار بە ئەشقەوە تەمەشای دەکردو زۆر بە ئەسپایی شتێکی گوت کە من گوێم لێی نەبوو. ئیدی بە پەلە بەرەو عارەبانەکەی ڕۆیی؟ بەدەم ڕێوە یاری بە



ناڵەکە دەکرد. سەرم لەم رازو نیازەیان دەرنەدەکردو نەمدەزانی چ تەگبیرو ئۆینێکیان لە ژێر سەردایە. لە خۆم پرسی: "بۆچی جەمیلە دەڵێت بۆ من زەحمەتە، ئاسان نیە؟ بۆچی دەڵێت چما قاتی ئافرەتە، هەر من لەم دنیایەدا هەم؟ چی زۆرە ئافرەت زۆرە، ئافرەتی لە من باشتر زۆرە. ئەو جووتە چ بیرو خەیاڵێکیان لە مێشکدایە؟".

دوای ئەوەی جەواڵە گەنمەکانمان گەیاندە عەمارەکە، دەمانویست بە عارەبانەکانمان بکەوینە ڕێو بۆ گوند بگەڕێینەوە کە سەربازێکی ئاسیودیدەی جەنگمان بینی. پاڵتۆیەکی کۆنی ڕەنگ کاڵەوە بووی بە شانەوە بوو، کۆڵە پشتییەکی بە کۆڵەوە بوو. بە دەنگی بەرز گوتی:

- ئەرێ هیچ کەسێکی خەڵکی گوندی کورکوریو لێرە هەیە؟

چوومە پێشەوەو گوتم:

- من خەڵکی کورکوریوم.

لە دڵی خۆدا گوتم دەبێ ئەم سەربازە کێ بێ.

سەربازەکە پرسی:

- لاوژۆکە!... تۆ لە کام تیرەو ماڵباتی؟

دەمویست وەڵامی بدەمەوە کە ئەو سەربازە بەدەم ڕێوە بۆ لای من چاوی بە جەمیلە کەوت، هاتە پێشترەوە. جەمیلە ناسییەوەو هاواری کرد:

- کەریم! ئەمە تۆی؟

- جەمیلە! هاوشاریە ئازیزەکەم!... بەخوا ڕێکەوتێکی باش بوو کە تۆم بینی.

سەربازەکە بە هەردوو دەست دەستی جەمیلەی گوشیو گوتی:

– به خوا ڕێکەوتێکی باش بوو. من بۆیە لێرە لە قیتار دابەزیم تا بەڵکو تۆ یان یەکێك لە خەڵکی لای ئێوە ببینم. من‌و سادق لە یەك نەخۆشخانەدا بووین، من زووتر چاك بوومەوە. سادق ڕەنگە یەك دوو مانگی دی یان زووتر مەرەخەس ببێ. کە لێکدی جیا بووینەوە پێمگوت: نامەیەك بۆ ژنەکەت بنووسە من بۆی دەبەم.... فەرموو ئەمە نامەکەیە. نامەکەی سادقی، کە لە شێوەی قەزمەنووشتەدا دەق کرابوو، دایە دەستی. جەمیلە نامەکەی وەرگرت‌و لە شەرما سوور بووەوە. ژێراو ژێر تەمەشای دانیاری دەکرد. دانیار، کە زۆر دوور لەو نەوەستا بوو، دەنگی کەریمی بە باشی دەژنەوت، بەوپەڕی نائومێدی چاوی بڕی بووە جەمیلە.

لەم کاتەدا چەند کەسێك لە هاوشاریانی کەریم کە لەو ناوە بوون، ناسیانەوەو ئەوانی تریان ئاگادار کردەوەو کۆمەڵێك لە دەوری خڕ بوونەوە, کەوتنە پرسیار لە وەزع‌و حاڵی ئەو خزم‌و کەسوکارو ئاشنایانەیان کە لە شەڕگە بوون. بەڵام بەر لەوەی کە جەمیلە خودا حافیزی لە کەریم بکات، دانیار خۆی پێنەگیرا، سواری گالیسکەکەی بوو و بە چوار ناڵە لە وێستگەکە دەرچوو. هێندە بە خێرایی ڕۆیی لە دوای خۆیەوە گەردەلوولێکی هەستاند. ئەو چەند کەسەی کە لەو ناوە بوون بە سەرسامی تەمەشایان دەکردو لە یەکتریان دەپرسی: "چ خێرە؟ بۆچی ئەم کوڕە لە پڕ شێت بوو، بە غاردان ڕۆیی؟".

من‌و جەمیلە لەلایەکەوە وەستا بووین،و تەمەشای عەرەبانەکەی دانیارمان دەکرد کە بەو خێراییە لە ئێمە دوور دەکەوتەوە. جەمیلە تیا مابوو، نەیدەزانی چ بکات. پێم گوت:



– با خێرا بڕۆین بە دوایدا!

جەمیلە بە پەستی گوتی:

– تۆ خۆت بڕۆ، بە تەنیا بڕۆ، واز لە من بێنە!

ئەمە یەکەمجار بوو کە لێکدی دابڕێین‌و بە تەنیا بڕۆین. دنیا گەرم بوو، سەروچاوی دەسووتاندین. زەوی لە ژێر تیشکی هەتاودا وەکو تەنوور دەگڕا، دەگەڵ زەردەپەڕی ئێوارەدا گەیشتینە هەورازەکە. دەقی گەرما بەرە بەرە دەشکا. هەتاو هەر ساتەی بە ڕەنگێ دەینواندو هێدی هێدی لە چیاکان ئاوا دەبوو. بەڵام لە دوا دەمدا کە هێشتا لە دەم کەل بوو، گەواڵە هەورە پەرتەوازەکانی بە ڕەنگێن نارنجی‌و ئەرخەوانی دەڕەنگاند. گەواڵە هەورەکان سات بە سات چڕتر دەبوون. بایەکی توندی دەهات‌و گەردو خاکی دەشت‌و بیابانەکەی بە گژ ئەسپەکاندا دەکرد، یاڵەکانی بەملاو بەولادا دەخست‌و بنجە بۆنخۆشکەی لە ڕیشەوە دەردێناو دەگەڵ خۆیدا دەیبرد. هەواکەی هەوای باوبۆران بوو. لە دڵی خۆدا دەمگوت: "تۆ بڵێی بباریێ؟".

هەستم بە تەنیایی دەکرد. دڵم تەنگ بوو. بە خوت‌و خۆڕایی قامچیەکەم بەسەر سەری خۆما بادەدا تا ئەسپەکان خێراتر بڕۆن. باڵندەو مێشەسی‌و هودەرەکان هەراسان بوو بوون‌و پەنایان وەبەر چاڵ‌و پەناو پەسێران دەبرد. هەندێجار لە دەشتە کاکی بە کاکییەکەدا بنجە ڕووەکی سەحرایی غەریبم دەبینی کە بەدەم گەردەلوول‌و گژەباوە لوولیان دەخوارد، پێموابوو ڕەشەبا ئەو بنچکانەی لە دەشتەکانی کازاخستانەوە بۆ ئێرە هێنا بوو. ئیدی لە سەرانسەری دەشتەکەدا باڵدار نەبوو باڵ ببزوێ. لە تۆ وایە دەشتەکە لە تاو گەرمای ڕۆژ هەراسی لێ هەڵگیراوەو دەمی بۆ باران کردووەتەوە.

کاتێ گەییشتمە گوندی دنیا تاریك بوو، بێدەنگی باڵی بەسەر هەموو شوێنێکدا کێشا بوو. دانیارم لە خەرمانگاکەدا نەبینی، لە پاسەوانەکەم پرسی، وەڵامی دامەوەو گوتی:

- دانیار رۆیی بۆ سەر روبارەکە، ئەوانی دیکەش هەموو چوونەتەوە بۆ ماڵی خۆیان. دنیا زۆر گەرمە، پیاو هەناسەی بۆ نادرێ. وا چاکە تۆش بڕۆیتەوە بۆ ماڵەوەو بەیانی بگەڕێیتەوە.

ئەسپەکانم بۆ لەوەڕگەکە بردو لەوێندەرەوە چووم بۆ سەر ئەو گردەی کە روبارەکەی بە بناردا دەڕۆیی. دەمزانی کاتێ کە دانیار دڵی دەگیرێ بۆ کوێ پەنا دەبات. رێك لەو شوێنەدا کە مەزندەم لێی دابوو دیتمەوە، ئەژنۆکانی مەحکەم گرتبوونە باوەش‌و سەری نابووە سەر ئەژنۆی‌و گوێی بۆ هاژە هاژی روبارەکە هەڵخستبوو.

دەمویست بچم لەلایەوە دانیشم‌و قسەی دەگەڵ بکەم‌و دڵی بدەمەوە، بەڵام ژێوان بوومەوە. بە چ زمانێك دەمتوانی دڵی بدەمەوە؟ گەڕامەوە بۆ خەرمانگەکە، لەسەر خەرمانە کایەك بە پشتدا راکشام‌و چاوم بڕییە ئاسمانی تاریك‌و بە هەور. بیرم لەوە دەکردەوە بۆچی دەبێ ژیان بەم ڕادەیە ئاڵۆزو نامەفهووم بێت؟

جەمیلە تا ئەو کاتە نەگەڕابووەوە، نەمدەزانی کێوە چووە؟ هەرچەندە فرە شەکەت بووم ,خەوم لێنەدەکەوت. لە دوورەوەو لەسەر چیاکانەوە هەورە بروسکە دەدرەوشایەوەو گرم‌و هۆڕی هەوران لە چیاو دۆڵو دەرو دەشتاندا دەنگی دەدایەوەو دیاربوو کە لەو بەر باران دەباری.



دوای سەعاتێك دانیار لە گردەکەوە هاتە خوارێ. وێڵو سەرگەردان بە خەرمانگاکەدا دەسوڕایەوە، لێرەوە بۆ ئەوێ دەڕۆیی. ناو بە ناو تەماشایەکی رێگاکەی دەکرد، رەنگە چاوەڕوانی جەمیلە بووبێ. سەرەنجام ئومێد بڕ بوو، هات لەسەر خەرمانە کایەك بە پشتدا پاڵ کەوت. تەمەشای تاریکییەکەی دەکرد. لە دڵی خۆدا دەمگوت کە دانیار چیتر لەم گوندەی ئێمەدا نامێنێ، چونکە دەزانێ کە سادق بەو زووانە دەگەڕێتەوە. بەڵام دانیار کوێی هەیەو، دەیتوانی بۆ کوێ بڕوات؟ کابرایەکی تەنیاو بێکەس بوو. بەرە بەرە شەکەتی بەسەرما زاڵ بوو. پێڵوی چاوانم قورس بوون و هاتنەوە یەك. گوێم لە دەنگی پێچکەی عارەبانەیەك بوو کە لە ئێمە نزیك دەبووەوە.

نازانم چەند سەعات خەوتبووم، هەستم کرد لە شوێنێکەوە پرژە ئاوم بەر سەروچاو دەکەوێ. هێشتا گێژ بووم. دنیا هەر گەرم‌و نمناك بوو. وردە وردە وەئاگا هاتمەوە، سەیرم کرد جەمیلە دەستەسڕێکی بە دەستەوە بوو، جار جار بە مەبەستی خۆ فێنك کردنەوە دەموچاو و گەردنی پێ تەڕ دەکردو هەندێجاریش دەستەسڕەکەی لە نێو هەردوو دەستیدا دەگوشی‌و بێئەوەی ئاگای لێ بێ، پرژە ئاوەکەی بەسەرو چاوی مندا دەپرژا. خۆم کردە خەو. دیتم جەمیلە رۆیی‌و لە پاڵ دانیاردا دانیشت‌و بە ئەسپایی پێی گوت:

- دانیار، نەمتوانی بێ تۆ هەڵبکەم.

ئیدی گوێم لە هیچی تر نەبوو. خامۆشی باڵی بەسەر هەموو شوێنێکدا کێشا بوو. هەندێجار لە دووری دوورەوە دەنگی هەورە گۆڵە دەهات... دیسان خامۆشی باڵی بەسەر دنیادا کێشا. لە پڕ کەستەکێك کەوتە

رووبارەکەوەو بۆ چەند چرکەیەك بێدەنگیەکەی شڵەقاند... دوای چەند دەقیقەیەك دووبارە گوێم لە جەمیلە بوو کە دەیگوت:

- هەر من خەتابار نیم، تۆش خەتات هەیە.

شۆقی بروسکەیەك ئاسمانی رووناك کردەوە، لەبەر رووناکی بروسکەکەدا لایەکی رووی جەمیلەم بینی. جەمیلە دەیڕوانیە دەوروبەرو ئەو ناوەی تاقی دەکردەوە. لە دانیار نزیکتر بووەوە. خۆی بەسەریا دا هەردوو شانی لە نێوان هەردوو دەستی دانیاردا دەجولان، ئیدی لە نزیکی ئەوەوە لەسەر خەرمانە کایەکە نووست.

گژەبایەکی گەرم لە دەشتەکەوە هێروە دەهات، هەندێجار لوولی دەخواردو خۆی بە دیواری شڕە کابینە دارینەکەی نزیکی خەرمانگاکەدا دەکێشاو لەوێوە دەهاتو لە خەرمانە کاکانی دەداو لەگەڵ خۆیدا دەیبرد. جارێکی دی شریخەی هەورە تریشقەیەك بەرز بووەوەو بڵاچەیەك ئاسمانی رووناك کردەوە. گژەباکە بوو بە تۆفان. تۆفان لە هاوێندا هەم ترسناکەو هەم خۆشە.

گوێم لە جەمیلەیە کە بە ئەسپایی دەڵێت:

- موویەکی قژی تۆ بە هەموو دنیا ناگۆڕمەوە. سادق ناتوانیٚ وەکو تۆ خۆشی بوێم. نامەکەیم خوێندەوە. وەکو هەمیشە لە کۆتاییدا دوو وشەی نووسی بوو کە سڵاو بە هاوسەرەکەم بگەیەنن. من ئەم جۆرە خۆشەویستیەم ناویٚ، ئیدی لۆمەکاران چ دەڵێن با بیڵێن. بەڵام من حەزدەکەم دڵدارەکەم، خۆشی بوێم، بمپەرستیٚ، بە هەموو دنیام نەگۆڕێتەوە... عەزیزەکەم!... نایەڵم بە تەنیا لێرە بڕۆیت... دەمێ بوو چاوەڕوانی پیاوێکی وەکو تۆ بووم



کە ئاشقم ببیٚ... رێك لە کاتی خۆیدتا هاتیت، دەڵێی زانیوەتە کە چاوەڕوانی تۆم!

ناو بە ناو ئاسمان بڵاچەیەك دەداتو دنیا رووناك دەکاتەوە، لە تو وایە لە ئاسمانەوە ڕادەخوشێتو خۆی بە روباکەدا دەکات. هەستم بە دڵۆپە بارانی درشت لەسەر رووم کرد. باران بەسەر خەرمانە کاو قرشەدا دەباری. بارانەکە توندتری کرد. باوبۆران ئاوێتەی یەکتر بوو بوون. گوێم لە دانیار بوو بە ئەسپاییو لە بن لێوانەوە ناسکترین وشەی بە گوێدا دەداو دەیگوت:

- جەمیلەکەم!... جەمیلەی من!... ئازیزەکەی دڵم!... منیش لە مێژە خۆشم دەوێی، لە سەنگەریش دابووم هەر خەوم بە تۆوە دەبینی، دەمزانی خۆشەویستەکەم لە وڵاتی خۆمدایە، خۆشەویستەکەم تە نیا تۆیت!... دەی ڕووم تێبکە با چاوانت بدینم!

ناوی جەمیلەی بە زمانی کازاخی دەبرد، ناوی جەمیلەی بە زمانی قەرغیزی دەبرد، ئەگەر زمانێکی دیکەی زانیبا، "جەمیلەکەی من"ی چوون ئاشقان بەو زمانەش دەبرد. جەمیلەش ئەوەی دەیوست. باوبۆرانەکە توندی کردبوو. لبادی سەقفی کابینە دارەکەی هەڵکەندبوو، و لە کەنار خەرمانگاکەدا وەکو باڵی باڵندەیەك بەرزو نزم دەبووەوە. بارانەکە توندی کردبوو، و دەشتو دەرە وشكو تینووەکەی پاراو دەکرد. ئاسمان لە ترۆپکی چیاکانەوە بڵاچەی دەداو گرمو هوڕی هەورو هاژەی با بۆ ساتێك ئارامی نەدەگرت.

من لە نێو کۆمە کایەکەدا نقوم بوو بوومو تەنانەت لەو هەراو هەنگامەی باو بۆرانەشدا گوێم لە دەگی دڵی خۆم دەبوو. وەکو نەخۆشێك وابووم کە تازە

لە جێگا هەستابێتەوەو هەست بە خۆشی بکات. باو بۆران دەستبەردارم نەدەبوو. بەلام من لە نێوان خەو و بێداریدا بووم‌و لە گەرمەی هەراو هەنگامەی ئەو باو بۆرانەشەوە چپە دووی ئاشقانەی جەمیلەو دانیارم دەژنەوت.

هاوین بەرەو کۆتایی دەچوو، پاییز بەڕێوە بوو. بۆنی بۆنخۆشکە ئاسمانی پڕ کردبوو. نەمدەزانی پاییزی ئەو ساڵە چی پێیەو بە چ بویەرو رووداوانێك ئاوسە؟ لە بیری هیچ شتێکدا نەبووم، تەنانەت بیرم لە سبەیش نەدەکردەوە.

❊❊❊



ئەو پاییزە، دوای دوو ساڵ دابڕان، دووبارە چوومەوە بۆ قوتابخانە. عەسران هەندێجار دەچووم بۆ سەر گردەکەی کەنار روبارەکە. هەندێجار لە گۆشەیەکی ئەو شوێنەی کە جاران خەرمانگا بوو، و ئێستا چۆڵ‌و هۆڵ بوو. دادەنیشتم‌و نیگارکێشیم دەکرد.لەوێدا یەکەمین تابلۆی زەیتی خۆمم کێشا کە بە دڵی خۆم زۆر باش نەبوو. پێم وابوو خەتای بۆیەکانە، بۆیەی باش نەبوون، بۆیەی باشم لەبەر دەستدا نەبوو. بەڵام وا دیاربوو عەیبی کارەکە لە شوێنێکی تر نەبوو. چونکە لەو رۆژانەدا تەنانەت بۆیەی چاك و خراپم لێکدی جیا نەدەکردەوە! ساڵانێك لەوە دوا کە بۆیەی باش‌و پەسندم لە تیوپی چکۆلەی کانزاییدا بینی، ئەوسا بۆم بە دیارکەوت کە ئەم بۆیانە لە کوێ‌و ئەوانەی ئەوسا لە کوێ!

مامۆستاکانی قوتابخانەکەمان پێیان دەگوتم کە نیگارکێشی هەوانتە نیە، هونەرە هونەر، دەبێ زەحمەتی لە پێناودا بکێشی‌و بخوێنرێ و وردەکارییەکانی فێر ببی. بەڵام لەو سەروبەندەدا چۆن دەمتوانی بۆ شار بڕۆم‌و لە هونەرخانەیەکدا نیگارکێشی فێر ببم؟ برایەکانم لە شەڕگەدا بوون‌و هیچ هەواڵێکمان نەدەزانین. دایکم قاییل نەدەبوو کە تاقە کوڕەکەی، خۆی گوتەنی تاقە پیاوی راستەقینەی ماڵباتەکە بۆ فێربوونی نیگارکێشی بۆ شار بنێرێ.

خۆیشم زۆر دڵم پێوە نەبوو پاییزی جوانی گوندەکەمان بە جێبێڵم‌و بۆ شار بڕۆم.

پاییزی ئەو ساڵە، لە ساڵانی پێشوو جوانتر بوو. ڕەنگە جۆراو جۆرو عەنتیکەکانی سروشت، سیحرو ئەفسوونێکی دڵگیریان هەبوو. کاتێ کە دەچوومە سووچێکەوە تا نیگارێکی سروشت بکێشم، کە تا چاو بڕی دەکرد هەر جوانی‌و جوانی بوو، حایر دەمام‌و زیاتر بۆم دەردەکەوت کە دارو بەردی ئەو خاك‌و وڵاتەم چەند لەلا شیرینە.

وەرزی پاییز بوو، ئاوی کورکوریو کەمی کردبوو، خەنەتیفك بەردی کەنار روبارەکەی داپۆشی بوو. سەرمای زوو ڕەس، بەرەبەرە گەڵای دار بیەکانی دەوەراند، بەڵام سپیدارەکان هێشتا گەڵا زەردەکانیان پێوە مابوو.

لە درزی سەرووی چادرو خێوەتە بۆرەکانی شوانانەوە دووکەڵێکی شینباو بەرز دەبووەوەو دەچوو بە ئاسماندا. جوانووی لەڕو لاواز، لە پاوانەکاندا بەدووی مایەنەکاندا غاریان دەداو دەیانحیلاند. مەڕو پەزان بەرەڵڵای نێو پەرێزان کرابوون‌و جێ سمی چوارپێیان بەسەر کوێرە ڕێگاکانی دەشت‌و بیابانەکەوە نەخش بوو بوو.

هێشتا هەوەڵی پاییز بوو کە لە پڕ دنیا ساردی کردو هەوران بەری ئاسمانیان گرت. هەندێجار باران دایدەکردو بۆ چەند سەعاتێك بەردەوام دەبوو. ریش سپییانی گوند پێشبینی ئەوەیان دەکرد کە ئەمساڵ زووتر لە ساڵان بەفر دەکەوێ. بەڵام هەندێ ڕۆژ دنیا خۆش‌و ئاسمان ساف دەبوو. دەمەو ئێوارانی یەکێك لەو ڕۆژە خۆشانە چووم بو کەناری روبارەکەو لە بن دار بییەکدا، لەو ئاستەدا کە روبارەکە تەنك دەبووەوە، دانیشتم‌و چاوم بڕییە ئاوە ڕەوانەکە.



دەمەو ئێوارەیەکی درەنگ، لە بوولێڵەی خۆراوادا، دوو نەفەرم بینی کە لە بوارەکەیان داو بەرەو ئەوبەری روبارەکە ڕۆییشتن. زۆریان لێوە دوور نەبووم. هەردووکیانم ناسییەوە، جەمیلەو دانیار بوون. دانیار پاڵتۆیەکی کۆنی سوپایی کۆنی لەبەر بوو، جووتێ چەکمەی کاڵەوە بووی لە پێدا بوو، و کۆڵە پشتییەکی بە کۆڵەوە بوو. جەمیلە سەرپۆشێکی سپی بەسەرەوە بوو، کراسێکی گوڵداری لەبەر کردبوو، کۆڵوانەیەکی گەورەی بە شانیا دابوو و بوخچەیەکی گچکۆکەی بە دەستەوە بوو. بە جووتەو بەدەم ڕێوە قسانیان دەکرد، تا گەیینە باریکە ڕێگایەکی نێو دۆڵەکە نیگام لێ نەگواستنەوە. نەمدەزانی چی بکەم. بانگیان بکەم؟ دەنگم دەرنەدەهات. هەناسەم سوار بوو بوو. هەتاو کە لە کەل ئاوا بوو بوو، دوا تیشکی خۆی لە بەرۆکی هەورەکان دەدا. دنیا بەرە بەرە تاریك دەبوو، و جەمیلە و دانیار بەرەو دوو ڕیانی هێڵی قیتاران دەڕۆییشتن. بۆ تاقە جارێکیش ئاوڕیان لە گوندەکە نەدایەوە. دوای ئەوەی کوێرە ڕێیەکەیان بڕی، گەیینە دەوەنە جاڕێك‌و کەوتنە نەدیوی‌و لە چاو ون بوون.

نەمدەتوانی لەوەی پتر قڕوقەپ دانیشم، غارم داو هاوارم کرد:

- جەمیلە!.... هۆوو!...

بانگەکەم لە قوڵایی دۆڵەکەدا دەنگی دایەوە:

- جەمیلە!... هۆ وو وو !....

جارێکی دی، تا زارم گرتی بانگم لێکردن. هیچ وەلامێکیان نەبوو، بە تەنکاوێکی روبارەکەدا پەڕیمەوە ئەوبەرو بەرەو دۆڵەکە کەوتمە غاردان، سەراپام تەڕ بوو. هێندە پەشێوو پەرێشان بووم کە لاقم چوو بە چاڵێکداو

تەپ کەوتم بە عاریدا. هەر بەو دەقەوەو بێئەوەی سەر هەڵبڕم دەستم بە گریان کرد. تاریکی باڵی بەسەر دنیادا کێشا بوو، بەدەم گریانەوە جەمیلەم گاز دەکرد:

- جەمیلە!.... جەمیلە!...

کەس وەڵامی نەدەدامەوە. کەسێك نەبوو وەڵامم بداتەوە. باشترین دۆستانم لێم جودا بوو بوونەوە. لەو دەمەداو لە پڕێکا بۆم دەرکەوت کە ئاشقو شەیدای جەمیلەم،و جەمیلە یەکەمین ئەشقی مێردمنداڵی من بوو.

هێشتا بەو دەقەوە لەسەر عاردەکە کەوتبووم‌و هیچ بە نیاز نەبووم هەستم. جەمیلەو دانیار کوتوپڕ و بەبێ خەبەر لێم دابڕان، بێ خەبەرو بەبێ ماڵاوایی لێم جیا بوونەوە. بەڵام هەر لەو دەمەدا بوو کە خەیاڵاتی قۆناغی منداڵیەتیش ماڵاوایی لە من دەکرد.

دوای سەعاتێك بەو تاریکییە ڕێگەی ماڵێم گرتەبەر. حەوشەکەمان پڕ بوو لە خەڵکی، هەراو هەنگامەیەك بوو ئەوسەری دیار نەبێ. چەند کەسێك حازرو ئامادە بەسەر ئەسپەوە بوون. عوسمانم لە نێویاندا ناسییەوە. مەستی مەست بوو، بەسەر ئەسپەکەیەوە خۆی دەنواندو لا لا مووی دەکرد. لە پڕ دابەزی. پڕ بە زار هاوارو هەڕەشەی دەکرد:

- خێرا با بڕۆین بە گیریان بێنین! لە هەوەڵەوە دەمزانی ئەم کچەتیوە هەڵەو هەرزەیە، ئەم سووك‌و سەلیمە ئابڕووی تایفەکەمان دەبات، ئەگەر بیگرم بەم دەستانەی خۆم دەی خنکێنم، نایەڵم بەسەر دنیاوە بمێنێ. خوای دەکرد هەنگێ دادگا حوکمی ئیعدامی دەدام، باکم بە حوکم‌و ئیعدام نیە. نابێ بێڵین هەر هەردەگێڵێ بێت‌و ژنانی گوندەکەمان لە خشتە بەرێ‌و ڕەدووی بخات.



ئەگەر ئەو هەتیوەم بەردەست دەکەوێ، پارچە پارچەی دەکەم. خێراکەن بابکەوینە ڕێ!... لە وێستگەی قیتارەکە بێ، لە کێوو دۆڵان بێ، لە هەر شوێنێ بێ، لە بنی ئەرزیشدا بێ بە گیریان دێنین، بۆ کوێ دەچن!.

مات‌و حەیران تەماشام دەکردن، سەیرم کرد سوارەکان‌و لە پێش هەموویانەوە عوسمان، بە چوارناڵە بەرەو وێستگەی قیتارەکە رۆییشتن, بەرەو یەکانبڕی دووڕیانی هێڵی ئاسن نارۆن.. ئیدی خەیاڵم ئاسوودە بوو، چونکە جەمیلەو دانیارم بینی بوو کە لە دوو ریانەکەی ژوور ئاواییەوە، بەرەو شوێنێکی نادیار کە نەمدەزانی کوێیە دەڕۆییشتن. ئەوەندە عاجز بووم کە نەمدەزانی چیبکەم. چوومە ژوورەوە، خۆم خزاندە کونجێکەوەو پۆستینەکەی بابم بە خۆمدا داو جڵەوم بۆ فرمێسکان شل کردو بگری ئەمما گریان!

بۆ سبەینێ هەڵاتنەکەی جەمیلەو دانیار بوو بە داستان‌و کەوتە سەر زاران. هەر کەسەو لە ئاشێکی دەکرد. ژنانی گوند لە سووچێکدا کۆبووبوونەوەو هەر ژنەو بە زمانێ جەمیلەی سەرکۆنە دەکرد.

- ئەسڵەن ئەم کچە زەڕەیەك ئەقڵی نەبوو! ئەم ماڵباتە باشەی بەجێ هێشت‌و رۆیی.. بۆ کوێش؟... ڕەدووی کەسێکی بەدبەخت‌و بێ پەنا کەوت. بە خۆی لە قەی لە بەختی خۆی دا!..

- نازانم حەزی لە کوێی ئەم کوڕە کرد؟ ئەم کوڕە چ شتێکی هەبوو وا جەمیلەی بە دووی خۆیدا بکێش کردو بردی؟... تەنیا شڕە پاڵتۆیەك‌و جووتێ چەکمەی دڕاوی کون کونی هەبوو!

- برسێتیو دەربەردەری گاڵتە نییە. هەموو چەند ڕۆژێکەو جەمیلە وەئاگادێتەوە. هەنگێ تێدەگات چ ناماقوڵێەکی کردووە، بەڵام دوای ترێ خەپشەی بڕێ.
- خۆ سادق پیاوێکی باش بوو، سوار چاکێکی باش بوو، خانەولانەی هەبوو، ماڵو دارایی هەبوو. باشە جەمیلە ئەم کارەی بۆچی کرد؟
- ئەدی خەسووی بۆ نالێی؟ گەوهەرێکە لەو گۆڕە، هەموو دنیا بگەڕێی خەسوویەکی وا باش نابینییەوە. ئاخر بۆچی ئەم کیژە نەفامە خۆی خستە ئەم چالەوە؟ بە دەستی خۆی گۆڕی خۆی هەڵکەند، لەپێناوی هیچش!

تاقە کەسێك کە لەسەرانسەری گوندەکەدا لۆمەی جەمیلەی نەدەکرد من بووم. راستە دانیار جگە لە شرە پاڵتۆیەکو جووتێ چەکمەی کۆن هیچی تری نەبوو، بەڵام خاوەنی روحێکی مەزنو تەبیعەتو نەفسێکی بەرز بوو،و دڵبەستەو ئاشقی جەمیلە بوو. تەسەوری من وابوو کە ئەو جووتە پێکڤە بەختەوەر دەبن. بەڵام بەزەییم بە دایکمدا دەهاتەوە، چونکە دەگەڵ ڕەڤینی جەمیلەدا، تەواو داکەوتبوو، ئەو شادیو ڕەنگو ڕووەی جارانی نەمابوو، بە جارێ ورەی بەردا بوو. بە دزییەوە دەگریا، فرمێسکی دەڕشت. باوەڕی نەدەکرد ڤیانو ئەشق بتوانێ دابو نەریتی کۆنو یاساو رێسای باو تێك بشکێنێ. دایکم بە تەواوەتی کەسیرە بوو بوو. تا ئەو کاتە هەرگیز نەم دیتبوو دایکم داوا لە کەس بکات داوی بۆ بە دەرزییەوە بکات، بەڵام رۆژێك کە لە قوتابخانە هاتمەوە سەیرم کرد دایکم دەگریو دەستی دەلەرزێ. بەو حاڵەوە دەرزیو داوەکەی دایە دەستی منو ئاهێکی هەڵکێشاو گوتی:



- ها ئەو داوەم بۆ پێوە بکە... دڵم بە حاڵی جەمیلە دەسووتێ. لێرە رۆییو دەربەدەرو بەدبەخت بوو. ژنێکی باش بوو، چەندم حەزدەکرد رۆژێ لە رۆژان ببێ بە کەیبانۆی ماڵباتەکەمان. نازانم بۆچی بە ئێمە رازی نەبوو، بۆچی رۆیی؟ نازانم لێرە لەچی کەم بوو، ماندوو دەبوو؟ نازانم.

هەڵچوو بووم، خەریك بوو دەست بکەمە ملی دایکمو هێوری بکەمەوە، دڵی بدەمەوەو هەموو شتێکی لە سیری تا پیازی بۆ بگێڕمەوە، بەڵام باش بوو کە ئەم کارەم نەکرد. ئەگەر بە دایکم بگوتایە دانیار گەنجێکی باشەو ئەو جووتە پێکڤە بەختەوەر دەبن، بێگومان لێم دەڕەنجا. هەستی بەوەش دەکرد کە من ئاگام لە هەموو شتێك هەبووەو لەم مەسەلەیەدا هاودەستی جەمیلە بووم.

دوای دوو سێ هەیڤان سادق بۆ گوند گەڕایەوە.خەمبارو پەشێو بوو. بەڵام خۆی لە گێلی دەدا، هەندێجار پەنای وەبەر مەیگوساریو مەستی دەبرد،و دەردە دڵی دەگەڵ عوسماندا دەکرد:
- رۆیی چش. هاکا هەواڵی مەرگی بڵاوبووەوە. گوندەکەمان پڕە لە کیژی جوان. تاڵێکی قژی هەر یەکێکیان سەدی وەکو جەمیلە دێنێ.

عوسمانیش هاوخەمی دەگەڵ دەکرد:
- راستە! بەڵام من داخی ئەوە دەخۆم ئەو هەتیوە بەرەڵڵایەم بەردەست نەکەوت، ئەگەر بەر دەستم کەوتبا ورگم هەڵدەدەڕی. دوای کوشتنی ئەو، جەمیلەم بە قژ دەبەست بە کلکی ئەسپەکەمەوەو تامەیدانی گوندەکەی خۆمان ڕامدەکێشا... وا تەسەور دەکەم بەرەو باشوور رۆیی بن. لەوێ مەزرا پەموو زۆرە, بێگومان لە مەزرایەکی ئەوێندەرا کاری لۆکەچنی دەکەن.

لەوەشە چووبن بۆ کازاخستان... ئەو هەتیوە فێری ئەو جۆرە بەرەڵڵاییەیە. لە هەموو تەمەنیا هەر دەربەدەر بووە... بەڵام هەموو ئۆینەکە لە ژێر سەری ئەم جەمیلە هیچ و پوچەدا بووە... ئەگەر بەر دەستم دەکەوت!...

قسەکانی عوسمان زۆری قەڵس دەکردم. دەمویست لێی ڕاپەڕم و بڵێم بیرتە ڕۆژەکە کە دروێنەی وێنجەمان دەکرد چیت بە جەمیلە دەگوت و دەستبەرداری نەدەبوویت، و جەمیلە چۆن هاواری بەسەرا کردیت، تەریقی کردیتەوەو ئابڕووی بردیت؟... لە بیرتە عوسمانی تۆڕی؟... هەی سووکی نەفس نزم...

❊❊❊



ڕۆژێ لە ماڵەوە دانیشتبووم و دیمەنێکی سروشتم بۆ دیوارنامەی قوتابخانەکەمان دەکێشا. دایکم سەر قاڵی چێشت و مێشت بوو. جگە لە ئێمە کەسی تر لە ماڵەوە نەبوو، لە پڕ سادق وەژوور کەوت. ڕەنگ بە ڕوویەوە نەما بوو. دەستەکانی دەلەرزین و گڕی تووڕەیی لە هەردووك چاوی دەبووەوە. بە بۆڵە بۆڵ بەرەو لای من هات و پەڕە کاغەزێکی خستە بەردەمم و گوتی:

- بڵێ بزانم، تۆ ئەم ڕەسمەت کردووە؟

حایر مابووم، ڕوانیمە نیگاری سەر پەڕە کاغەزەکە. ئەمە یەکەم ڕەسمی من بوو، ڕەسمی دانیارو جەمیلەم کێشا بوو. نازانم چۆن ئەم کاغەزە کەوتبووە دەستی ئەو. نەمدەتوانی حاشای لێبکەم. سادق بەقامك وێنەکەی دانیاری نیشان دام و پرسی:

- ئەمە کێیە؟

- ئەمە دانیارە

سادق پێی بەعاریدا کێشاو هاواری بە سەردا کردم:

- کەواتە هەموو ئۆینەکە لە ژێر سەری تۆدایە.. هەی ناپیاوی خیانەتکار!.

کاغەزەکەی هەڵگرت و پارچە پارچەی کردو لەماڵ وەدەرکەوت.

دوای بێدەنگییەکی درێژو قورس، دایکم لێی پرسیم:

- تۆ دەتزانی؟
- بەڵێ.

نیگایەکی پڕ گلەیی کردم، بەڵام هیچی نەگوت.ئیدی من گوتم:

- دایکە!... حەزدەکەم نیگارێکی تریان بکێشم. وێنەیەکی باشیانم لە زەیندا خەملێوە.

دایکـم خـەمگین بـوو و هیـچی نـەدەگوت. منـیش دەمڕوانیـە پارچـە کاغەزەکانی سەر عاردەکەو داخم دەخوارد. لە دڵی خۆمـدا دەمگـوت بۆچی سادق بە خیانەتکارم دەزانێ. خیانەتم لە کێ کردووە؟... ڕەنگە بـە بۆچـوونی ئـەو خیانـەتم لـە ماڵبـاتو تیرەکـەمان کردبـێ. مـن چـی بکـەم، ئـەو دووە بەڕاستی یەکیان خۆشدەویست، عاشقی یەکتر بوونو دەیانویست پێکڤە بژین. من ئەم حەقیقەتەم زانی بوو، و نەمدەویست بە گژ هەقیقەتـدا بـچم... بـەڵام نەمدەتوانی ئەم حەقیقەتـە بـە هـیچ کەسـێکو تەنانـەت بـە دایکیـشم بڵـێم. چونکە کەس لە زمانی من حاڵی نەدەبوو.

نەمدەتوانی نیگام لە پارچە کاغەزەکان بگوازمەوە. پارچـە کاغـەزەکان لـە بەرچاوم یەکیان گرتووەوەو من لـەو نیگـارەدا، جەمیلـەو دانیـارم لـەو تۆفـە شەوەی هاویندا دەبینی...و نهو ئەو جووتە لە گوندەکەی ئێمە ڕۆیی بوون تا ڕێگایەکی دژوار تـەی بکـەنو لـە شـوێنێکی دیـدا بـۆ بەختـەوەری بگـەڕێن، منیش لـە بـیری ئەمـەدا بـووم سـەری خـۆ هـەڵگرمو بـە دووی بەختەوەریـدا بگەڕێم. دەمزانی کە چ ڕێگایەکی سەختم لە بەردەمدایە، بـەڵام ناچـار بـووم ئەم ڕێگەیە بگرمە بەر.



چەند ڕۆژێك لەوەدوا بە دایکم گوت کە دەخوازم بۆ شوێنێکی تـر بـڕۆم. داوام لێکرد بە باوکم بڵێ دەمەوێ بۆ شار بڕۆمو لەوێندەر هونـەر بخـوێنم تـا بتـوانم ببم بە نیگارکێشێکی باش.

چاوەڕوانی ئەوە بووم دایکم لۆمـەم بکـاتو دەسـت بـە گریـان بکـاتو لـێم بپاڕێتەوە کە لە نك ئەو وەمێنم چونکە هیچ هەواڵێك لە براکانمـەوە، کـە لـە شەڕگە بـوون، نـەبوو، لـەوەش دەچـوو نـەمابنو هـەرگیز نەگەڕێنـەوە. بـەڵام دایکم نەگریا، بە دەنگێکی لەرزۆك گوتی:

- بڕۆ، بۆ کوێ دەڕۆی بڕۆ!... بێچووە مەلان کە باڵەفڕە بوون، ئیدی دەفـڕن. ناکرێ ڕێ لە فڕینیـان بگیرێـت... نـازانم تـا کـوێ دەتـوانی بفـڕی، چـەند بـڕ دەکەی. کێ دەزانێ، لەوەشە بگەیە ئەوجو تەشقان... لەوەشە نەتوانی... بـە هـەرحاڵ بـڕۆ... ڕەنگـە بڕۆیـتو بـەرە بـەرە هۆشـت بێتـە سـەرو بزانـی کـە نیگارکێشیو بۆیە لە کاغەز هەڵسوون نابێ بەنانو ئـاو!.... مـن ئـەقڵم بـەم شتانەدا ناشکێ. بڕۆو تا دەتوانی دەرس بخوێنـە. هیـوادارم بـە ئـاواتی خـۆت بگەی... بەڵام ئێمە لەبیر مەکە. جار جار بیرێ لە ئێمەش بکەوە!

حەزم نەدەکرد دایکم خەمینتر بکەم. بەڵام چـار نـەبوو، دەبوایـە ئـەو ڕێگـا سەختە بگرمە بەرو هەڕەمە پێش.

دوای چەند مانگێك بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندن بۆ شار چووم.

ئەمە ئەو چیرۆکە بوو کە دەمویست بۆتانی بگێڕمەوە.

***

له شاردا چوومه پەیمانگای هونەرە جوانەکان. دوای تەواو کردنی قۆناغی پەیمانگا بۆ ئەکادیمیای هونەریان ناردم. جا بۆ ئەوەی لەوێ وەربگیرێم، دەبوایە یەکێك لە تابلۆکانی خۆم عەرزی مامۆستایانی ئەم هونەرە بکەم تا هەڵی بسەنگێننو بڕیار لەسەر وەرگرتنو وەرنەگرتنم بدەن. جا بۆ ئەم مەبەستە لێبڕام نیگارێك بکێشم کە ساڵانێك بوو لە زەینو خەیاڵمدا دەژیا: نیگاری جەمیلەو دانیار، کە گوندەکەی ئێمەیان بە جێدەهێشتو بەرەو شوێنێکی نادیار دەڕۆییشتن.

جا ئەم تابلۆ چکۆلەیەی کە لەم چوار چێوە سادەیەدایەو چاوم تێی بڕیوە هەمان تابلۆو نیگارە: جەمیلەو دانیار لە وەرزی پاییزدا، بە باریکە ڕێیەکدا دەڕۆن، و لە کۆتایی ئەم باریکە ڕێیەدا تەنکە هەورێك سەری ئاسۆی گرتووە، بەڵام ئاسۆ لە هەمان کاتدا بەرینو ڕوونە.

ڕەنگە ئەم تابلۆیە لە رووی وردەکاری هونەرییەوە زۆر هونەرمەندانەو بەنرخ نەبێت، بەڵام بۆ من یەجگار ئازیزو خۆشەویستە. چونکە رۆژانێکم وەبیر دێنێتەوە کە قەت بیرم ناچنەوە، ئەو داستانە دڵداریەم وەبیر دێنێتەوە.

هێشتاش لە هونەری نیگارکێشیدا وەکو پێویست مەعلان نەبووم، هەندێجار دەکەومە گومانەوە کە رۆژێ لە رۆژان ببم بە نیگارکێشێکی



هونەرمەند، بەڵام لەو دەمە دژوارو سەختانەدا کە ئومێدو متمانە لە دەستدەدەم، تەماشای ئەم تابلۆیە دەکەم. جەمیلەو دانیار وەیاد دێنمەوە کە بەخۆشەویستی دەستیان پێکردو بە ئەشقەوە ڕێگەیەکی زۆر دژوارو ناهەمواریان گرتە بەر.

خۆزگە ئەو جووتە گوێیان لە هاوارەکەی من دەبوو، تا پێم گوتبان:

*"دۆستانی من!... من نازانم لە کوێنو چ دەکەنو ژیانتان چۆن دەقەتێ؟ بەڵام دەزانم کە خاكو سەرزەمینێکی بەیارو پانو بە رینمان هەیە، لە کازاخستانەوە تا سیبریا! لە هەر گۆشەیەکیدا خەڵکانێکی دلاوەرو زەحمەتکێش هەن کاردەکەنو لەبەر هیچ سەختیو دژوارییەکدا سەر دانانەوێنن. پێموایە کە ئێوەش لەم ساڵانەدا لە سووچێکی ئەم سەرزەمینە پانو بەرینەدا پەناگایەکتان دۆزیوەتەوەو خەریکی کارنو بەگژ سەختیو ناهەمواریيەکانی ژیاندا دەچن، بەڵام لە کام سووچ؟ لەکوێ؟ ... نازانم.*

*جەمیلە، جەمۆی من!... تۆ لەو ئێوارە وەختەدا، لەو ئێوارە نیمچە تاریکەدا هەر ئاوڕێکی پاشەوەت نەدایەوە کە تەمەشایەکی گوندەکە بکەی، تەمەشایەکی من بکەی کە چەند بە تاسەوە، چەند ئاشقانە گازم دەکردیت.. رۆییشتیو هەنووکە نازانم لە کوێیت، چۆنیتو چیدەکەیت. بە هەرحاڵ هێڤیدارم کە وەڕەزو بێتاقەت نەبووبی. ئەگەر وەڕەز بوویت، پشت بە دانیار ببەستە. پێی بڵێ با گۆرانیو سترانی دڵداری، ژیان، گۆرانی خاكو وڵاتت بۆ بچڕێت! ئەو دەشتە پانو بەرینە وەبیر بێنەوە کە گوڵە کێویلەو ڕەبەنۆکەکانی لە باوەشی بادا دەڕەقسن، ئەو شەوە هاوینەیە وەیاد بێنەوە. جەمیلەکەی من!... ئومێد بڕ نەبی! نەکەی نا ئومێد ببی! لەو کارەی کە کردت، لەو*

***ڕێگەیەی کە گرتتە بەر ژێوان نەبیتەوە! تۆ ڕێگای سەختو دژورای بەختەوەریت دۆزیوەتەوە. کەواتە زەڕەیەك دوو دڵ مەبە! هەڕنە پێش! بێگومان دەگەیتە مەخسەد!"***

لەم تابلۆیەدا کە تەمەشای وێنەی ئەو جووتە ئاشقە دەکەم گوێم لە دەنگی دانیارە کە گۆرانی دەڵێتو هانم دەدات کە ئاشقانە ڕێگەی دژواری هونەر بگرمە بەر. ئێستا کە لێبڕاوم بۆ چەند ڕۆژێك بۆ ئەو گوندە بڕۆمو لەوێندەر ڕەنگو دیمەنێن تازە کەشف بکەم، ئاواتە خوازم کە ئەگەر لەوێ وێنەیەکم کێشا، تابلۆیەکم ئەفراند، دەنگو ئاوازی ئاشقانەی دانیار، کە زەڕەیەك فێڵو ڕیای تیا نەبوو، جۆشو خرۆشی ئاشقانەی جەمیلە، کە ڕێگای نا ئومێدیو شکستی تیا نەبوو، بێ بە هەوێنیو جوانیەکی جاویدانیو نەمر پەیدا بکات.

<u>***تێبینی:***</u>

ڕۆژی ٢٠١١/٩/٢٠ لە سلێمانی، گەڕەکی ڕزگاری، سەعات هەشتو نیو لە پاچڤەی ئەم ڕۆمانە بوومەوە کە لەم سەرچاوەیەوە وەرگێڕدراوە.



- ***جمیله، چنگیز ایتماتف***

***ترجمه دکتر محمد مجلسی***

***چاپ اول پاییز ١٣٨٢***

***نشر دنیای نو***

***هەروەها سوودم لەم سەرچاوەیەش وەرگرتووە:***

- ***جمیله: ترجمه منیر سلیمان و جلیل کمال الدین***

***رسوم اناتولی بیلیوکن.***

***گبع فی الاتحاد السوڤییتی.***

**حەمە کەریم عارف**

* کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایك بووە.

- لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.
- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) رۆژنامەی هاوکاری لە ١٩٧٣/٦/٨ بڵاوبووەتەوە.
- لە ساڵی ١٩٧٥ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.
- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور،نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.

* جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك،نووسەری کوردستان، کەلتوور، رۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع ،هامون زێباری، با زەوان عەبدولکەریم بەرهەمی بڵاو کردووەتەوە.

*لە ساڵی ١٩٧٤ — ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی کوردستان بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی رەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە رۆڵەی میللەتی مەزڵوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.

- لە هەشتاکانەوە تا ٢٠١٠/٨/٢٠راستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.



- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردووەتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانەی لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاوبوونەتەوە،لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان رزگار بوون. هەندێك لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٧٩
٢- کۆچی سوور، رۆمان, چاپی یەکەم،١٩٨٨،چاپی سێیەم ٢٠٠٧
٣- بەیداخ، چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٨٨
٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك ،چاپی دووەم ٢٠٠٥
٥- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆك،چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان
٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگێڕان چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ
٧- نینا، رۆمان، سابت رەحمان، چاپی یەکەم،شاخ،١٩٨٥ چاپی سێیەم ٢٠٠٥
٨- نامۆ، رۆمان، ئەلبیر کامۆ، چاپی یەکەم، شاخ١٩٨٧چاپی چوارەم ٢٠٠٩ وەشانخانەی سایە،سلێمانی
٩- رێبەر، رۆمان، مەهدی حسین، چاپی یەکەم (شاخ) ١٩٨٣، چاپی دووەم، ٢٠٠٧
١٠-شکست، رۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راە کارگر)، چاپی دووەم، ٢٠٠٩ خانەی وەرگێڕان.
١١- هاوماڵەکان، رۆمان، ئەحمەد مەحمود، چاپی دووەم ٢٠٠٠ دەزگای گوڵان
١٢ — بێناسنامەکان، رۆمان، عەزیز نەسین، چاپی سێیەم ٢٠٠٦
١٣- قوربانی، رۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق
١٤- دوورە ولات، رۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گوڵان
١٥- ئازادی یا مەرگ، رۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران، چاپی دووەم: ٢٠٠٨
١٦- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، چاپی دووەم، ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر
١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥
١٨- ئەو رۆژەی کە ونبووم (کۆمەڵە چیرۆکی بیانی) چاپی یەکەم،٢٠٠٦
١٩- جێ پێ (کۆمەڵە چیرۆکی فارسی) چاپی یەکەم ٢٠٠٦ ،نووسەرانی کەرکوك
٢٠- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆك، چیخۆف،چ١ ،دەزگای موکریانی

٢١- چیرۆکستان ،کۆمەڵێك دەقورەخنەی جیهانی چ١ ،٢٠٠٥،نووسەرانی کەرکوك

٢٢-دیدارو دەقو رەخنە،چ٢٠٠٥،١

٢٣-دیداری چیرۆکڤانی، چ٢٠٠٥،١

٢٤-ئەو بەرخەی کە بوو بە گورگ ،چ٢٠٠٨،١نووسەرانی کەرکوك

٢٥- میوان، چیرۆك،ئەلبێر کامۆ

---

٢٦- مەسەلەی کورد لە عێراقدا،عەزیز شەریف،چاپی دووەم ٢٠٠٥

٢٧- مێژووی رەگ و رەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا،چ١٩٩٨١،١

٢٨- کورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی سێیەم ٢٠٠٤

٢٩- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان، چاپی یەکەم ٢٠٠٦

٣٠- کورد لە سەدەی نۆزدەوبیستەمدا،کریس کۆچرا،چاپی شەشەم ٢٠١١

٣١ –کورد لە ئینسکلۆپیدیای ئیسلامدا،چاپی یەکەم ١٩٩٨

٣٢- چینی کۆن، چ١(        )دەزگای موکریانی

---

٣٣- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهقانی

٣٤- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە

---

٣٥- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر

٣٦- بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)

٣٧- جولەکەکەی ماڵتا، شانۆنامە،کریستۆفەر مالرۆ.

٣٨- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ

٣٩- بەد حاڵی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.

٤٠- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غوڵام حسەینی ساعیدی)

٤١- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.چاپی یەکەم ٢٠٠٩، بڵاوەخانەی سایە، سلێمانی

٤٢- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵڵائەلبوسێری..

---

٤٣- منداڵە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ منداڵان.

٤٤- فاشیزم چییە؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ منداڵان، یەڵماز گونای



٤٥- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ منداڵان

٤٦- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ مناڵان)

٤٧- چەند چیرۆکێك لە ئەفسانەی یونانی کۆنەوە (٢٣ئەفسانە)

---

٤٨- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە. (ئەفسانەی ئەسپی ئاشق)چاپی یەکەم٢٠٠٨

٤٩- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر

٥٠- ئیلیادە، هۆمیرۆس، چ١،دەزگای سەردەم ٢٠٠٩

---

٥١- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی – کوردی) حەمە کەریم عارف، چ١(٢٠٠٦-٢٠٠٨)دەزگای موکریانی

٥٢-چۆنیەتی فێربوونی زمانی فارسی، چ١، ٢٠٠١

---

٥٣- چرنیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس

٥٤- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.

٥٥- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.

٥٦- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی

٥٧- گوگول، نووسەری ریالیست

٥٨- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی

٥٩- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی

٦٠- خافروغ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

---

٦١- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گوڵان

٦٢-راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف،چ(١)،٢٠٠٥

---

٦٣- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٤- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (لە سەردەمی رینیسانسەوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٥- مێژووی ئەدەبیاتی جیهان (ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکاو ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).چاپی یەکەم٢٠٠٨

٦٦- ریالیزم‌ودژە ریالیزم لە ئەدەبیاتدا،سیروس پرهام،چ٢٠٠٤،١،دەزگای سپیرێز

٦٧- قوتابخانە ئەدەبییەکان،رەزا سەید حسەینی، چ٢٠٠٦،١دەزگای موکریانی

٦٨- مێژووی ئەدەبیاتی روسی، سەعیدی نەفیسی

٦٩- لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، لویس ریی ،چ٢، ٢٠٠٦

٧٠- هونەروژیانی کۆمەڵایەتی، بلیخانۆف، چ١(٢٠٠٥)دەزگای موکریانی

٧١- گوزارشتی مۆسیقا،د. فواد زکریا، چ١،یانەی قەڵەم ٢٠٠٦

٧٢- رێبازە هونەرییەکانی جیهان

٧٣- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت،(چ١) ٢٠٠٦

٧٤- دەربارەی شیعروشاعیری، حەمە کەریم عارف، چ٢٠٠٧،١

٧٥- دەربارەی رۆمانو چیرۆك، حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٨

٧٦- مەرگی نووسەرو چەند باسێکی دیکەی ئەدبی-رۆشنبیری،حەمەکەریم عارف،چ١، ٢٠٠٥نووسەرانی کەرکوك

٧٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف، (چ١) دەزگای موکریانی،٢٠٠٩

٧٨- پەیڤستانی من، حەمە کەریم عارف،چاپی یەکەم()

٧٩- پەڵکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف،چ١، ٢٠٠٤

٨٠- خیانەتی حەڵاڵ، حەمە کەریم عارف

٨١-بووکی هەزار زاوا، کۆچیرۆك، بزورگی عەلەوی

٨٢-ئەبوزەر، د.عەلی شەریعەتی

٨٣-ریوایەت, رۆمان, بزورگی عەلەوی

٨٤-وقفات فی رحاب الپقافە الکوردیە, حەمە کەریم عارف

٨٥-هەژاران, رۆمان, دوستوفسکی

٨٦-دەیڤد کۆپەرفیلد, (رۆمانی کورتکراوە بۆ نەوجەوانان) چارلس دیکنز

٨٧-ئۆدیسە, داستان، هۆمیرۆس

٨٨-ڤل الصوت و قصص اخری, تقدیم و ترجمە جلال زنگابادی

٨٩-شازادە و گەدا, رۆمان, مارك توین



٩٠-توحفەنمای ئەدەبیاتی جیهانی

٩١-سفرەی فەقیران   حەمە کەریم عارف

٩٢-باڵندەکەی من    رۆمان، فریبا وفی

٩٣- نامەکانی تولستۆی

٩٤- جەمیلە, رۆمان    جەنگیز ئایتماتۆف

٩٥- حەفتا چیرۆکی چینی بۆ منداڵانی کورد

* لە راپەڕینەوە تا نهوو چالاکانە بەشداری بزاڤی ئەدەبی و رۆشنبیریی کوردی دەکات وبەرهەمی هەمە جۆر (نووسین و ئامادە کردن و وەرگێڕان) بڵاودەکاتەوە..

* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپکردنەوە و هەر کەس و گروپ و لایەن و دەزگایەك تەماحی بڵاو کردنەوەی هەبن, دەبێ پرس بە نووسەر بکات...